# ئابووری هەرێمی کوردستانی عیراق
## لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری یە لەسەرهەرێمی کوردستانی باشوور

خەسرەو پیربال

کوردستان ٢٠٠٢

ئێستا کاتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە

www.kurdistannet.org

**" ئـەی مـیللەتی کـورد: ئێسـتا کـات و دەمـی کارکـردنە، کـاتی ئاوەدانکــردنەوەی کوردســتان و دامــەزراندنی پیشەســازی و دروســتکردنی هونــەرە، بــەم شــێوەیە، ئێمە دەتوانین خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین و ، ژیان لە وڵاتی خۆماندا خۆش بکەین."**

**بارزانی نەمر**

**لە ١ی تەمووزی ١٩٧٠**

www.kurdistannet.org

- **کتێب: ئابووری هەرێمی کوردستانی عیراق**
- **لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری یە لەسەر هەرێمی کوردستانی باشوور**

- نووسەر : خەسرەو پیربالّ
- چاپی یەکەم: کوردستان- هەولێر ٢٠٠٢ , ژمارەی سپاردن: ٥٢١ وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان
- چاپی دووهەم: ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org

پێشکەشە بە فەرەنسۆ هەریری و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان,

پێشەکی :

( لە لایان خاتوو پڕۆفیسۆر کارۆڵ ئۆلرێ نووسراوە )

لە ماوەیی دەساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەوڵ و توانایەکی زۆری بە کارهێناوە بۆ وەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی شارستانی یەکگرتووی بەختەوەر , وە دامەزراندنی بنکەکانی دیموکراسی, وە ئەمەش بۆ یەکەم جارە لە مێژووی عێراقدا.

ئەم گۆڕانکاریانەش کە لە بوارەکانی دیموکراسی و ئابووری و داراییدا لە کوردستانی عێراقدا ڕوویداوە, لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هاتە ئەنجام و بەرهەم, بە بەراورد کردن لەگەڵ مێژووی دوورو درێژی فەرمانڕەوایی حکومەتی عێراق.
بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا, کە ئەو گۆڕانکاریانە زۆر پوختە و کاریگەربوون, لە ماوەیەکی زۆر زوو هاتە دی بەلاّم, کارامە و بەرهەمەکانی زۆر سروشتی بوون, کە هەروەك خەڵکی کوردستانی عێراق, بیانەوێ ئەم دە ساڵەی پاش ڕاپەڕینیان تەرخانکردوە بۆ چەسپاندنی توانا و لێهاتویی خۆیان, بۆ هەموو هاووڵاّتیانی عێراق و خەڵکی دەور و بەرو ناوچەکە و جیهان.

بواری نائاسایی ناوچەکە و کۆمەڵگای جیهانی, ئاستەنگەکانی سانسۆر کردنی سەربەستی و مافەکانی ، هەڕەشەو گوڕەشەی مەترسی بەردەوام و یاسا بەزاندن و سەرپێچیکردنی ، هەموو ئەوانە بەربەستێکی کاریگەر بوون دژ بە یەکەم هەڵهێنانی هەنگاو بەرەو دیموکراسیەت و کۆمەڵگایەکی شارستانی و ئابوورییەکی دروست و ڕەوا لە ناوچەکەدا .

بەڕێز خەسرەو پیربال لە لێکۆڵینەوەکەیدا ، بە ڕاستی و ڕاشکاوی بەرەو گەشە سەندنی بوارەکانی : ئابووری ، ڕۆشنبیری و ڕامیاری کوردستانی عیراقی لە ماوەی ئەم دەساڵەی ڕابوردوودا هەر لە ساڵی ١٩٩١ خستۆتە ڕوو .
لێکۆڵینەوەکەی, سەرچاوەیەکی گرنگە کەڵك و کاریگەرییەکی چاکی هەیە بۆ یارمەتی خوێندکارانی بیانی ، ڕامیارمەندان ( سیاسەتمەداران ) وە هەروەها دەستەو کارمەندانی بازرگانی لێکۆلینەوە
تۆژینەوەکەی بەڕێزیان لەبارەی کاریگەری و سوودمەندی پرۆگرامی ( نەوت – بەرامبەر خۆراك ) ، کە بە پێی بڕیاری نێونەتەوەیی ژمارە ٩٨٦ (UN / SCR/986 ) هاتە کایەوە لە ناوچەکەدا بە تێرو تەسەلی ڕوونی کردۆتەوە, کارێکی گرنگ و سوودمەندی بە خەڵکی ناوچەکە بەخشیوە هەروها پێداگرتنی لەسەر ئەوەی ، کە پێویستە لەسەر ئەمەریکاو سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو نەتەوەیی کاتی ووتووێژ لەبارەی چاکسازی ئەو بەرنامەیە بە تەواوی, پشتگیری تەواوی ئەوە بکەن ، کە پێویستە هەرێمی کوردستانی عیراق ، بە بەردەوامی (١٣٪ ) ی داهاتی نەوتی عیراق لە بەرنامەی سزا زیرەکەکان وەر بگرن و داواو پێداویستییە تایبەتییەکانی نزیکەی (٤) ملیۆن دانیشتوانی هەرێمی ناوبراو زۆر بە هەند وەربگرن و دابینی بکەن .

لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو نەتەوەیی ناتوانێ بەغدا مل کەچ بکات ، بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ناوبراو و وای لێ بکات کە پێداویستییەکانی گەلی عیراق لە خۆراك و دەرمان و کالا هەمەجۆرەکان بە شێوەیەکی یەکسان و تەواو بگەیەنێتە سوودمەندەکانی بەرنامەکە ، کەوا لە ژێر دەستیدان ، جا لەبەر ئەوە ئەو ناتوانێ ( مەبەستمان حکومەتی عیراقە) ، هیچ چاکسازییەکی باش وەدی بهێنێ بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەکە لە کوردستاندا .

بۆ وێنە کرێ و مووچەی کاربەدەستان و فەرمانبەر و مووچەخۆری ڕێکخراوی نێو نەتەوەیە بدات بە پێی ئەو ڕاژەی کە لە بڕیاری بەرنامەی ناوبراودا دەستنیشان کراوە، هەروەها ئەو پرۆگرامە پێویستە پاداش و یارمەتییەك و هاندانێکی سەردەمی دابین بکات بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکان ، کارمەندانی تەندروستی و هەروەها کارمەندانی کارگوزارییە گشتیەشارستانیەکان لە ناوچەکەدا.

ڕیکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە لە کوردستانی عیراقدا ئەو ئەرکانە جێ بەجێ بکەن ، کە لە وڵاتانی تر ئەنجامیانداوە بۆ بووژاندنەوە . ئەوانە پێویستە پشتگیری گەشە سەندنی هەموو کارگوزارییە گشتیەکان و دروستبوونەوەو چاکسازییەکان بکەن ، بە هاوکاری و پشتیوانی و دەست لە ناو دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان .
کاتێ وڵاتە یەکگرتووەکان بیر لە چاکسازی یاساو ڕێسای سزاکان ئەکەنەوە ، پێویستە تایبەتمەندی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عیراق پشت گوێ نەخەن ، چونکە لەوانەیە کوردەکان ڕۆژێ لە ڕۆژان هەودای بواری دیموکراتییەکەیان پەرە پێ بدەن و هەموو ڕووبەری عیراق دابپۆشێت ، لەسایەی سێبەری یاساو ڕژێمی دیموکراسیە تازەکەیاندا.

لە کۆتایی دا دەڵێم :– هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی ، کە لە دە ساڵی ڕابوردوودا بە ئەنجام گەیشتووە ، هیچ مانایەك نابەخشێ و بێ سوود ئەبێت ، ئەگەر بێت و ناوچەی دژە فڕین نەپارێزرێ و بە بەردەوامی داکۆکی تەواوی لێ نەکرێ ، بە شێوەیەکی ئەوتۆ ، کە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە خەڵکی ئەو ناوچەیە خواستیارو چاوڕوانی ئەو داوایە ئەکەن کە ناوچەی دژە فڕین زیاتر گرنگی لێ بکرێ و فراوانتر بکرێ و بە تەواوی بپارێزرێت .

لێکۆڵینەوەکەی بەڕێز خەسرەو پیربال :– تەنیا زانیاری کاریگەرو بە سوود نین ، بەڵکو زانیارییەکانی, جگە لەوەش هاندەرێکی ڕێك و پێکن ، لە گیانی گەشبینی ئایندەو ووزەو وریایی ئەورووژێنێ وەك هەموو لاوێکی کوردی ڕۆشنبیری پێگەیشتووی سەردەمی تازەی نەوەی کورد ، هەوڵی داوە دڵسۆزانە کارگوزاری کۆمەڵگاکەی بکات و بە شێوەیەکی سوودبەخش و زانستیانە. کورتەیەکی لێکۆڵینەوەی باری ئابووری کوردستانی عیراق ، بە ڕاستی پەنجەرەو دەروازەیەکی ڕووناك و پێویست لەسەر ناوچەیەکی زۆر تایبەت ئەکاتەوە، ئەو ناوچەیەی کە نەتەوەی کوردی تێدا ئەژی ، هەرچەندە لە هەموو لایەکەوە ماوەیەکی زۆر لەژێر چەپۆکی



www.kurdistannet.org

سـامناکی و کوشتن و برین و پێکدادانـدا خۆیان ڕاگرتووه و داکۆکی له مان و نه‌مانی خۆیان ئه‌که‌ن له ناو جه‌رگه‌ی ئه‌و خۆڵه‌مێشه‌دا و ئـه‌و بـارو دۆخـه ناهـه‌مواره‌دا ووزه‌یـه‌کی ڕۆشـنداری ئـاره‌زووی فه‌رمانـره‌وایه‌کی تـه‌واو دروسـت و تێـنویه‌کی دیموکراسـیه‌ت و ڕۆشنبیریه‌کی سه‌رده‌م به‌رز بۆوه ، نه‌ك هه‌ر بۆ کوردستانی عیراق ، به‌ڵکو شایانی ئه‌وه بێت که له هه‌موو عیراقدا په‌یڕه‌و بکرێ.

پرۆفیسۆر : کاڕۆڵ ئۆڵرێ

**٦ی نۆڤه‌مبه‌ری ٢٠٠١ – زانکۆی ئه‌مریکی –واشنتۆن**

ئه‌م پیتانه‌ی خواره‌وه ئاماژه به‌مانای به‌رامبه‌ریان ئه‌کات:–

پ . د ك : پارتی دیموکراتی کوردستان

ح. هـ. ك : حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان

ئا. ت : ئاخاوتنی تێگه‌یشتن

ی. ن. ك : یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان

ئه. ئا : ئه‌نجومه‌نی ئاسایش

ن . ب . خ / ٩٨٦ : نه‌وت به‌رامبه‌ر خۆراك / ٩٨٦

ر. ن . ح : ڕێکخراوه نا حکومییه‌کان

ر. ن : ڕێکخراوی نێو نه‌ته‌وه‌یی (نێو ده‌وڵه‌تی)

www.kurdistannet.org

## ١. **پێشەکی**

### 1-1- **پێشەکی لێکۆڵینەوەکە**

ئـەم لێکۆڵینەوە وا داڕێژراوە, کە وەك پەرتووکێکی هێڵی دۆزینەوەی ڕێگای بازرگانی ئاسان بکات بۆ ئەو کەسانەی چاو ئەگێڕن بۆ دۆزینـەوەی ناوچـەکانی بازرگـانی و بەرژەوەندییان لە بازرگانیکردن لەگەڵ کوردستاندا هەیە ، بە تایبەتی ولآتانی ئەورووپا ، کە زۆر لـە بـارەی کێشـەی کوردسـتانەوە نـازانن و شـارەزانین, بـە تـایـبەتی ئـەو گۆڕانکارییانەی, کە لە دوای کۆتایی جەنگی کەنداو پاش ڕاپەرینی بەهاری ساڵی — ١٩٩١ لە ناوچەکەدا هاتنە کایەوە و جێگیر بوون.

دوای جـەنگی ناوبراو لە سەرەوە, کوردەکان ئەزموونێکی دیموکراسییان و وە لە باکووری عیراق حکوومەتێکیان دامەزراند بە ناوی (ح. ه.ك) حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لێکۆڵینـەوەکە بـە کورتە باسێکی کوردستان دەست پێ ئەکا, کە کوردستان یەك وڵاتی یەکگرتوو ، یەك مێژووی ڕابردووی هەیە لە بوارەکانی: ئایین, زمان, پلە و ئاستی دارایی ، منیش, بە تایبەتی لە بواری ئابووری و دارایی کوردستانی عێراق دەکۆڵمەوە.

ئـەم لێکۆڵینەوەیە باسی بواری بازرگانی و ڕێو و ڕەسمەکانی لە کوردستاندا ئەکات هەروەها گرنگی گومرك و ڕێ ڕەو و بنەماکانی.

خـەڵك پێویستە ئەوە بزانن, کە کاتێ هەڵس و کەوت و پەیوەندی لەگەڵ کوردا بە شێوەیەکی گشتی ئەکات, ئەو ڕێباز و ڕێنماییانە , گـرنگی بـۆ باشـتر کـردنی بەڕێوەچـونی کـار و پـەیوەندیـەکان بـە شـێوەیەکی باشـتر هەیە, ئەوەش جگە لە هەندێ ڕێباز و ڕێ و رەسمی جیا جیای تر, کە پەیوەندی بە کار و باری بازرگانییەوە هەیە .

مـن باسـی ئاسـتی بـاری ئـابووری و دارایـی کوردستانی عیراق ئەکەم لەم دە ساڵەی دواییدا, واتە ( ١٩٩١– ٢٠٠١ ) هەروەها دام و دەزگـای بەڕێوەبـردنی کوردسـتان و ئەزموونەکـەی لـە ماوەی فیدرالیەتدا لە باکوری عێراق (کوردستانی عێراق), باسی بڕیاری سزا کـانی ٩٨٦ زۆر بـە ووردی, لەگەڵ ووردەکاری تەواوی ئەو ڕێبازەی, کە بڕیاری (نەوت — بەرامبەر خۆراك) ی لەسەر بەڕێوە ئەچێ, کـە لـە کـاتی سـاڵی / ١٩٩٦ باسـی گیروگرفـت و ئاستەنگە گشتیەکان دەکات, تا لە کۆتاییدا ئەگەمە ئەوەی باسی ئەوە بکەم, کە بۆچـی بـازاری کوردسـتانی عـێراق بـە ئاسانی نەکەوتۆتە بەر دەستی بازاڕەکانی ئەوڕوپا و, ئەو پێشنیارو سەرنج و ڕێنماییانە چین کە ئێمە پێشکەشی بکەین بۆ چاککردنی ئەو بوارەو بەرەو پێش چوونی وڵاتێکی, وەك کوردستانی عێراق لە باروو دۆخی ئێستایدا.

### 1-2- **مەبەست و ئاما نجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.**

ئـەم لێکۆڵیـنەوە و تـاو و تۆیـەم وا نووسـیوە, کـەوا زانیارییە پێویستەکان لە بارەی ئەزموونی دیموکراسی کوردستانی عێراقێ پتر شـی بکەمـەوە و بـاری ئـابووری کوردسـتان زیاتـر بخەمـە ڕوو, هـەروەها بـواری بەڕێوەبـردنی حکومـەتی هەرێمی کوردستان ڕوون بکەمـەوە جگـە لـەوەش حـەز ئەکـەم کە کاراکردن و کارتێك کردنی بڕیاری / ٩٨٦ لەسەر کوردستانی عێراق شیبکەمەوە, هەروەها گـرنگی و کارتـێکردنی ئـەو بـڕیارە لەسـەر گـەلی کورد بە گشتی و لەسەر باری ئابووری بە تایبـەتی, جگە لەوەش باسی کار و باری بازرگانی و پەیوەندیەکان و ڕێنماییەکانیشی ئەکەم.

مەبەسـتی سـەرەتایی ئـەم لێکۆڵیـنەوەیە ئەوەیـە , کـەوا چاو ببڕینە کار و کالآ گرنگەکان, باری ئابووری کوردستان, ڕێبازێکی زۆر تازە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی دەوڵەتی مۆدێرن لە کوردستانی عێراق,دامەزرێنین.

لـەوەش زیاتـر پـێمان لەسـەر باسـی کێشەکان و ئەگەرەکانی داگرتووە, کەوا پابەندن بەهەناردن و هێنان لە هەرێمەکەدا, هەروەها باسـی ئـەو هۆیانـە بکـەین کـەوا بۆچـی ناتوانین بازرگانی و پەیوەندیەکانمان گەشە پێ بدەین لەگەڵ وڵاتانی دەورو‌پشت وجیهان , بەتایبەتی ئەورپا و ڕۆژئاوا.

### 1-3- **سنووری لێکۆڵینەوەکە.**



www.kurdistannet.org

ئـەم لێکۆڵیـنـەوەم وا داڕشـتـووە, کـە باسی بیرۆکەو بیر و بۆچوونەکان بکەم , بۆ کۆمپانیا و سەرمایەدار و ئەو لایەنانەی ئارەزووی بازرگانـیان هەیـە لەگـەڵ کوردسـتاندا, کـە مەبەسـتم , تەنـیا حکومەتی کوردستانی عێراقە (تەماشای نەخشەی کوردستانی عێراق ژمارە (١) بکە)

لـەم لێکۆڵیـنـەوەدا مـن تـەنـیا باسـی بارو دۆخی بازرگانی و ڕێو ڕەسم و بنەما و چالاکییەکانی هەرێمەکەم کردووە , هەروەها باسی پـرۆژەکانی بازرگـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانی عێراقیشـم کـردوە, کە لە دوای شەڕی کەنداو و سەرهەڵدانی بەهاری ساڵی / ١٩٩١ وە دامەزرا.

## 1-4-ڕۆژانەی بە بەرنامە کردن .

ئەم بەشە تەوەرییەی لێکۆڵینەوەکەم لە بەشی سەرەوەی لێکۆڵینەوەکەمدا باسکردوە.

زۆربـەی هـەرە گـرنگی زانـیاری جـیا جیاو, بناغەی سەرەکی ئەزموون و تاقیگەری و نووسینی ڕۆژنامەکان, هەروەها زانیاری زمانە جیاجیاکانی جیهانی وەکو: ئینگلیزی, فەرەنسی و عەرەبی و سەرچاوەکانی کوردستانی عێراقی.

جگە لە وانەی سەرەوە, ئێستا چەندەها لاپەڕەی ئینتەرنێتی کوردی لەگەڵ چەندەها لاپەڕەی ئینتەرنێت بە هەموو زمانەکانی, کە گـرنگی بـە کـار و کێشەی کوردەوە دەدەن, لە بەڵگەنامەکانی کورد ئەکۆڵنەوە کردوویانە بەسەرچاوەی زانیاریەکی باشی جیهانی, لـە بوارەکـانی کێشـەی کـورد وەك کێشـەیەکی جـیهانی و, هـەروەها لـە بوارەکانی بازرگانی و ئابووریو ڕێو و ڕەسمەکانی و داب و نەریتی, لێرەدا بەشێکی کەمی شێوەی زانیاری وکەلتووری و هەندێ لە تاقیکردنەوە و ئەزمونی تایبەتی کەسایەتی ئەخەمەروو.

خۆشم هـەندێ زانـیاری بناغەییم لەسـەر ئـەو ئەزموونـە هەڵبەستووە, جا چی لە بارەی هەندێ زانیاری, یا باری بازرگانیو هەندێ بابەتی تر.

## 1-5-کلیلی بیرۆکەی لێکۆڵینەوەکە

چوار کلیلی سەرەکی هەن بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە:-

١. بـڕیاری سـزا نێو دەوڵەتی /٩٨٦ ، ٢- بڕیاری (نەوت - بەرامبەر خۆراك) ، ٣-ڕێ و ڕەسمی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٤- بار و دۆخی ئابووری و دارایی کوردستان.

ئـەو کەسـانەی, کـە ئەیانـەوێ زۆر تـر بزانـنو زیاتـر لـە بارەی هۆکار و هاوکارەکانی بازرگانی کوردستانی عێراق بزانن ، زۆر سوودو کەڵك لەم لێکۆڵینەوەیە وەر ئەگرن.

## 1-6-پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە

ئـەم لێکۆڵینەوەیە لە بەشێکیدا ، پێشەکیەکی پوختەی لە بارەی پێکهاتەی باری ئابووری کوردستانی عێراق خستۆتە بەردەست و مـن لـەو بەشـەدا ئـەو هۆیانـە شـیدەکەمەوە و ڕوونـیان ئەکەمـەوە, کە بۆچی ئەم بابەتەم هەڵبژارد و بۆچی ئەم چەشنە ڕێگەیەم هەڵبژاردوە بۆ لێکۆڵینەوەکەم.

دووەم بەشـی لێکۆڵینەوەکەم بریتییە: لە باسی پێشکەش کردنی سەرتای بناغەو ڕەگەزی کوردوکوردستان و سنووری وڵاتەکەیان, هەروەها باسی سیستەمی ڕۆشنبیری, زانکۆکان لەوەش زیاتر باسی زمانی کوردی و ئایینی کوردو ئایینەکانی تری وڵاتەکە.

بەشـی سـێهەم لـە لێکۆڵیـنەوەکەم, پێشەکییەکی باری ئابووری کوردستانی عێراق ، هەروەها چەشنەها ئاسۆی کوردستانی عێراق پێشـکەش ئەکـەم و لـە بـارەی (ح. هـ. ك) و ئەرکـەکانی سـەر شـانی , هـەروەها باسـی گـرنگی نەوت لە بواری داهاتی نەتەوەیی ، ئەخەمـە بـەر دەسـت, پـتر لـەوەش بـواری چالاکییەکانی بازرگانی ، ئەخەمە ڕوو و باسی گرنگی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ٩٨٦ (نـەوت - بەرامـبەر خـۆراك), هـەروەها کاریگەریـەکانی لەسـەر گـەلی کـورد, هـەروەها ئەم باسە قووڵ ئەکەمەوە و وورده واتاکانی

www.kurdistannet.org

ئەخەمە ڕوو ئاشکرای ئەکەم, چۆن کار ئەکاتە سەر کار و چالاکییەکانی گەلی کورد, ئەوەش پیشان ئەدەم کە چۆن حکومەتی کوردستان, داهاتی, پارەو پوولەکانی بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکار ئەهێنێ بۆ دروست کردنەوەی ولاتەکەی و گەشە پێدانی ناوچەکە، بە هاریکاری و هەماهەنگی ئاژانس و ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی حکومی و ناحکومی‌یە بیانییەکان, ئەنجامی دەدەن.

من زیاتر هەوڵ دەدەم بە درێژی باسی چالاکییەکانی بازرگانی لەهەرێمەکە بکەم و ووردی بکەمەوە باسی هەناردن و هێنان و چالاکییەکانی و کێشەی گواستنەوە و هاتووچۆ ، بەتایبەتی ئەوانەی بەستراوون بە کاروباری هاتووچۆ و پەیوەندیەکانی دەرەوە, ڕێگا و بان, ئەو بازارە بەرفراوانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا والا کراوەتەوە .

کۆتایی بەشەکە باسی هەندێ ئاستەنگ و گیروگرفت و کێشەی ولاتەکە ئەکەم و هەندێ پێشنیار و ڕێنمایی و پرۆژەو ڕێگای ئاسان بوون و ئاسانکاری پێشکەش ئەکەم, بە هیوای سوود لێ وەرگرتنیان, بە پێی توانا لە بواری گونجاو و شیاوی ئەو بابەتانەدا.

لە چوارەم بەشی لێکۆڵینەوەکەمدا،باسی بازرگانی کوردستانی عێراق و ڕێو ڕەسم و ڕێنمایی و ئاسانکاریو گیروگرفتەکانی ئەکەم, بە شێوەیەکی گشتی وەك پێشەکیەکی ڕوون و ئاشکرا و ڕاشکاوانە و دڵسۆزانە. بازرگانی و هۆکار و هاوکارییەکانی شی ئەکەمەوە باسی کۆبوونەوەکانی بوارەکانی بازرگانی ئەکەم, ڕاستی و دروستی بە شێوەیەکی ئاسایی و سادەیی پێشکەش ئەکەم, گومرك, پەیوەندیەکانی بازرگانی و ڕێ و ڕەسمەکانی, هەروەها تەکنەلۆژیای پەیوەندیەکانی دەرەوە و ناوەوە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە کوردستانی عێراق.

لە کۆتایی ئەم بەشە ئاماژە بە هەندێ پێوەر و کێشانە ئەکەم و, هەندێ ڕێگای چارەسەری پێش ئەکەم, بۆ بەرەو پێشچوون و بەردەوام بوونی پرۆژەکان و ئەو ئەرکانەی کە حکومەتی هەرێم خستویەتیە ئەستۆی خۆیو پێویستی سەر شانییەتی بەو پەڕی چالاکی و دڵسۆزیانە بە ئەنجامیان بگەیەنێ.

لە هاوپێچی لێکۆڵینەوەکەم گەلێ نەخشە و, ئامارو, بەڵگەنامەی تر و خشتەیەکی زانیاریم پێشکەش کردووە هیوادارم سوودبەخش بن

.

**بەشی دووەم:**

**کوردستان و نەتەوەی کورد (سەرەتا و بناغەی ڕەسەنی کورد )**

**2-1- ڕەسەنی کورد**

سەرەتایی کورد ئەگەڕێتەوە بۆ هۆزەکانی هیندو ئەوروپیەکانەوا لەوێوە کۆچیان کردوە بۆ کوردستان و لەوێ تێکەلاوی دانیشتوانی ناوچەکە بوون ، بەهەموو شێوەکانی تێکەلاوی ئەوسەردەمەی ژیان. هەرلە کوردستانی ئێستا بوونەتە هاونیشتمانی ئەو ولاتە, و ولاتەکە بەپانتایی سەرانسەری خۆی بە ناوی ئەوانەوە ناو نراوە ( کوردستان – ولاتی کوردان) بەپێی

قۆناغەکانیگەشەسەندن و پێشکەوتنی کوردەکان، بەڵام تائێستا سەرەتایەکی روون دەست نیشان نەکراوە لەبارەی مێژووی کوردو کوردستان بەڵام هەموو مێژوونووسەکان بەتەواوی لەوە دڵنیان کە کورد لە کوردستاندا هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەو ناوچەیە بە تەواوی و بە بەردەوامی ژیاون , هەروەها لەو ماوە درێژەدا, زۆر لە گەلانی تر بە شێوەی بەربڵاو و پچڕ پچڕ لەگەڵ نەتەوەی کورددا تێکەڵاو بوون وە یا لە چوارچێوەی ئەم نەتەوەی کوردی خۆگرە تواونەتەوە, یاخود هەندێ کەمایەتی تر تا ئێستاش ماون و شان بەشانی‌یەکتر, وەك برا بە خۆشی ژیانیان بەسەر بردوە.

کوردەکان بەهەزارن ساڵ لەمەوبەر لەسەر زەوی باوك و باپیرانی خۆیان ژیاون, کە ئێستا پێی ئەڵێن (کوردستان ) ، هەموو میللەتان ئەوە ئەزانن و کەس نیە ئەوە ڕەت بکاتەوە, یا بتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە چی لەسەر بواری کەسایەتی, یا لەسەر بواری کۆمەڵ و ڕێکخراو , یا دەوڵەتی, تەنیا چەندرژێمێکی فاشی و هەڵەشەو کەللە ڕەق نەبن, کە ئەوانیش داگیرکەرەکانی پارچەکانی کوردستانن, کە بەردەوام بە هەوڵ و کۆششی دوژمنایەتی کورد و تواندنەوە و کوشتن و دەربەدەرکردنی بە هەموو چەکە کۆ کوژە تازە و کۆنەکان و بۆ هەموو هاوپەیمانییەك لەپێشبڕکێدان بۆ چەکداری وڕامیاری لە ناوبردنی کورد و بەردەوامی دەسەڵاتیان و داگیرکردنی کوردستان هەتا سەر, بێگیروگرفت, ئەوانەش باش ئەزانن ڕەوڕەوەی مێژوو, بەرەو پێش ئەچێت و ڕاستییەکان خۆئەسەپێنێ بیانەوێ, یان نا.

ڕەگەز و ڕەسەنی کورد ئەگەڕێتەوە بۆ میدییەکان و ئیمپراتۆریەتی مید, ئەو هۆزەی, کەلە /۲۰۰۰ ساڵ پێش مەسیح, لە ناوەندی ئاسیاوە بەرەو ئێران هاتوون و لە کوردستان, ژیانیان بەسەر بردوە.میدییەکان توانیان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دابمەزرێنن و ئەزموونێکی دیموکراتی بەر فراوان دابهێنن لەو قۆناغە مێژووییە دواکەوتووەی مرۆڤایەتی, ئەو دیموکراسیەتیەی میدییەکان دایان هێنا لەسەر بناغە و بنەمایەکی هەرە ئازاد و سەربەست و خۆ هەڵبژاردنی بە خۆوە گرتبوو لەسەرتایای دنیاشدا بلاوبۆوە بۆ ئاشوری و سۆمەری و بابلی و چەندەها گەلانی دەور و پشت سوودیان لێ وەرگرتووە . هەروەك مێژوونووسانی ئەغریقی و جوولەکەکان و چەندەهای تر باسیان کردووە, لەوانەش باشتر سەرەنجێکی پەرتووکەکەی (دیموکراسیەت لە میدیەکانەوە بۆ واشنتن), کە لە لایەن دوو پرۆفیسۆری ئەمریکی کە هەردووکیان مامۆستای زانکۆی ئەمریکین لە واشنتن, هەردووکیان بە ئاشکرا ئەو ڕاستییانەی پەیوەندییان بەو مێژووەوە هەیەڕوونیان کردۆتەوە, بۆ ئەوەش, پەنایان بردۆتە بەر چەندەها پاشماوەی مێژوویی ئەو کاتە و سەرچاوە گرنگە کۆنەکانی مێژووی چەندەها گەلانی جۆراو جۆر ،بۆ گەیشتن بەڕاستییەکان لە پێناو ڕاستیدا. لەو پەرتووکەدا مێژووی کوردو چۆنیەتی سەلماندنی, کە میدییەکان باو و باپیری کوردەکانی ئیمڕۆن و چۆن دیموکراتیەتیان دامەزراندووە؟ چۆن ڕەگ و بنەماو ڕێنماییەکانی بلاوبۆتەوە تا گەیشتۆتە ئەمەریکا ، ئەم دیموکراسی و شارستانیەتەی ئەمەریکا لەسەر بنەماکانی دامەزراوە, ئەوەش پێویستە بڵێین ناوی پەرتووکەکە . (Democray From Meeds to Washinton .(

ئەو میدیانە لە ساڵی ٦١٢ پێش زایینی ئیمپراتۆریەتێکی دیموکراسی تازە بابەتیان لەو قۆناغەی مێژوودا دامەزراندووەو بەبەردەوامی لە فراوان بوون دا بووە, تا ئەوکاتەی لە ساڵی (٥٥٠) پێش کەوتووە .

هەروەها پەرتووکی (د. مەکدۆناڵد / ١٩٩٢ – لاپەڕە – ٨٥), ئەڵێ:– کە ئەم نەتەوەی کوردە ناوەکەی وەك لە پێشەوە باسمان کرد وەك هەموو گەلانی سەر زەوی کۆن و ڕەسەن چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە , لە چەند قۆناغێکی مێژوویی لە مەوبەر ناوی (کارداکا) بووە و بووەتە (کورێك), یا (گورتی) , سۆمەریەکانیش ئاماژەیان بەو گۆڕانکاریانەکردووە, لە ساڵانی (۲۰۰۰) پ.ز. هەروەها مێژوونووسە ئاشوریەکانیش ئاماژەیان بەو زانیارییە گرنگە کردووە, لە پەرتووکی مێژوویی خۆیان لەسەدەی یانزەهەمی پ.ز.(پەرتووکی یاسن ، کە لەساڵی ١٩٨٥ دەرچووە لاپەڕەی / ٣٥ ) .

لەو لێکۆڵینەوەی سەرەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە کوردەکان لە کۆمەڵێ تیرەو هۆزی زۆر کۆنن, کە لە گەلە قۆقازییەکانی ناوچەی سەرووی ئەو ناوچەوە هاتوون و لە سنووری ناوچە شاخاوییەکانی کە لەسەر ڕۆخاوەکانی دەریای قەزوینەوە هاتوون لە قۆناغی مێژووی (کارلیك) وەوە دەست پێ ئەکات.



www.kurdistannet.org

ناوەندی سنووری ئەم وولآتە لەسەر هەردوو بەشی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەنگەر ئەگرێ و هەروەها درێژ ئەبێتەوە بۆ بەشی خوارو و رۆژئاوای زنجیرە چیاکانی ئەنادۆڵ لە کوردستانی تورکیا, هەروەها درێژ ئەبێتەوە بەرەو رۆژهەلآت تا ئەگاتە سنووری زنجیرە چیاکانی عیراق و سووریای ئێستا ئەبرکێ.

## 2-2-سنووری جوگرافیای کوردستان (ولآتی کوردان)

کوردستان ولآتی کوردانەو ولآتێکی زۆر جوانە و ئەکەوێتە بەشێکی ستراتیجی زۆر گرنگی جیهانەوە, پانتاییەکی زۆر بەرفراوان و بەربلآوی هەیە کە بەرامبەری هێڵی ستوونی (٣٦,٥٠) و (٤٩) کە ئەکەونە سەر هێڵە هاوتەرییەکانی گۆی زەوی هەروەها لە نێوان هێڵی درێژی (٣٠,٥ – ٥ر٤٠) هەر لە کێشوەری ئاسیاوە کەوا پانتایی سنوورێکی بەرفراوان ئەگرێتە خۆی کە نزیکەی (٥٠٠,٠٠٠) کم [٢], کە ئەوەش یەکسانە بەرامبەر رووبەری پانتایی ولآتی ئیسپانیا (بنۆرە نەخشەی ژمارە/٢)

رووبەری ولآتی کوردستان دابەش ئەبێت بەسەر چوار ولآتی داگیرکەری کوردستان, بەم شێوەی خوارەوە:

نەخشەی ژمارە ١ – رووبەری پارچەکانی کوردستان :

| جوگرافیایی ناوچەکە | رووبەری گشتی هەموو وولآتەکە بە $Km^2$ | رووبەری گشتی کوردستان بەرامبەر رووبەری گشتی کوردستانی مەزن بە رێژەی لە ١٠٪ | رێژەی ٪ رووبەری کوردستان لە هەریەکێ لەو وولآتانەی کە داگیریان کردوە |
|---|---|---|---|
| کوردستانی باکور (کوردستانی تورکیا) | 210.000کم٢ | 24% | 26.9% |
| کوردستانی رۆژهەلآت (کوردستانی ئێران) | 195.000کم٢ | 39% | 11.83% |
| کوردستانی باشور (کوردستانی عێراق) | 83.000 | 16% | 18.86% |
| کوردستانی رۆژئاوا (کوردستانی سوریا) | 15.000 | 3% | 18.10% |
| کوردستانی مەزن | 53.000 | 100% | |

سەرچاوەی (GBSR / ٣٣ لاپەرە /٣٥ / ١٩٩٨) نەخشەی ژمارە (١) رووبەری هەر پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان پیشان ئەدا،هەروەها رێژەی رووبەرەکەی بەرامبەر روبەری گشتی ئەو وولآتەی داگیری کردووە, لەگەڵ روبەری گشتی هەرچوار پارچەکەی کوردستان کە ناسراوە بە (کوردستانی مەزن, یا کوردستانی گەورە) ئەوەش ئاشکرایە, لەکاتی خۆیدا کوردستانی گەورە پارچە پارچەکراوە, بە خەلآت درا بەو ولآتانەی دراوسێ بۆ پاراستنی مافی بەریتانیا, کە زلهێزی گەورە و بالآ دەستی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بوو. لە روانگەی جوگرافیا, کوردستان لە نێوان سنووری (٣) سێ ئیمپراتۆریەتی کۆن بووە, ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و ئیمپراتۆریەتی فارس و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە, و هەروەها. داگیرکەرانی رۆژهەلآتی ناوەراست, کە دەوڵەتانی بەریتانیاو فەرەنسا لە سەراتای سەدەی بیستەم لە جەنگی جیهانی یەکەمدا توانییان سوریا و عیراق لە

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بستێننەوە و ڕزگاریان بکەن, بەڵام کوردستانی گەورە دابەشکرا بە (٥) بەشەوە (بنۆڕە نەخشەی ژمارە/ ٢) ( .Bیاسین/ ١٩٩٥ لاپەڕە/ ٤٢)

کوردستانی عیراق لە چوار پارێزگا پێکهاتوە: (هەولێر, دهۆك, سولەیمانی و کەرکوك) هەروەها بەشێك لە پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین ( ناوی ئیستای کراوە بە تکریت)و پارێزگای کوت .

ڕووبەری گشتی نزیکەی (٨٣,٠٠٠کم٢) کە نزیکەی (١٦٪) عیراقەو بە قەدەر ڕووبەری نەمسایە, هەروەها گەورەترە لە ڕووبەری (٢٤ دەوڵەتی ئەوروپی لە نێوان ٢٦ دەوڵەتی یەکێتی ئەوروپا). هەشت ئەوەندەی ڕووبەری لوبنانە, سیانزە ئەوەندەی ڕووبەری فەلەستینە . بنۆڕە لاپەرە / ١١٢ کتێبی چالیان ساڵی / ١٩٧٨.

## 2-3-جوگرافیای – رامیاری

هەر لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەمەوە, کوردستانی گەورە دابەشکرا بەسەر (٥) دەوڵەتی خاوەن دەسەلات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەیدا, ئەوانە بە پێی گەورەیی ڕووبەری کوردستان, کە پێی خەلاتکران ، عیراق ١٨٪ , سوریا ٦٪ , هەروەها یەکیەتی سوڤیەتی کۆن (٢٪) بەپێی زانیاری سەرچاوەی( .B یاسین لاپەڕە ٣٣ ساڵی ١٩٩٩). کوردی ئیران لە ژێر دەستی ڕژێمی ئێرانی و دەسەلاّت و یاساکانی دابوون بە تەواوی هەرلە ساڵی ١٥١٤ (جەنگی چالدیران). هەر سێ پارچەی تری لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوون هەرلە بەرواری ناوبراوەوە تاکو ئەو ئیمپراتۆریەتە ڕوخا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا. کوردەکان تەنیا نەتەوە بوون کە کۆمەڵێکی زۆر گەورە بوون لە جیهانی سێهەمدا کە هیچ نوێنەرێکیان لە کۆمەلەی گەلانی یەکگرتوو (عصبە الامم) نەبوو لەگەل ئەوەی زۆرترین دانیشتوانی و جوگرافیای رامیاری جیهانی کە بەسێ پەیمانی دەوڵەتی گەورە گەمارۆ درابوو, ئەوانیش عیراق و سوریا لە جیهانی عەرەبی, ناتۆ لە تورکیاوە و لە خوارووی ئاسیاش ناوەندی ئاسیا کە ئەکاتە ئێران و تورکستان, هەروەها تا ئێستاش یەکیەتی سۆڤیەتی کۆن وڵاتەکانی قۆقاس, ئەرمینیای ئێستا و ئازر باینجان و جۆرجیا لە ڕاستیدا کوردەکان تاکو سەردەمی شەڕی ساردی نێوان دوجەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات خۆیان و وڵاتەکەیان هەموو کاتێ وەك سنووری مەیدانی ململانێ و هەڕەشە و تۆقاندن لە لایەن ئەڵمانەکان و هەردوو پەیمانی ناتۆ و وارشۆ بەکارهێندراون.

## 2-4-دانیشتوانی کوردستان

ژمارەی گشتی دانیشتوانی ناو کوردستانی عێراقی ئێستا, کە لە ژێر دەسەلاّتی حکومەتیهەرێمی کوردستانە نزیکەی (٣,٥) سێ ملیۆن و نیوە, هێشتا کە کوردستان بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی سیهەم دەوڵەتە لە نێوان ژمارەی (١٩٣) دەوڵەتی خاوەن نوێنەر لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەسەر گۆی زەوی.

**دانیشتوانی کوردستانی عێراق :**

خشتەی ژمارە/٢ دانیشتوانی کوردستان

| ناوچەی جوغرافی | ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی /١٩٩١ بە ملیۆنەها | ڕێژەی لە سەدای بەرامبەر ژمارە دانیشتوانی گشتی کورد | ڕێژەی لە سەدی دانیشتوانی لە بەراوردکردنی بەرامبەر دانیشتوانی ئەو وولاّتەی داگیری کردون |
|---|---|---|---|
| کوردستانی باکوور تورکیا | 13.15 | 44.32% | 24% |
| کوردستانی ڕۆژهەلاّت ئێران | 9.26 | 31.21% | 18.97% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوردستانی باشور عێراق | 4.76 | 4.18% | 28% |
| کوردستانی ڕۆژئاوا سوریا | 1.24 | 4.18% | 11% |
| کوردستانی ئەرمینیا,<br>ئازر بێجان – جۆرجیا | 0.301 | 1.01% | 11.% |
| ئازر بێجان ئەنەتولیا | 0.385 | 1.30% | 7ر ٪ |
| کوردستانی ناوچەکانی تری | 0.500 | 1.69% | 1.03 |
| کوردستانی لبنان | 0.075 | 0.25% | 2.59% |
| کۆی دانیشتوانی کورد | 0.29.67 | 100% | |

کۆی دانیشـتوانی هـەر پارچـەیەك لـە پارچـەکانی کوردسـتان هـەروەها ڕێـژەی لەسـەدای بـە بەراوردی لەگەڵ کوردستانی مەزن و دانیشتوانی ئەو ووڵاتەی بە زۆر پێیەوە بەستراوە .

زۆر لـە لـێکۆڵەرەوەکان باسـی ژمـارەی دانیشـتوانی کوردسـتانیان کـردوە, بـەڵام هەریەکەی ژمارەیەکی جیاوازی داوە, بۆ ئەوەش ئامـاژە بـە سەرچـاوەی :(مـیهرداد – ئـازادی ), کە مێژو نوسێکی کوردە, بە پێی هەڵسەنگاندن و مەزندەی ئەو ، کۆی دانیشتوانی پارچەکانی کوردستان, بە پێی ئەم نەخشەی خوارەوەن:–

خشتەی ژمارە/٣

| ووڵات | کۆی دانیشتوان ووڵات بە گشتی | کۆی دانیشتوانی کورد | ڕێژەی لە سەدای کورد |
|---|---|---|---|
| تورکیا | 65.900.000 | 19.000.000 | 28.8% |
| ئێران | 73.900.000 | 8.400.000 | 11.3% |
| عیراق | 22.600.000 | 5.600.000 | 24.8% |
| سوریا | 17.200.000 | 1.600.000 | 9.3% |
| پارچە بەربلاوەکان | 500.000/00 | 500.000 | |
| کۆی گشتی | 181,000 | 35.100.000 | |

سەرچاوەی میهراد ئازادی /٢٠٠٠ ناونیشانی:

http//www. kurdish.com/Kurdistan / People demography. htm)

هـەروەها ئـەبێ ئـەوەش بـە هـەند وەرگـرین, کـەوا ژمارەیەکی زۆری کورد بە پەرتوبلاوی لە زۆر ووڵاتانی تری گۆی زەوی ئەژین لە هەمووشیان زیاتر لوبنان و بەتایبەتی ووڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا. ( جالیات – / ١٩٨٠ لاپەرە / ٤٤)

دانیشـتوانی کوردسـتانی عـیراق ئێسـتاکە نزیکەی (٦,٠٠٠) ملیۆنە, ڕێژەی (١٦٪) دانیشتوانی کوردن لە جیهاندا, هەروەها ٢٨٪ ی دانیشـتوانیعیراقن, ئەوەش لەبیر نەکەین کەوا زۆر کەمایەتی تر لە گەڵیاندا ئەژین لە کوردستانی عیراقدا وەکو: تورکمان و ئاشوری و کلدانـی و عـارەب بـە پـێی سەرچـاوەی: ﴿لاوکراوەی مەکتەبی ناوەندی دیراسات ی پارتی دیموکراتی کوردستان, ژمارە ٣٣ ) (GNRBژمارە ٣٣ لاپەرە / ٣٦ ساڵی ١٩٩٩)

**2-5-ئایینی کورد**

www.kurdistannet.org

کوردەکانی سوریا و لوبنان دورزەکان و عەلەویەکان و ئیسماعیلییەکان, هەروەها کەمایەتییە مەسیحیەکان بە پێی مەزهەبە جیاجیاکانیان, زۆربەیان سەر بە کەنیسەی ئارسودۆکسین خۆیان بە جیاواز ئەزانن لەسەر بنەماو پرەنسیپی ئایینی کوردەکان, لەو کاتەوە کە عەرەب کوردستانی داگیر کردوە, لە سەدەکانی ١٧حەفدەهەم (ماکدۆنالد/ پەرتوکی ساڵی ١٩٩٢– لاپەڕە –١٣) ئایینی ئیسلامی پێڕەو کردوە , بەلاّم زۆربەی کوردەکان موسوڵمانن و زۆربەی زۆریشیان سونین (د قاسملو– ١٩٦٥– لاپەڕە –٢٤).

کوردەکان ئاییـنی ئیسلامیان وەرگرتووە لە نێوان سەدەی (١٧–١٩), بەلاّم لەوە پێش زەردەشتی بوونە, ئەوان بەو پێیە ئاگریان پەسند کردووە, وەك هێمایەکی پاکی و بیّ گەرد ،هەروەها لە کوردستاندا ژمارەیەك لە جولەکەکان وەك پەناهندە لە کوردستاندا ژیاوون, هەر لە کاتی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەکان ئەو برا جولەکانە بە پێی تەوراتی پیرۆز, کە ئەڵیّ دەسەلاّتدارانی جولەکەی ئەو دەمە توانیان ڕەزامەندی سەرکردە کوردەکان وەربگرن و ژیانی پڕ ئاشتی و خۆشی بۆ جولەکەکان دابین بکەن, هەتا بەشێوەیەکی تەواو توانیان لە ناوەندی کوردستاندا بلاّوببنەوە و جێگیر بن و ئاییـنی خۆیانی تێدابلاّوبکەنەوە بیّ هیچ ئاستەنگێك لە لایەن کوردەکانەوە. سەرچاوەی (میهرارد ئازادی لاپەڕە / ١٠٠ ساڵی ٢٠٠٠)

لە ڕوانگەی ڕۆشنبیریەوە, ئاینی ئیسلام هەموو دەم هۆکارێکی پاڵپێوەنەرنە بووە بۆ گەشەسەندنی گیانی نەتەوایەتی کوردایەتی, بەڵکە ئاستەنگ و بە هەرلّستکاریش بووە بە زۆری, هەروەها بۆ گەشەسەندنی پێناسەی نەتەوەی کورد, چونکە ئاینی ئیسلام هەتا ئێستاش هەر هەولّ و کۆششی لە پێناو ئەوەدایە, کە هەموو نەتەوەکان لە ژێر ئالاّی ئیسلام ڕێکبخاو, پێناسەی نەتەوەیی کپ بکاتەوە, هەر چەندە نەیتوانیوە بەرامبەر تورك و فارس و عەرەبەکان و نەتەوەکانی تری جیهان ئەوە بکات, چونکە بەردەوام ئەوانە, حکومەتێکی سەربەخۆ و, وولاّتێکی سنووردایان هەبووە نەیانهێشتووە بە هیچ هۆکار و هامرازێك ئاینی ئیسلام, یا هەر شتێکی تر هێزی نەتەوایەتیان لیّ بسێنێت و بیّ دەوڵەتیان بکات, تەنیا بۆ کورد نەبێت,هەروەکو ئەشبینین چونکە دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا, ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتە(الاسلام هو الدین الرسمی للحکومه) حکومەتەکانیان ئیسلامە, بەلاّم ڕێگایان نەداوە بە کورد, کە باسی پێناسەی نەتەوایەتی خۆی بکات, بەڵکە ئەو داگیرکەرانە بە درێژایی فەرمانڕەوایی خۆیان هەوڵیان داوە, کە بە دوو جەمسەر بیتوێننەوە, لە لایەکەوە بە جەمسەری ئیسلامی نزیکی بکەنەوە لە نەتەوەیی خۆیان و لە لایەکی تریش , لەقاڵبی نەتەوایەتی خۆیان( تورك و فارس و عەرەبدا) بیتوێنەوە, ئەوەش بە ڕاستی ڕێڕەوی هەموو داگیرکەران بووە لە هەموو سەردەمێکدا, بەرامبەر بەنەتەوەی کورد .

**-6-2ڕۆشنبیری – ڕژێمی پەروەردە:**

ڕژێمی پەروەردەی کوردستان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستە ئەکریّ بە پێی بار و دۆخی ڕامیاری ولاّتەکە لە نێوان دەسەلاّتەکانی وەزارەتی پەروەردەی کوردستانی عێراق و لیژنەی بالاّی فێرکردن. وەزارەتی پەروەردە بڕیاری تایبەتی گشتی هەموو قۆناغەکانی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و خوارووی ئاستی زانکۆکان دەر ئەکا و بە ئەنجام ئەگەیەنیّ, بەلاّم لیژنەی بالاّی فێرکردن لە کوردستانی عیراقدا بەرپرسیارییەتی فێرکردنی سەرتاپای زانکۆکان و پەیمانگاکانی کوردستان ئەبات بەڕێوە و جیّ بەجیّیان ئەکات.

دابین کردنی هەموو خەرجی وەزارەتی پەروەردە و لیژنەی فێرکردنی بالاّ بە هەموو مووچەی مامۆستاو بەڕێوەبەران و کرێکارانی لە هەموو پلەو پایەکاندا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەبەردەوامی دابین ئەکریّ وە بەڕێوە ئەچیّ بە هەموو شێوەکانی .



www.kurdistannet.org

قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستاندا برێتین لە:– ماوەی دوو ساڵ پێش چوونە قوتابخانەی سەرەتایی کە پێی ئەڵێن قۆناغی باخچەی ساوایان لەوەش بەدووا (٦) شەش ساڵ قوتابخانەی سەرەتایی دەست پێ ئەکا بۆ منداڵی (٥ – ١١ ) ساڵ , کە ئەو قوتابخانەیە زۆرە ملێیە , واتە قوتابیان لەو تەمەنەدا ناچار ئەکرێن کە بخوێنن تا قۆناغی سەرەتایی ئەبڕن .

( 6 )ساڵ قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندییە کە ئەو قۆناغە بە پێی ئارەزووی قوتابی خۆیەتی و هیچ زۆرە ملێیی و ناچاری تێدانییە ، قۆناغی دوایی ، کە قۆناغی پەیمانگاو زانکۆکانە بۆ قۆناغی دواناوەندی لە نێوان ( ٢ – ٦ ) ساڵە ، جگە لە قوتابخانەکانی دواناوەندی زانیاری و وێژەیی زۆر قوتابخانەی کارگوزاری و پیشەیی هەن ، وەکو :– بازرگانی – پیشەسازی – کشتوکاڵی .... هتد . کە خوێندن لەو قوتابخانانە ماوەکەی سێ ساڵە , پاش. قۆناغی ناوەندی بەو قوتابخانەش ئەوترێ:– قوتابخانەی پیشەیی , کە قوتابی تێدا فێری پیشەیەکی تایبەتی ئەبێ و ئەبێتە کادری مام ناوەندی لە کۆمەڵگای شارستانیەتیدا.

قۆناغی فێرکردنی باڵا کە ماوەکەی بریتیەلە (٢–٦) ساڵ بۆ قوتابیانی تەمەنی (١٨–٢٣) سالە, بەلاّم قۆناغەکەی تر کە هی قۆناغی پەیمانگاکان ماوەکەی بریتیە لە (٢)ساڵی تەواوی رۆژ ژمێری کەوا بڕوانامەی دبلوما, یان ( (BAپێ ئەبەخشرێ , یان ( (BSCلە بوارەکانی زانست, پزیشکی, ئەندازیاری, رۆشنبیری, هونەری ..................هتد هەر سێ زانکۆکانی سەلاحەدین, دهۆك و سلێمانی, هەروەها دبلۆمی تایبەتیش یا دبلۆمی باڵاش ئەبەخشن بە قوتابیانیان هەروەها بڕوانامەی ماستەری( (B SCو P.h.D.s) ) بڕوانامەی پرۆفیسۆری ئەبەخشن لە بوارەکانی پزیشکی و رۆشنبیری و هونەر و پەروەردە و یاسا و بەشە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان ................ هتد . سەرچاوە (پەروەردە لە کوردستاندا).

سەرچاوە:

http//www.Kdp-ankara.org.tr/ education

خشتەی چوارەم

زانیاری پەروەردەی لە کوردستانی عیراقدا لە ساڵی ١٩٩٨ – ١٩٩٩

| پەیمانگای پەروەردەیی | ژمارەی فەرمانبەرانی فێرکردن | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی کۆلیج و قوتابخانەکان | ژمارەی بەشەکان |
|---|---|---|---|---|
| زانکۆی سەلاحەدین | 444 | 7524 | 12 | 44 |
| زانکۆی سلێمانی | 159 | 3067 | 7 | 18 |
| زانکۆی دهۆك | 149 | 1689 | 7 | 16 |
| پەیمانگای تەکنیکی | | | | |
| پەیمانگای تەکنیکی/ هەولێر | 35 | 1077 | 1 | 9 |
| پەیمانگای تەکنیکی/سلێمانی | 23 | 1628 | 1 | 8 |
| پەیمانگای تەکنیکی/ دهۆك | 56 | 845 | 1 | 5 |
| قوتابخانەکانی دواناوەندی | | | | |
| هەولێر | 2982 | 42612 | 146 | |

www.kurdistannet.org

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 182 | 52124 | 2492 | سلێمانی |
| | 97 | 27004 | 1020 | دهۆك |

سەرچاوەی زانیاریەکانی سەرەوە:( http://members.aol. Com/ Krg site/ edueafion. شوێنی ئینتەرنێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) .

بەشێکیش لە داهاتی بڕیاری /٩٨٦ (نەوت بەرامبەر خۆراك) بۆ دابینکردنی خەرجی سیستەمی فێرکردن خەرج ئەکرێ بە ئەنجام ئەگا. لە ساڵی ١٩٩٧ تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٦٠) قوتابخانەی دواناوەندی دروست کردووە و هەروەها (٨٥) قوتابخانەی سەرەتایی لە کوردستانی عێراقدا دروست کردووە, هەروەها قوتابیەکان هەموو پێداویستییەکی خوێندنیان بۆ دابین کراوە. لە بواری فێرکردن و خوێندنی باڵا, حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق پلانێکی ئامادە کردووە بە (٢٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی, جگە لەپێشەوەچوون و گەشەسەندن و گۆڕانکاریەکی زۆر لە هەرێمەکەدا لە ئارادایە .

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان (چالاکییەکانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی/ ٢٠٠٠) لە بواری ئاوەدانکردنەوە و پەروەردە لاپەڕە ٥٧-٥٩) .

## پرۆژەی ڕژێمی خوێندنی باڵا

بابەتی لێکۆڵینەوە و تاوتوێ و گفتوگۆی سەرەکی کۆنفراسی ساڵی/ ٢٠٠١ کورد بۆ کۆنفراسی خوێندنی باڵا (٢١ – ٢٣) / ٤ / ٢٠٠١ لە هەولێر بەسترا ,هاوبەشانی کۆنفراس لەهەر سێ پارێزگاکانی کوردستان بە ئامادە بوونی نوێنەری زۆربەی وڵاتە بیانییە پێشکەوتووەکان, پتر لە (٦٠٠) ڕاوێژکاری زانکۆکانی جۆرا و جۆر و چەندان هەوادارانی زانست و شارەزامەندانی ڕامیاری و زانستی هاوبەشییان تێداکرد.

سەرچاوە : ژمارە/ ٥ی ئیمرۆی کوردستان لاپەڕە /١ ساڵی /٢٠٠١ (تکایە بنۆرە هاوپێچەکان)

مەبەستی کۆنفراسەکە ئەوە بوو, کە چاکسازی تەواو لە ڕژێمی خوێندنی باڵا دا لە هەرێمەکەدا ئەنجام بدەن ،بە شێوەیەك کە بتوانێ بە فریای پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگای کورد بگات .

ماوەی ساڵی خوێندنی ئەکادیمی لە کوردستانی عیراق لە سەرتایی مانگی (١٠) دەست پێ ئەکا تا کۆتایی مانگی (٦) ی هەموو سالێك .

## 2-7-زمانی کوردی

زمانی کوردی سەر بە زمانەکانی خێزانی هیند و ئەوروپییەکانە بەشێکیشە لە زمانی فارسی, دایەلێکتە سەرەکیەکانی زمانی کوردی دووانن کە زۆر ناودارن ئەوانیش:- دایەلێکتی سەروو (باکور) پێی ئەڵێن کرمانجی ، دایەلێکتی بەشی خوارووش (باشوور) هەیە پێی ئەڵێن:- سۆرانی.

جگە لەوانەش دایەلێکتی بچووکتر هەن ,بە پێی هۆکارەکانی جوگرافیای کوردستان کەمی هاتووچۆ ئاستەنگەکانی تری هاتووچۆ کە بوونەتە هۆی کەمی تێکەڵاوبوونیان , ئەوەش بۆتە هۆی پەیدا بوونیچەندان دایەلێکتی تر. وەك هەورامی, لەکی, لووری, گەرمیانی و شارەزووری , بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم دایەلێکتانەی خوارەوە گرنگترین بەشەکانن:-

١. دایەلێکتەکانی باکوور – ڕۆژئاوای باکوور یا کرمانجی.
٢. دایەلێکتەکانی باشوور پێی ئەڵێن کرمانجی باکوور, یاخود سۆرانی.
٣. دایەلێکتەکانی باکووری ڕۆژهەلأت , یا دایەلێکتەکانی سۆرانییەکان ئەوانەش: کرمانشایی و لەکی.

www.kurdistannet.org

دایەلێكـتی سـۆرانی, تـا ئێسـتا لـە نووسـیندا دەسـتێكی بـالآی هەیـە زۆربـەی نووسـینەكانی دەوڵـەت ودانیشـتوان بـەو شێوەیەدەنووسـرێتەوە و پیـتە عەرەبییەكان بەكاردێـنن ,زۆربەی نووسینە وێژەیی و ڕۆشنبیرییەكان لە كوردستانی عیراق و ئێران بە سۆرانی نووسراونەتەوە پیتە عەرەبیەكان بەكار ئەهێنن بەلأم لە كوردستانی توركیا پیتی لاتینی بەكار ئەهێنن , بەلأم سیرلیكی لە بەشەكانی كوردستانی ڕووسیا بەكاردێت (بنۆڕە هاوپێچی ژمارە /٦).

هۆكارەكـانی زمـان هـەموو كـاتێ كاریگـەرێكی گـرنگی هـەبووە بـۆ نەتـەوەی كـورد , لەهەموو سەردەمێكداو لە تێكرای بەشەكانی كوردسـتان جـێگای بایەخدان و خۆشەویستییان بووە , وەك خۆشەویستی خاك و ولأتەكەیان. كوردەكان پشتگیری لەوە ئەكەن كە كـورد بـە گشـتی ڕۆڵـێكی زۆر گرنگیان هـەبووە لەتێكۆشـان و هەوڵدانی بەردەوام بۆ پاراستنی زمانەكەیان, كە یەكێكە لە هۆكارە گـرنگەكانی مانـەوەی كـورد و كوردسـتان, تـا ئـەمڕۆ بـەرەنگاری هـەموو كێشـەكانی بـە عەرەب كردن , بە تورك كردن و بە فارس كردنـێك بۆتەوە. زمانی كوردی هەم هێمایی بوونی كوردە و هەروەها با شترین بەڵگەی جیاوازی بوونی كوردە و ئاشكراو دیارترین بەڵگـەی پێناسـەی دەسـت نیشـان كـردنی پێناسـەی گەلـە, یـا (نەتـەوەیی) كـوردە. ئـەو حكومەتانـەی ,كە كورد و كوردستانیان داگیركـردووە , زۆر بـە تـەواوی ئاگـادارن , كـە زمانـێكی گـرنگی هەیەكە هەردەم بەرگری لە مانەوە و پێناسەی كورد و كوردستان ئـەكات, هـەر لەبەر ئەوەشە ئەو حكومەتانە بە تەواوی قەدەغەی زمانی كوردی ئەكەن , یا هەر دان بە زمانی كوردی و خاوەنەكەی نانـێن, یاخود قەدەغەی ئەكەن, یاخود هانی نادەن و پشتگیری ناكەن, تەنیا حكومەتی عیراق لەبەر هەندێ هۆ بەكارهێنانی زمانی كـوردی زۆر بـە هـەند و گـرنگ وەر نەگرتووە لـە ژیانی ڕۆژانە و خوێندندا. هەر چەندە دەسەلأتە ڕامیاریەكان داگیر كەرانی كورد و كوردسـتان بـە بـەردەوامی, لـە پێـناو تواندنەوەی زمانی كوردی لە هەموو كاتێكدا ئاستەنگیان بۆ دروست كردوە, بەلأم لەگەڵ ئەو هەموو بەلأیانە , كورد توانیویەتی زمانێكی هاوبەشی پرشنگداری هەبێت و پارێزگاری لێ بكات بە هێز و توانایی خۆی..

سەرچاوەی :— ( كریبنیۆرك / ١٩٩٢ لاپەڕە ٦٨) .

دابەشـبوونی زمـانی كـوردی بـە چـەندەها دایەلێكـتی جـۆرا و جـۆر زۆربـەی هۆیـەكانی ئەگەڕێـتەوە بـۆ ناتـەواوی ڕێگـا و بـان و هۆكارەكـانی هاتووچـۆ, بـە تایبـەتی لـە سـەدەكانی كۆندا, بەتایبەتی ولأتەكە شاخاوی و پڕ گردو دۆڵە, لەوەش گرینگتر كورد بۆ ماوەیـەكی زۆر دوور و درێـژ هـەوای سەربەسـتی و ئـازادی نـەمژیوە و هـەر لەژێـر چـەپۆكی داگیركـەرانی بـووە زۆر بێ بەزەیی و نا شارسـتانیانە ڕەفتاریـیان دەرحـەق كـراوە كـە بووەتـە هـۆی لەدەسـت دانـی فـەرمان ڕەوایـی ولەكـیس چـوونی یەكـیەتی ڕامیاری نیشـتمانەكەیان . ئـەوەش ئاشـكرایە, كـە ئـەو هۆیانـەی باسمانكـردن زۆر كاریگەریـیەكی گرنگـیان هەیە لەسەر ئەگەری یەكگرتنی ڕۆشـنبیری هاوبەشـی گـەلان. هـەروەها دابەشـكردنی كورد و كوردستان بەسەر دەوڵەتانی تر بە هۆی فەرمانڕەوایی بێ بەزەییانەی ئـەوان توانـیویانە زمانەكـەیان كاریگەریـەكی زۆر بكاتـە سـەر زمـانی كـوردی هەوڵـیان داوە بیتوێننەوە, كە لە هەمان كاتدا زمانی هاوبەشـی كوردیـان قەدەغـە كـردووە و هەموو دەم و بە بەردەوامی سەركۆنەی كوردیان كردوە و ڕێگاكانی گەشەسەندنیان لێ بنبڕ كردووە و نەیانهێشتووە زمانێكی هاوبەشی بە پێی پێوەرێكی جیهانی دابمەزرێ و خۆی بسەپێنێ.

هەرچـەندە بـە درێـژای سـەدەكانی ڕابـردو هـەوڵ و تەقەللایـەكی زۆر دراوە لە لایەن تاكە كەسایەتیەكانی كوردە , بۆ دامەزراندن و گەشەسـەندنی زمانێكی كوردی هاوبەش بە پێی پێوەرێكی جیهانی , بەلأم بە داخەوە زۆر بە تەواوی سەركەوتوو نەبوون لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان كردن.سەرچاوەی: (مارێن سارلیانین سالی / ١٩٩٩ لاپەڕە/ ٨).

كوردەكـان زۆر بـە شـانازییەوە ئەڕواننە زمانەكەیان, كە زمانێكی كۆن و زۆر دەوڵەمەندە, هەرچەندە دوژمنانی زۆر هەوڵیان داوە , كە زمانەكەیان هەرس بكەن و بیتوێننەوە ولە ناوی بەرن, بەلأم لەگەڵ هەموو ئاستەنگ و بەلأو گیرو گرفتە دەستكردەكانی تورك و فـارس و عـەرەب , زۆر بە هێز و پرشنگداری و هاوبەش خۆی لەسەر پێ ڕاگرتووە بەسەر بڵندی ماوەتەوە. بەلأم لەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوانـە, زمـانی كـوردی وەك سەرچـاوەیەكی ڕۆشـنبیری دەوڵەمـەندی كـورد هەرماوە و خۆی پاراستووە و لە هەموو پارچەكانی كوردسـتاندا لـەكار گوزاری نەتـەوەی كـورد دایە , وێژە و زانیارییەكانی كورد زۆر گرنگ و كاریگەرن و دەستێكی بالأشیان هەیە لە چـیرۆكە ئەفسـووناوییەكان, هـەر لـە دێـرین زەمانـەوە , تـا ئێسـتاش زۆر بەی زۆری بە ئاسانی ئەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەفسانە و



www.kurdistannet.org

ڕۆمانـەكانی كـوردی ، چیرۆكی دوور و درێژی كورد لە زۆر بوارەكاندا, بە تایبەتی سەرگوزشتەی خۆگری كورد و زمانەكەی بەرامبەر داگیركـەرەكانی وەك عـەرەب و تورك و فارس لەسەدەی (١٧) . جگە لەوەش زۆری ئەو چیرۆك و ڕۆمانە ئەفسانانە بەشێكی زۆریان بـە هۆنـراوەی (شـیعر)ی ڕەوان و پاراو نوسراوون, كە ئێستاش چێژ و پاراوی خۆیان هەرماوە. سەرچاوەی:– (A قاسملو / ١٩٦٥ لاپەڕە / ٢٩).

## بەشـــی سێـیـەم

## ئـابووری كوردسـتـان

### 1-3هەرێمی كوردستانی عیراق

مەبەسـتم لـە هـەرێمی كوردسـتانی عـیراق ئەو ناوچەیەیە كە ئەكەوێتە بەشی خوارووی كوردستانی مەزن و بە ڕەزامەندی بەریتانیا خراوەتە ژێر دەستی عیراق, هەر لەو كاتەشەوە بە كوردستانی عیراق ناوزەد كراوە بڕوانە : (هاوپێچی ژمارە ١ )

هـەرێمی كوردسـتانی عـیراق (٦) پارێـزگای عـیراق ئەگرێتەوە لەوانە:– هەولێر – دهۆك – سلێمانی – كەركوك – بەشێك پارێزگای دیالـە – نەینـەوا (موصـل). بـە هـۆی ئـەوەی ,كـە عـیراق كوێـتی داگـیر كـرد و, هـەروەها لـە ئـەنجامی شـەڕی كەنداو بوەتە هۆی سـەرهەڵدانی كـوردی كوردسـتانی عیراق لە ئاداری / ١٩٩١ هەر لە ئەنجامی ئەو سەرهەڵدانەش بەرەیەكی بەهێز لە لایەن پارتەكانی كوردستانی عیراق دامەزرا, كە ئەو پارتانەی خوارەوەی گرتە خۆ:–

-1پارتی دیموكراتی كوردستانی (پ . د . ك)

-2یەكێتی نیشتمانی كوردستان ( ی . ن . ك)

-3حزبی شیوعی عیراقی (ح . ش . ع)

-4پارتی جەماوەری دیموكراتی عیراق (پ . ج . د . ع)

-5حزبی ڕەنجدەرانی كوردستان (ح . ر . ك)

-6حزبی سۆشیالی كوردستان (ح . س . ك)

-7حزبی سۆشیالی كورد (ح س . ك)

-8بزوتنەوەی دیموكراتی ئاشووری ( ب . د . ئا)



www.kurdistannet.org

بەشێکی زۆربەی کوردستانی عیراقیان داگیر کردووە و دەسەلاتێکی باشی دیموکراتیان تێدا دامەزراند. لەمەودوا حکومەتی ناوەندی دەسەلاتی خۆی لەم هەرێمەدا کێشایەوە بە مەبەستی ووروژاندنی بارودۆخی بێ یاسایی و بێ کارگێری وبەڕێوەبەرایەتی لە هەرێمەکەدا دروست بکات , کە بۆشاییەکی رامیاری و نائارامی وا دروست بکات ببێتە هۆی شەڕ و ئاژاوە وپێکدادانی پارتیەکان لە نێوان خۆیاندا و یەکتر بخۆن ولاتەکە وێرانتر بکەن و وایان لێ بکات, کە گەلی کورد بەناچاری هاتنەوەی ڕژێم بخوازێ وخەوی پێوە ببینێ . هەروەها ئەیویست هەموو پەیمانگا و کار گوزاریەکان لەناو بچێت بەلاٌم بە پێچەوانەوە بەرەی نیشتمانی کوردستان, هەر لە سەرەتاوە دەستپێشخەرییەکی دیموکراتیانەی خستە ئەستۆی خۆیو بەئەنجامی گەیاند, ئەویش هەڵبژاردنێکی ئازادی سەربەخۆ بوو بۆ هەڵبژاردنی دەستەی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادە بوونی زۆر لە سیاسەتمەدارانی جیهانی و ئاژانسە مەزنەکانی جیهان و کەسایەتیە گرنگەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ولات, جگە لە چەندەها نوێنەری وولاتانی دۆست و پێشکەوتووی جیهانی, بە هاوبەشی هەموو پارت و کۆمەلاٌنی کوردستان , بەوەش توانی ڕێگا لە ئاواتەکانی حکومەتی ناوەندی بگرێت بۆ هەتا هەتایە.
هەروەها حکومەتێکی دیموکراتی لەسەر ئەوبنەمایەی سەرەوە , بە پێی بڕیاری پەرلەمان دروست بکات, ئەو حکومەتەش ئەزموونێکی دیموکراتی زۆر بەهادار بوو, کە بۆ یەکەم جار نەتەوەیی کورد توانی لە ژێر سێبەری پەرلەماندا ڕژێمی فیدرالی بۆ کوردستانی عیراق هەڵبژێرێ و لەوە دواش بیچەسپێنێ , بەمەش بە تەواوی هیوا سێبەریەکانی (سەراب)ی حکومەتی عیراقی پووچەڵ بکاتەوە، حکومەتی کوردستان پشتی بە ژیانەوە و دروستکردنەوەی ژێر خانی ئابووری و هەوڵی پاراستنی دەسەلات و یاساو ڕێسای رامیاری و کۆمەلاٌتیەکانی زۆر بە پەرۆشەوە دا , زۆر بە بەردەوامی هەوڵ و کۆششێکی بێ سنووری تەرخان کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو شێوە کارانە, لەسەر بنەمای دیموکراتی و بڕیارەکانی پەرلەمان و پێداویستییە هەنوکەیی و درێژخایەنی نەوەی کورد و گەلانی کوردستان بە گشتیو بێ جیاوازی, بەم شێوەیەش توانی هەموو ئەو بۆشاییانەی, کە حکومەتی ناوەندی بە کێشانەوەی دەسەلاتی خۆی زەمینە و بارودۆخی دروستی کردبوو, یا بە هیوا بوو کە بۆی دروست بێت پڕی کردەوە زۆر بە شێوەیەکی بلیمەتی و دیموکراسیانە, کەوای کرد ولاتەکە هیچ پێویستی بە حکومەتی ناوەندی نەمینێ (بنوارە سەرچاوەی : لەگەڵ هەندێ ڕوون کردنەوەی نووسەر). (CBSR, P/ 24).
بۆ یەکەم جارلە مێژووی کوردستانی عیراق گەلی کورد هەستی بە بوونی خۆی و دیموکراسیەت کردو هەوای ئازادی هەڵمژی و پەرلەمانی دامەزراند و بەشێکی زۆری لە ولاتەکەی ئازاد کرد و لە ساڵی ١٩٩٢ دا یەکەم کابینەی وەزاری دامەزراند. ئێستا کابینەی چوارەم دامەزراوە و دەستی بەکارکردوە لە سایەی ئەو کابینەشەوە بواری ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلاٌیەتی گەشاوەتەوە و ورەی هاولاٌتیان زۆر بەرەو باشتر چووەو گۆڕانکاریەکی زۆر باشی بەرەو باشتری تێدا ڕووی داوە, بە شێوەیەك, کە بە ئەزموونێکی زۆر مەزن لەلایەن ناوەندە ڕامیاری و ڕۆژنامەگەرانی دەرەوە و ناوەوە هەژمێر کراوە.

## نەوت و پلەی کاریگەری لە ئاستی ئابوری نەتەوایەتی:-

نەوت ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و دەگمەن ئەبینێت لە بواری ئابووری کوردستاندا ، هەروەك لە ژیانی ئابووری هەموو ولاتانی بەرهەم هێنەری نەوتا ئەبینێ لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. نەوت ئەو کاتە لەو پەڕی تۆپکەی کاریگەری گرنگی دابوو لە باری ئابووری جیهاندا. جگە لەوەش , کوردستان کانگای خەلوزی بەردینیشە کە زیاتر لە یەك سەرچاوەی ووزە ڕۆڵ ببینێ یا وەك تەنێك یارمەتی کاری ئامێرەکانی پیشەسازی بدات. سەرچاوەی :- (دکتۆر قاسملو لاپەڕە /١٩٨ لە ساڵی ١٩٦٥) .
بە پێی سەرچاوە مێژووییەکانی کوردستان وا دەرئەکەوێ کە (٥٠٠٠) پێنج هەزار ساڵ پێش زایینی نەوت لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە لە ناوچەکانی کەرکوك, خانەقین و موسل (نەینەوا) سەرچاوەی :- ((CBSR) نەوتی کوردستانی عیراق ژمارە /٣٩ لاپەرە /٤).



www.kurdistannet.org

نـەوتی کوردسـتان لـە چـوار وولاتـی ئەوروپی بەناوبانگ بازار و کریاری هەیە, کە ئەوانەش کریاری گرنگن, ئەوانەش:– فەرەنسا – ئیتالیا – هۆلەندا و ئەڵمانیایە. سەرچاوەی (سامی شەریف لاپەڕە/ ٢ ساڵی / ١٩٧٢) .

کوردسـتانی عـێراق بـە شـێوەیەکی گشـتی گـەلێ سەرچـاوەی جـۆرا و جـۆری ووزەی هەیـە , لـە هـەموویان گـرنگتر نەوتـە, هـەرە بـەناوبانگترین و دەوڵەمەندتـرین سەرچـاوەکانی نەوتی جیهانی لە کوردستاندایە, ئەویش:– ناوچەی کەرکوك – بابا گوڕگوڕ, کە لە ١٩٢٧ بـۆ یەکـەم جـار نـەوتی لێ دەرهێـنراوە. سەرچـاوەی:– (هاوپێچی ژمارە/ ٢) . ئەو سەرچاوەیەش کەرکوکە کە بە پێنجەمین گـرنگترین سەرچـاوەی نـەوتی جـیهانی ئەژمێررێ لە بارەی توانای بەرهەم هێنانەوە. ئەم ناوچەیەش درێژاییەکەی ((٦٠ )) میلە لە بەرزایـیدایە و پانـیەکەی (٢,٥) مـیلە ، ئـەو ناوچـەیەش لـە ناوەڕاسـتدا زێـی گـەورەی پێدا ئەڕوا و ناوچەکە درێژ ئەبێتەوە هەر لە ناوچـەی تایچـیلی کەرکوکـەوە تـا ئەگاتـە دیبەگە لە هەولێر (پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان). لەوەش زیاتر دوو ناوچەی تـری نـەوت هەیـە ئەوانیش: جامبور , کە لە ساڵی, ١٩٥٤ نەوتی بەرهەم هێناوە و بیری نەوتی بای حەسەن, کە لە ساڵی ١٩٥٣ وە نـەوتی لێ دەردەهێـنرێ, کـە ئـەوەندەش لێك دوور نین. بەشێوەیەکی گشتی سێ بیرەکەی کەرکوك قولاّییەکانییان (١٥٠٠ – ٣٠٠٠) پـێیە.

کـۆی ئـەو بیرانەی لە ناوچەکەدان (٤٤) بیرە ڕێژەی ڕۆژانەی بەرهەمیان (٣٥٠,٠٠٠) بەرمیلە, هەرچەندە توانای هەندێ لەو بیرانە بە تەنـیا ئەگاتـە (١٠٠,٠٠٠) بەرمـیل. توانـای بیرەکانی ناوچەی کوردستان لەنیوەی توانای بەرهەمی نەوتی عیراقی زیاترە, کە ئەگاتە نـزیکەی (١٨٠,٠٠٠,٠٠٠) ملـیون تـەن لـە سـاڵی /١٩٧٩ لـە هـەمان کـاتدا کۆی بڕی پارەکەی گەیشتە (١٨٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵی /١٩٨٠ سەرچاوەی :– (CBSR ١٩٩٩ ژمارە /٣٣ لاپەرە ٦٢–٦٣ )

بۆریە نەوتە گرنگەکانی کوردستانی عیراقی ئەمانەن:–

١. کـەرکوك – حـەیفا (ئیسرائیل) ئەم بۆریەش لە ساڵی ١٩٤٨ داخراوە لە ئەنجامی شەڕی ئیسرائیل – عەرەب, تیرەکەشی (٣٠ گرییە) و درێژیەکەی ١٩٩٠ کم.
٢. بۆری ترییۆلی کەرکوك (لبنان) ، ئەم هێلەش بریتیە لە سێ بۆری بە درێژای (٨٥٠) کم.
٣. هێلی کەرکوك – بانیاس (سووریا) کە ئەگاتە سەر دەریایی سپی ناوەڕاست و درێژیەکەشی (٨٨٨) کم .
٤. هێـلی کـەرکوك – دورتـۆل (تورکـیا) لەسـەر دەریـای سـپی ناوەڕاسـت , ئەمەشـیان لـە دوو بـۆری پێك دێت , کە تیرەی هەریەکەیان (٤٠ گرێیە) و درێژیەکەشی (١٠٠٥) کم.

جگـە لـە سەرچـاوەی سـامانی نـەوت, سەرچـاوەی گـازیش هەیـە ,ئـەویش بـە تایـبەتی لـە کـێڵگەکانی نـەوتی کـەرکوك, هەروەها سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی خەڵووزی بەردین هەیە. سەرچاوەی:– (خشتەی ژمارە/ ٣).

هەناردنـە دەرەوەی نـەوتی کوردسـتانی عـێراق لـە ساڵی (١٩٣٤) وە دەستی پێ کردوە , لەو کاتەدا , کە نەوت گرنگی و کەلکێکی ئـەوتۆی نـەبوو, سەرچـاوە و داهاتەکەی حکومەتی ناوەندی دەستی بەسەراگرتبوو, هەتا گەلی کورد ڕاوێژیشی پێ نەئەکرا, کە ئایا حکومـەتی عیراق بۆ چ مەبەستێ بەکاری دێنێ ، ئەم کێشەیە هەتا ئێستا یەکێ لە کێشە گەورەکانی گەلی کوردە لە گەل حکومەتی عیراقـیدا, سـامان و داهـاتی نـەوتی کوردسـتان لەلایـەن حکومـەتی عیراقـیەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی هیچ بەشێکی کوردستان بەکار نـەهاتووە, بـەلاّم بـە پێچەوانەوە حکومەتی عیراقی هەموو کاتێك بەتایبەتی بە درێژایی سەدەی بیستەم هەر خەریکی چەك کرین و دژایـەتی کـردنی کـورد و هـەوڵی توانـەوەی ئـەو نەتەوەیـەی داوە لـە چـوار چـێوەی عـەرەبی عیراقدا لەبەر ئەوە هەموو هەولێکی دەگمـەن و نـا هـەمواری لـەو پێـناوەدا گرتەبەر و چەندەها کارەساتی جۆراو جۆری سامناکی بەسەر کورد هێناوە بۆ مەبەستی بە عەرەبکـردنی کـورد و ڕاگواسـتی بـۆ کۆمـەڵگا زۆرە ملـێکان, بەتایـبەتی خـەڵکی گونـدە پـڕ بەرەکەت و جوانەکانی کوردستان, کە جـێگای سـامان و خـێرو دەرامـەتی هەرێمەکـە بـوون ،خـەلکی ناوچەکە زۆر نامرۆڤانە و دڕندانە ڕاگوێزران بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان لـەوێش بـێ کـارو کاسـبی هێشـتینەوە تا کردنیە سووتەمەنی جەنگی عیراق – ئێران , بەلام حکومەتی کوردستان بە پێی گرنگی و



www.kurdistannet.org

پێشـەنگی کارەکـان دەسـتی کـرد بە دروستکردنەوەی سەرخان و ژێرخانی کوردستان ، بۆ یەکەم جار توانی دەستی بگاتە داهاتی نەوتی خۆی و بە پێی پێداویستیە گرنگەکانی خەڵکی کوردستان خەرجی بکات, ئەویش بەهۆی داهاتی بڕیاری ( SCR / ٩٨٦).

## _3-3-چالاكییە بازرگانییەکانی کوردستانی عیراق

بازرگانی ڕۆڵێکی گـرنگی هەیـە, لەگەشەسـەندنی ئـابووری کوردسـتانیعیراق لـە مێژووی هەموو سەدەکانی کوردستاندا, هەروەها کاریگەرییـەکی زۆری هـەبووە لەسـەر پـێکهاتەی گۆڕانکاریـەکان, ئەمـەش تەنـیا بـۆ کوردسـتانی عیراق نیە, بەڵکو ئەم کاریگەرییە گـرنگە لـە هـەموو وڵاتـانی دنیا بـە هـەمان شـێوەیە و زۆر پێویسـتە بۆ گۆڕانکاری باری گوزەران و دەرامەتی جۆراو جۆری هەموو وڵاتان.

لەبـەر ئـەوەی بـاری ئـابووری بـە بـەردەوام لـە گۆڕانکاریدایـە, ئـەوەش لـە ئەنجامـیدا بۆتـە هـۆی زۆر بوونـی ژمـارە و گۆڕاندنـی پێداویسـتییەکانی ژیـان بـە بـەردەوامی. بـە دەنگـەوە هاتـنی ئـەو پێداویسـتیانەش هەموو دەمێ بەهۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئاوەدانکـردنەوە و گەشەسـەندنەوە پـەیدا ئەبێـت لـە زیـاد بـوون و پەرەسـەندن و گۆڕاندایـە, ئـەویش بە ڕێگای باری ئـابووری و بازرگانـیەوە چارەسـەر ئەکرێـت, جـا لەبەر ئەوەش, باری ئابووری بەرەو ئاڵۆز و تێکەڵاوبوون ئەچێت, هەروەها کێشەو ئاسـتەنگەکانی ڕۆژبـەڕۆژو بـەردەوامی پـتر دەبـن, بـە شـێوەیەك پـتر بوونی کێشەکان بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە ڕێژەی گەشەسەندنی خودی ئابووری خۆی.

بازرگانی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە هەموو وڵاتە جیاجیاکانی جیهان ,نەك هەر لە کوردستانی عیراق .

ئـەو گرنگیەش بـە پێی زۆری چەند وەەند و شێوە و جۆری سەرچاوە ئابووریەکانییەتی کە لە پارێزگاکانی کەرکوك, دیالە و موسل ناوچەکانی خانەقین و کفری و گەرمیان هەیە .

ئـەم ڕامیاریـە دوژمنایەتیـەی حکومـەتی عیراقی بە بەردەوامی ڕەچاوکراوە کات لە کات بە گەرمتر پەیرەوی ئەکا هەتا پاش سەر هـەڵدانی سـاڵی ١٩٩١ و ئێستاشی لەگەڵدابێت هەر بەردەوامە و هەموو ڕێگایەکی خراپ و چەوت و چەوێل وخرا پەکاری و کوشتن و بڕین و تۆقاندن بۆ ئەو مەبەستە ئەگرێتە بەر و لەگەڵ شەیتانیش هاریکاری و هەماهەنگی ئەکا بۆ ئەم مەبەستە.

لەلایـەکی تـرەوە حکومـەتی هـەرێم بـە هەموو هێز و توانایەکیشیەوە ڕۆژ و شەوی خستۆتە سەر یەك بۆ ئەوەی هەماهەنگی هەموو پارتـیەکان و ئاژەنسـەکانی ڕێکخـراوە حکومـی و نـاحکومی و دەرەوە و نـاوەوە و هـەموو کەسـانی کـورد و نـاکورد لەهەر کوون و قوژبنـێکی جـیهان و کوردسـتانی عـیراق کـردوە بـۆ ئـەوەی چی زووە بتوانێ کوردستان ئاوا بکاتەوە و ژێر خانی ئابووری ووڵاتەکە دروسـت بکاتـەوە و بـار و دۆخـێك بێنیـتە کایـەوە کـە نەتـەوەی کـورد بـە سەربەسـتی و تێر و پڕ لە ژێر سێبەری ئاڵای فیدراڵی بە بەختـەوەری بژیـەت ,هـەروەها هـەر بەردەوامە لە دروست کردنی پرۆژەکانی کاتی و درێژخایەن ، لەم دە ساڵەی پاش سەرهەڵدانی پـیرۆزی بـەهاری/ ١٩٩١ هـەتا ئێسـتا ,کابینـەکانی یـەك لەدوای یەکی حکومەتی کوردستان زۆر بە پەرۆشی و دڵسۆزیەوە بەردەوام بوون لەو بوارەدا, کە جێگای شانازی هەموو کورد و هەموو کەسێکەلە هەموو جیهاندا. سەرچاوەی:

( KRG kurdistan reconstruction Raport, لاپەرکانی ((٥١ – ٨٠ ساڵی ٢٠٠٠)).

کوردەکـان کـە بۆیەکـەم جـار لـە مـێژووی جـیهاندا دەسـەڵاتی بەڕێوەبـردنی خۆیـان بـە ڕەنـج و خوێنـیان دامەزراندوە وبەهەوڵ و هاریکـاری نـێو دەوڵـەتی توانـیان خۆیان دەست بەسەر زۆربەی پانتایی ووڵاتەکەیان بگرن و حکومەتێکی دیموکراسی و ئەزمونێکی بەرفـراوان بێننەکایەوە لە ناوچەکەدا, کە زۆر بەدڵسۆزی چەندەها پرۆژەی گەورە و بچووکی گرنگ و پێشەنگی بازرگانی و ئابوورین لـە کوردسـتانی عـیراق دامـەزراند لـە پـاش ڕاپەڕینی ئاداری / ١٩٩١ ئەم پرۆژەو هەوڵانە پەرەی سەند و پاش گۆڕانگاریەکی زۆر لە بواری ئابووری, دارایی , ڕامیاری و بەڕێوەبردنی کە بە ئەنجام گەیشت لە ووڵاتەکەدا.

سەرچاوەی:– ((لاپـەڕە ١٦٣ ,ساڵی ١٩٩٩ / A zIz G )).



www.kurdistannet.org

جگە لەوەش زۆر گۆڕانکاری لە بوورای دیموکراسی ولآت هاتە ئەنجام, هەروەها جموجۆلێکی گرنگیش لە باری ئابووری و کۆمەلآیەتی هاتنە ئەنجام. ئەوەشمان لە بیر نەچێت ,کە یەکەی دابەشبوونی جوگرافی سامانەکانیش ڕۆلی خۆی هەیە لەپێشکەوتنی باری ئابووری و بازرگانی بە پێی دابەشبوونیان بەسەر شوێنە نزیکەکانی سنوورەکانی عیراق, تورکیا , ئێران , سوریا, کە هاوسێی سنووری هەرێمی کوردستانن . هەروەها دابەشبوونی کەرەسەو تەنەکان بەشێوەیەکی بەکەلك, یابێ کەلك دیسان ڕۆل ئەبینێ لەو بوارەدا، کەئێستا زۆربەی پێداویستیەکان و زۆربەی کەرەسەکان لە ولاتەکەدا بەرهەم نایەت بەهۆی گەمارۆیUN لەسەر عیراق و کوردستان جگە لە گەمارۆی عیراق لەسەر ناوچەی هەرێمی کوردستانی عیراق لەم ماوەی دە سالی رابوردووەدا .

کەرتی بازرگانی لە کوردستاندا ئێستا ڕۆلێکی زۆر پیشەنگ و قەشەنگ ئەبینێ و بەتەواوی وریکوپێکی ڕۆلی خۆی پیادە دەکا.

لە دوای دەست بەکار بوونی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك (٩٨٦) کەرتی تایبەت وەهەندێ کۆمپانیای بیانی گەلێ کاری بازرگانیان بە ئەنجام گەیاندووە ، ئێستا کە پتر لە (١٣) کۆمپانیای بیانی و کوردی لە ولاتەکە بازرگانی دەکەن .سەرچاوە:

( برایەتی رۆژی ٢٠٠١/٨/١٩ ژمارە /٣٤٦٤).

لەدوایین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە هەولێر گیرا , ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا سیستەمی بازاڕی ئازاد پەیرەو بکات لە هەرێمەکە دا ، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کرد ، کە پشتی کەرتی تایبەت بەتایبەتی کەرتی بانك بگرێت لە هەرێمەکەدا.

بۆ ئەو مەبەستەش بانکی ناوەندی هەولێری دروست کرد و لەگەل چەندان بانکی تر ، هەروەها زۆربەی بانکەکانی تری نۆژەن کردەوە و فراوانی کردن ، لە ٢٠٠١/٨/١٦ بانکی ناوەندی ناوبراوی لەژێر چاوەدێری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی چوارەمی هەرێم ،ئامەنگی کردنەوەی بانکەکە ساز درا .

هەر لە باری ئەو چالاکیانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان (٥٥)پەنجا وپێنج ملیۆن دیناری دایەوە بەو کەسانەی کاتی خۆی ,کە حکومەتی ناوەندی پێش ڕاپەڕین بالآ دەست بوو لەبانکەکان دایان نابوو چی بەشێوەی پاشەکەوت یا بەشێوەی ئاسایی

.سەرچاوەی : ( رۆژنامەی برایەتی رۆژی ٢٠٠١/٨/١٥).

گرنگی بازرگانی لە کوردستان لەپاش سەرهەلدانی سالی /١٩٩١ بەبەردەوامی هەر بەرەو پێشەوە چووە .

هەر لەو بوارەشدا ناوچەکە پەیوەندییەکی بازرگانی فرە چەشنی لەگەل ناوچەکانی حکومەتی عیراق بەستووە ، جا لەبەر ئەوە زۆربەی پەیوەندییە بازرگانییەکان بەقاچاخ ئەکرێن و هەندێکیش وەك هێنانی نەوت وگازۆیل و ....هتد لەرێگای ( UN )وەیە بەشێوەیەکی گشتی هێشتا پەیوەندییەکی بازرگانی هەمەلایەنەیی لەگەل حکومەتی ناوەندی هەیە و زۆریش گرنگە بۆ هەردوولا.

ئەو چەشنە بازرگانیەش لەپاش داگیر کردنی کوێت لەلایەن عیراقەوە و پیادەکردنی گەمارۆی ئابووری لەلایەن UN وە سەپانرا بەسەر عیراقدا ، ئەوسا ئەو چەشنە بازرگانییانە هاتنەکایەوە .

بەلام لەبەر هۆی ڕامیاری وبەرێوەبردنی ئەم چەشنە بازرگانیە هیچ زانیاریەکی وورد و پوختەمان لەبەر دەستدا نیە .

سەرچاوەی:(لاپەرە :١١٨, ١٩٩٩ / AZIZ G ) .

لە دوای ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کە دەستی گرت بەسەر بەشێکی سنوورەکانی کوردستان بۆ یەکەم جار لە عیراقدا کوردەکان توانیان هەموو دەسەلآتێکی خۆیان پیادە بکەن بەسەر هەموو کاروباری بازرگانی خۆیاندا . هەروەها کاروباری خۆیان لەگەلێ ولاتانی هاوسێی خۆیان رێك بخەن و ئالو گۆر و کڕین وفرۆشتن ئەنجام بدەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ, هەروەها لەگەلێ وولاتەکانی ئەوروپا و کوردستانی عیراق بۆتە قوربانی گەمارۆی دووفاقەی (UN )و عیراق بەجووتە کاریگەریان کردە سەر وولاتەکە یان بە شێوەیەکی کاریگەر , ئەوەش جگە لە جێگاو شوێنی ستراتیجیو گرنگی



www.kurdistannet.org

پلـەی بازرگـانی ئـەو هەرێمـە ، هـەروەها ئـەو هەرێمە کلیلی بازرگانییە , باشیەکەشی ئەگەڕێتەوە ، بۆ ئەو دەسەلاتی بەڕێوەبردنە باشەی , کە لە هەرێمەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەیبا بەڕێوە
دکتۆر کەمال خەیات ( ١٩٩٩/ لاپەرە ٢٦–٥٣ ).

## 4 – 3بڕیاری سزا ئابوورییەکانی /٩٨٦ ی نەتەوەیەکگرتووەکان:-

لـەمانگی /٨/١٩٩٠ ئەنجومـەنی ئاسایشـی نـێو دەوڵـەتی بـڕیاری /٦٦١ ی دەرکـرد دژی عـیراق بەم کارەش کۆمەڵێ سزای ئابووری سەپاند بەسەر عیراقدا و بەهۆی ئەو داگیرکردنەی عیراق بۆ وڵاتی کویت بۆماوەیەکی کورت .
لـە سـالی ١٩٩١ بـەهۆی هۆکـارە مرۆڤایەتـیەکانی گـەلی عـیراق و کارەسـاتەکانی ,کـە بـوو بـەهۆی سـزا ئابوریەکانی نێو دەوڵەتی تووشـی هـات و چەندەها پێوەر و کێشەی تر سەری هەڵدا،لەبەر ئەوە دەسەلاتی (U N ) ڕێگای بە عیراق دا کەبتوانێ بڕی نەوتی خـۆی هـەموو (٦) مـانگ جـارێك بفرۆشـێ بـە بـڕی (٢) ملـیار دۆلاری ئەمریکی بۆ فریاکەوتن و کڕینی پێداویستییەکانی گەلی عیراق بەگشتی .
بـەلام حکومـەتی عـیراق ئەم بڕیارەی پەسند نەکرد و ڕەتی کردەوە . لەوە دواش بڕیاری (٧٠٦،٧١٢) لەمانگی (٨، ٩)ساڵی ١٩٩١ لەلایەن ( U N )ەوە دەرچوون
سەرچاوەی : – (بڕیاری نێو دەوڵەتی/نەوت بەرامبەر خۆراك – بنۆڕە هاوپێچی ژمارە/٤).

بـڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك بڕیارێکی یەکگرتووە ، کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچووە ، بەمەبەستی چارەسەری کێشە مرۆڤایەتـیەکانی گەلانی عیراق ,بۆ ماوەیەکی کاتی ، کە بۆ پیادە کردن و مانەوەی سزا ئابووریەکانی سەر عیراق بۆ گەمارۆدانی لە مەودایـەکی دیاریکـراودا بـۆ پـیادەکردنی ئـەو مەرجانـەی کە لە لایەن ( UN )ەوە سەپێنراوە بەسەر عیراقدا لە دەرئەنجامی داگیر کـردنی کوێـت و لەناوبـردنی چـەکە کۆکوژەکـانی عـیراق , ئـەوەش بـووە هـۆی گیروگرفتـێکی زۆر بۆ گەلی عیراق لە ڕووی ڕامیاریو دەروونی وبازرگانییەوە , ئەو بڕیارە هەموو ئەو لایەنانەی گرتبووە خۆی .
حکومـەتی عـیراق هـیچ هـەوڵ و کۆششـێکی لـە بـواری مـرۆڤایەتی نـەدا بـەلام هـەولی دا بەباشـترین شـێوە بـەکاری بێـنی بـۆ بەرژەوەندییەکانی خـۆی و مەبەستی مانەوەی دەسەلاتی دیکتاتۆری لەجیاتی ، چارەسەری کێشە مرۆڤایەتیەکانی گەلانی عیراق , دوا جـار نەتـەوە یەکگـرتووەکان بـڕیاری / ٩٨٦ لـەباتی ٧٠٦ دەرکـرد ، بـەلام هێشـتا حکومەتی عیراق ئەم بڕیارەشی ڕەتکردەوە وبەرامبـەری وەسـتا بـەلام لـە دوایـیدا پـاش ( ٥ ) سـالٚ بەناچـاری مـلی نـاو قبولی کرد لەمانگی / ٥ ساڵی ١٩٩٦ پاش ئەو هەموو ئەشکەنجەی کەوا گەلانی عیراق چەشتیان
.سەرچاوەی : – ( هاوپێچی ژمارە ٥ ) ( سیامەند بەنا ساڵی /٢٠٠١ لاپەرەی ژمارە / ٢ ).

بـڕیاری ناوبـراو (١٣ ٪ ) لـە پوخـتەی سامانی داهاتی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراکی تەرخان کردوە بۆ ناوچەی هەرێمی کوردستان بـەو مەرجـەی ڕاسـتەو خـۆ لەژێـر چـاودێری و سەرپـەرشـتی (U N ) وهـەندێ لـە ڕێکخـراوە ناحکومـیەکان خەرج بکرێ , لەبوارە مرۆڤایەتـیەکانی گـەلانی کوردسـتان بەگشـتی ، ئـەو پێداویسـتییە مرۆڤایەتـیانەش هـەرە پێشـەنگیان خواردەمـەنی و خۆراکـە سـەرەکیەکانە و هـەندێ بالٚی تری پێداویستییە مرۆڤایەتیەکانن لە سەرەتای بڕیارەکە( ١ ) بەلام لەوە دوا / ١٩٩٧ ئەو بڕیارە بالٚی کێشا بۆ زۆر بەرهەم وپێداویستی مرۆڤایەتی تری ، کەوا بەگشتی ئەم کەرتانەی خوارەوەی گرتەوە :–
خواردەمـەنی ، کـڕین و ئـەرکی گەیاندنـە دەسـتی هـاوولاتی ، تەندروسـتی ، کەرەسـە و کـالای یەدەگی نەوت ناردن و دەرهێنان ، کارەبـا ، ئـاو ، کشـتوکالٚ ، پـەروەردە ، پـەیوەندی نـاوخۆ و جـیهانی تەلـەفۆنی و هـەموو شـێوەکانی تـری پـەیوەندی، کاروباری گواستنەوە ، دروستکردنی خانوو ، ئاوەدانکردنەوە ، نیشتەجێ کردن و کاروباری ئاوارە و پەناهندەکان



www.kurdistannet.org

.سەرچاوەی :  ( راپۆرتی(U N ) بریاری/٩٨٦ مانگی/ ٦لاپەرە/٦٥ /ساڵی١٩٨٨ ).

لەبارەی کوردستانی عێراقەوە بیرخەرەوەی تێگەیشتن( Memorandum ) کە بەشێك بوو لەبریاری /٩٨٦ (نەوت – بەرامبەر بە خۆراك) ئەو بیرخەرەوەی تێ گەیشتنە لەبەشی /٥ لەبەندی /٢٠ دا ئەڵێ :–
کرینی پێداویستەکانی هەر سێ پارێزگاکانی هەولێر , دهۆك و سلێمانی لەلایەن ( UN ) وە ئەبێ بەیەکسانی دابەشکردنی ئەو پێداویستیانە بە پێی هاوپێچی ژمارە /١ بریاری( نەوت –بەرامبەر بە خۆراك )لاپەرە /٢ ساڵی/١٩٩٧ )، بەپێی بریاری ناوبراو, ناوچەی هەرێمی کوردستان بەگشتی (١٣٪) داهاتی سامانی نەوتی عێراقی بۆ تەرخان کراوە, بۆ دابین کردنی پێویستییە مرۆڤایەتییەکان و نیشتەجێ کردن ودروست کردنەوەی کوردستانی عیراق وئاوەدانکردنەوەی, کە ئەوەش بەهاوکاریوهەماهەنگی دەسەلاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەگەل رێکخراوەکانی ( UN ) و بەهاوکاری تێکرای هەموو رێکخراوەکانی حکومی وناحکومی دەرەوە و ناوخۆییەکانئەنجام دەدرێت.
بەرێز دکتۆر شەفیق قەزاز وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەڵێ:–(ئەو پرۆگرامە بەبەردەوامی بە بەرنامەیەکی رێك وپێك ئەچێ بەرێوە ، کاریگەریەکی زۆری بەسەر ناوچەکەو دانیشتوانی ئێمەوە هەیە زۆر بەکەڵك و بەسوودە هیوادارین هەر بەردەوام بێت) .
سەرچاوەی :– ( دکتۆر شەفیق قەزاز ساڵی / ٢٠٠١ لاپەرە /٢ )

پرۆگرامی بریاری ناوبراو لە لایەن (UN )ەوە جێبەجێئەکرێ بەهەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەو مووچەخۆرانەو ئەوانەی چی لەحکومەتی هەرێم کاردەکەن ,هەروەها ئەوانەی لەلای رێکخراوەکانی·UN) )کاردەکەن هەموو تێکرا هەماهەنگی وهاوکاری ئەکەن لە پێناو ئەنجامدانی ئەم پرۆگرامە بەرێکو پێکی و سەرکەوتویی .
جگە لەوەش بریاری ناوبراو بە بودجەیەکی رێکوپێکی بەردەوام پشتگیری هەرێمەکە ئەکات ، لەهەمانکاتدا حکومەتی هەرێم بەهەموو توانایەکی دارایی وئابووری ولەهەموو رێگا دروستەکانی ژیان هەولی زۆرباش و سووپاس کراوی بەجێهێناوە بۆ خۆشکردنی ژیانی هاووڵاتیانی گەلانی کوردستانی عیراق بێ جیاوازی وچاکسازییەکی باشیشی وەدەست هێناوە .
هەروەها پرۆگرامی ناوبراو رۆلێکی زۆر گرنگی بەجێهێناوە لەبواری نیشتەجێکردن و ژیانەوەو،ئاوەدانکردنەوەی گوند ودێهاتەکانی کوردستانی عیراق ,زۆربەیان هەر وێران بوو بوون و خەڵکەکانی چ کیمیاباران ، یا ئەنفال کرابوون ، یا(جینۆساید)بەکۆمەل کوژ کرابوون ، یاخود راگۆێز کرابوون بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان ئەو ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی ئەنجامیداوە لەو چەند ساڵە کەمەی رابوردوو بەتایبەتی لەژێر سێبەری کابینەی (٣ ,٤) حکومەتی هەرێمدا , حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی پێشوی عیراق لە ( ٢٠)ساڵی رابوردوو نەیتوانی ئەوە بە ئەنجام بگەیەنێ.

پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراك لە کۆتایی ساڵی / ١٩٩٦ دەستی پێکرد وپیادە کرا دوای ئەوەی حکومەتی عیراق و ( U N ) لەسەر درێژەی بریارەکەو ووردەواتەکانی رێك کەوتن ، ئەویش ئەوەی ئەگرتە خۆ کە مۆلەت بە حکومەتی عیراق ئەدات ، کە بایی دوو ملیار دۆلاری ئەمریکی لەنەوتی خۆی بفرۆشی لەماوەی (١٨٠) رۆژدا . ئەم سنووردار کردنی بری نەوتە لەساڵی ١٩٩٨ بەردەوام بوو بەلاّم لە ساڵی ١٩٩٩ ئاسانکاری تر کراو , ئەو سنووردارییە هەلگیرا و ئاسۆی پرۆگرامەکە لەتەنیا خۆراکەوە گۆرا بە شێوەیەك کە بوارەکانی تری , واتە نەوت بەرامبەر هەموو شتێك ,وەکوو هەندێك بواری گەیاندن و مرۆڤایەتی بگرێتەوە وەکو دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابووری ، ئاوەدانکرنەوە هەروەها بوارەکانی پتر کردنی پیشەسازی نەوت
.سەرچاوەی :– (راپۆرتی (UN ) ساڵی ١٩٩٨ لاپەرە /٣ فەیسی لە ٩٩٦/١٠/١٠ وە دەستی پێکرد ولە ٩٩٧/٦/٧ کۆتایی هات ).

www.kurdistannet.org

لە ١٩٩٦/١٠/١٥دا یەکەم بڕی نەوتی عێراق ڕەوانە کرا ، یەکەم دەستەی بەلێندەرەکانی کڕینی نەوتی عێراقی لەمانگی ١٩٩٧/١٢ پێك هاتن و پارەی کڕینەکەیان پێشکەش بە ( U N ) کرد .

لە ٢٠٠١/٦/٣٠ ژمارەی فەیسەکان گەیشتە (١٠) فەیس, دوا فەیس بڕی پارەکەی کردیە ٧١١ ملیۆن دولاری ئەمریکی لە ٧/٢٧/ ٢٠٠١ .سەرچاوەی : – ( ژمارە قۆناغیەکانی ( U N ) ساڵی /٢٠٠١ لاپەرە/ ١ بریاری /٩٨٦ ).

لە فەیسی دەهەمی ئێستای پرۆگرامەکە ، کە لە ٢٠٠١/٧/٤ وە بەردەوام بوو تا /٢٠٠١/١١/٣٠ ونزیکەی ٩٦,٣ملیۆن بەرمیل نەوت نێردراوەتە دەرەوە لەڕێگای (دوبەی) کە نزیکەی ٢,١٥ملیار دیناری عێراقی نرخی فرۆشتنەکەی بووە ، کە ئەکاتە ١,٩٦ملیار دولاری ئەمریکی ,سەرچاوەی :– ( ڕاپۆرتی (U N O I)( U N)/١٨ – ٢٤ /٢٠٠١/٨ ).

لەم شەش ساڵەی ڕابوردوو دا زۆر گەشتیار و میوانی ئەوروپایی و ڕۆژ ئاوا و وڵاتانی تر ڕوویان کردۆتە کوردستانی عێراق وبەچاوی خۆیان دیتویانە, کەوا پرۆگرامی /٩٨٦ زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گەلانی کوردستان ,لە هەموو بوارەکانی ژیانداو ، بەتەواوی دڵنیا بوون لەوەی ، کەوا ئەو پرۆگرامە کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر ئاوەدانکردنەوەو گەشەسەندنەوەی وڵاتەکە سەر لەنوێ و،هەر لە هەموو بوارەکانی گەشەسەندنەوەی ئابووری و دارایی و ژیانی کۆمەلایەتی هاووڵاتیانی هەرێمەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆو گشتی.

سەرچاوەی :– ( لۆرد ئەحمەد / دەنگوباسی کوردستان ت.ۆ ئێوارەی /٢٠٠١/١١ )

هەروەها پرۆفیسۆر (کارۆل ئۆلێری) کە لە ئەمەریکا و لە زانکۆی "ناوەندی جیهان بەئاشتی بوون کاردەکا" بیرو بۆچوونی وایە : (کە ئەو پارەو پوولانەی داهاتی سامانی نەوتی حکومەتی عێراق هەر لەدێرینەوە تا ئێستا هەر بەشێوەیەکی خراپ بەکاری هێناوە ، بەڵام لە کوردستانا بە پێچەوانەوە زۆر بەرێك وپێکی بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەو دانیشتوانی بەکار هێنراوە. سەرچاوەی : (کارۆل ئۆلێری –ڕۆژنامەی واشنتن پۆست ٢٠٠١/٧/١٥ )

کوردستانی عێراق زۆر گۆڕانکاری جۆراو جۆری گرنگی بە خۆوە دیوە "ح.هـ . ك" داهاتی خۆی هەیە و ، داهاتەکانی هەمووی تێکرا بۆ کاروباری ئاوەدانی و دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابووری ڕوخاوو و بەرژەوەندی هەنووکەیی و درێژخایەنی خەڵکانی کوردستان بەکار هێناوە ، ئەو ڕێژە داهاتەی ,کە (١٣٪) داهاتی سامانی پرۆگرامەکەی بریاری /٩٨٦ , هەموو ئەو کارانەی کە باسمان کردن پێی ئەنجامدراون ، ئەویش گرنگی و کاریگەری پرۆگرامەکە لەسەر دانیشتوانی وولاتەکە دەر ئەخا بەڕوون وئاشکرایی بێ ئەوەی گومانێك بهێلێتەوە .

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش داهاتی هەمە جۆرەی خودی هەرێمەکەی هەیە , بەکاری دێنی بۆ دانی مووچەی کرێکار و فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان , هەروەها پرۆژە جۆراو جۆرەکانی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە بە بەرژەوەندی هەنووکەییەکان ودرێژخایەنی خەڵکانی کوردستانەوە هەیە .

حکومەتی کوردستان هانی سیستەمی بازاری ئازاد ئەدا وپشتی ئەگرێ زۆر چالاکانە ، چونکە بڕوایان وایە , کە ئەو ڕژێمە لەبەرژەوەندی خەڵکانی هەرێمەکەیە ، لەسەرەتای بریاری /٩٨٦ دەست بەپیادەکردنی کرا هەتاکو ئێستا بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان لەداهات کردوویەتە(٤,٤٤٢,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی و وا بەشکراوە لەنێوان پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك .سەرچاوەی :– (چالاکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی/٢٠٠١ / لاپەرە ١ )

کەرتیتایبەت , ئێستا لە کوردستان و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گرینگی پێدراوە, وە بەهەند وەرگیراوە و لەدوا کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان, کۆنگرەی دوازدە هەمدا(١٢ ) باسی لێکراوە و ووتووێژێکی تێرو تەسەلی لەسەر کراوە و پشتگیری لێکراوە و ڕۆلی بۆ دابینکراوەو , داوای گەشە سەندنی کراوە .

www.kurdistannet.org

ئێستاکە لە کوردستانی عیراقدا نزیکەی (٤٣٧) کۆمپانیای ناوخۆ وبیانی هەیە لەوانە (١٩) کۆمپانیای تورکیە ئەوانەش حکومەتی هەرێم مۆڵەتی پێداون .

بڕیاری /٩٨٦ رۆڵێکی گرنگی هەیە ، بۆ گەشەسەندنی چالاکیەکانی کەرتی تایبەت ، جگە لە هەموو کەرتەکانی تر .سەرچاوەی :–
(خشتەی ژمارە ٤ ڕۆژنامەی برایەتی ٢٠٠١/٨/١٥ ژمارە ٣٤٦١ –کوردستان)

خشتەی ژمارە /٤ :–

ژمارەی مۆڵەتەکانی هێنانی کەرەسە وکالاکان /بواری بازرگانی ماوەی ١٩٩٧ –– ٢٠٠٠

| ژمارەی مۆڵەتەکان | ساڵ |
|---|---|
| 1053 | 1997 |
| 1975 | 1998 |
| 1973 | 1999 |
| 1062 | 2000 |

سەرچاوەی :– ( بەڕێز نەوزاد ڕەجەب بۆتانی ,وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠١ – رۆژنامەی برایەتی ژمارە /٣٤٦١ لە ٢٠٠١/٨/١٥ – کوردستان ).

کاردانەوەی ئەم پرۆگرامە لەسەر کوردستانی عیراق و لەهەردوولاوە چی لەسەر حکومەتی هەرێم و گەشەسەندنی, هەروەها لەسەر خەڵکانی وڵاتەکەو ئاوەدانکردنەوە وپێشوە چوونی وڵاتەکە, لەم بوارەشدا حکومەتی هەرێم و ئاژانسەکانی حکومی وناحکومی دەرەوە وناوەوە لەگەڵ خەڵکانی وڵاتەکە هەموو تێکرا بەیەك دەست هەماهەنگیوهاریکاری ئەکەن لەو بوارەدا ، ئێستا ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی مرۆڤایەتی لەهەرێمەکەدان کەژمارەیان (٤٠) رێکخراون کە ئەمانەی خوارەوە هەرە گرنگەکانیان :–

1-FAO رێکخراوی نێو دەولەتی " U N " بۆکاروباری کشتوکاڵ .
2- UNESCO = = = "UN " = = رۆشنبیری .
3- UNCHR ---------
4- UNHCR ----------
5- UNICEF ----------
6- WFP رێکخراوی نێودەولەتی " UN" بۆکاروباری خواردەمەنی .
7- WHO = = = = تەندروستی .
8- EACO
9- QANDIL رێکخراوی ناحکومی قەندیل بۆکاروباری ئاوەدانکردنەوە .
10- SCF-UK = = مندال پارێزی بەریتانی .
11= KRO = = ناوخۆیی بۆ ئاوەدانکردنەوە .
12= MAG = = بۆهەڵگرتنەوەی مین .
13- ACRON
14- 4RS رێکخراوی ناحکومی بیانی .



www.kurdistannet.org

سەرچاوەی :– (بڵاوکراوەی مەکتەبی ناوەندی دیراساتی پارتی دیموکراتی کوردستان, کوردستان / CBSRژمارە /٣٣ لاپەرە / ٧٩ ساڵی /١٩٩٨ ).

هەموو یەکێ لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم هاریکاری دەکەن , هەریەکەی لەگەل یەکێ لە رێکخراوەکانی بەرامبەری خۆی کە کاری هاوبەش وهاوتایان هەیە, زۆر بە هەماهەنگی وهاوکاری کار پێکەوە دەکەن و بەرپرسیاری سەرکەوتنی پرۆگرامەکەیان لەئەستۆی خۆیان گرتووە بەشێوەیەکی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیان و هەزارەها فەرمانبەرانی بۆ ئەو رێکخراوانە دابین کردوە، هەروەها کۆگا و پەیوەندی تەلەفۆنی ناوەوە ودەرەوە بە هەموو جۆرەکانی تازە و سەردەم دابینکراوە, ئەوە جگە لە دابین کردنی ئاسایش بۆ هەموو رێکخراوەکان.
.سەرچاوەی :(رۆژنامەی برایەتی لاپەرە ٥, سالی ٢٠٠١ ).

## 3-5چالاکیەکانی هێنان و هەناردنە دەرەوە لەکوردستانی عیراقدا :
## Import-Export in Iraqi Kurdistan Region

لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بوارەکانی بازرگانی و پارە وپوڵ , گرنگیەکی بەگوڕی هەیە لەسەر ووتو وێژی ڕۆڵێ بەینی باری ئابووریدا .

زۆربەی شیکردنەوەی تیورەکانی( (Theories بواری ئابووری تازە لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەی ڕابوردوو ووتو وێژو لێکوڵینەوەی ئەم شیکردنەوانە لەسەر بوارەکانی بازرگانی نێودەولەتی و ڕامیاری پارەداری بوو ، هیچ رۆژێکیش هەرگیز لێکۆلینەوەی بازرگانی جیهانی بەقەدەر ئیمرۆ گرنگ نەبووە و پێش نەکەوتووە.
بازرگانیە جۆراو وجۆرەکانی دەوڵەتە جیاجیاکان بەرەو یەکتر چوون ئەچن ووردە ووردە جیاوازییەکانیان کەم ئەبێتەوە ، ئەوەش لەبەر هۆکاری تێکەڵاو بوون ولێك نزيك بوونەوەی گواستنەوەی پارە و کەرەسە وکالا و تەنەکان زۆر لێك ئەچن و بەرەو زیاتر لێك چوونتری زیاتر ئەچن بە بەردەوامی لەسەرتاسەری جیهاندا .
لەپاش ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و داگیر کردنی کوێت ودەرکردنی عیراق لەکوێت بەشەڕی کەنداوو دامەزراندنی سزاکانی ئابووری بەسەر عیراقا ، بەهۆی گەمارۆی ئابووری ، لەبەر ئەوە کوردستان بووە تاکە دەلاقەی بازرگانیو هاتووچۆی عیراق، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان , هەروەها پیادەکردنی بریاری /٩٨٦ بووە هۆی چەسپاندنی باری ئابووری و رامیاری هەرێمەکە ، لەبەر ئەوە زۆر ئاسۆی تر بۆ بوارەکانی ئابووری وگەشەسەندنی پەیدابوون وهاتنە کایەوە ، هەروەها دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین لەهەرێمەکە بەتەواوی و سەراپا بووە هۆی چەسپاندنی باری ئابووری وڕامیاری بەتەواوی لەهەموو ناوچەکەدا و خۆی داکوتا بە بەردەوامی .
ئێستا کومپانیا تورکیەکان نەك ,هەر خەریکی کاری بازرگانین, بەڵکە خەریکی کاروباری هینانی کەرەسەو کاڵاو دامەزراندنی گەلێ کارگەی بچووکن ,جگە لەچەندەها بەرژەوەندی بەربڵاوی تر ، هەروەها کەسایەتیە بازرگانیەکانی ئێران بەهەمان شێوە و



www.kurdistannet.org

کەرتـەکانی بازرگـانی وڵاتـانی کـەنداو جگە لەکاروباری هێنان وناردنی هەمە چەشنەی جۆراو جۆری کاڵاو کەرەسە و تەنەکان , زۆر بەسەربەسـتی هـەمویان تـێکرا زۆر بەرێکوپـێکی کاردەکەن لەهەرێمەکەدا بە هاریکاری وهەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق.

پـاش داگـیر کـردنی کوێـت, هەڵمـەت هێـنانی دەوڵـەتانی جـیهان لەژێـر سـەرکردایەتی ئەمـەریکا و دەرکردنی عیراق لەکوێت عیراق دووچـاری گەمارۆیـەکی زۆر قـورس بـووە بەشێوەیەك كە كەرتی بازرگانی عیراق بەتایبەتی ناردنە دەرەوە و هێنانی بەجارێ لەپەل وپـۆ کـەوت و ووشـك بـوو . پـێش سـاڵێ /١٩٩٩ عـیراق (٧٠٪) پێداویسـتەکانی لەدەرەوە ئەهێنا .سەرچاوە ( عزیز . ج لاپەرە ١١١ سالی /١٩٩٩ کوردستان ) .

حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان پەیوەندیـەکی چـالاکی بازرگـانی بەهـێزی لەگـەل حکومـەتی نـاوەندیدا هەیـە کە هەموو بوارەکانی بازرگـانی گرتۆتەوە بە هەناردنە دەرەوە و هێنانی کالاً وتەنەکان ، بەتایبەتی پاش پیادەکردنی بریاری /٩٨٦ . ئەوەش بووە پێش کەوتنی باری ئابووری کوردستانی عیراق بەشێوەیەکی زۆرخێرا و بەپەلە .

سنوورەکانیهەرێمی کوردسـتانی عیراق چی لەسنوورەکانی تورکیا ، ئێران و سوریا بووەتە تاکە رێگای هاتوچۆ، چی بۆ هاتوچۆی خـەلکی هـەروەها بـۆ بازرگـانی وهەناردنـە دەرەوە وهێـنانی کەل وپەل بەهەموو شێوەکانی ئەوەش , بەتایبەتی پاش پیادەکردنی بـریاری /٩٨٦ و توونـد کـردنی گـەمارۆی عیراق ، کوردستانی عیراق هەموو کەلوپەلێکی ئەنارد وئەهێنا لە ناوچەی سنووری تورکیا وە لـە"ئیـبراهیم خەلـیلەوە ",کـە شارۆچـکەیەکی بچـووکە لەسـەر سـنووری (کوردسـتانی عـیراق –کوردسـتانی تورکـیا ) ( بنۆرە نەخشەی ژمارە /١ کوردستانی عیراق).

هـەرێمی کوردسـتانی عیراق بایی ١٦٤٠,٠٠٠ ملیۆن دینار بە پارەی حکومەتی عیراق "پارەی چاپ کەلوپەلی لەحکومەتی ناوەندیەوە هێـناوە , ئەوەش هەموو چەشنەکانی کەل وپەلێکی گرتووتەوە بەتایبەتی نەوت و بەرهەمەکانی هەموو بەرهەمە هەمە چەشنەی تر تەنیا لەسالی /١٩٩٨ .سەرچاوەی : ( عزیز . ج لاپەرە ١٢٦ سالی /١٩٩٩ کوردستان )

بەهـەر شـێوەیەك و هەرچۆنێك بێت بواری ژیانی خەڵکی هەرێمەکە و دیمەنی شارستانی هەرێمەکە پاش پیادە کردنی بریاری /٩٨٦ زۆر زۆر باشتر بوو لەپێش سەردەمی پێشوو , و بەردەوام ژیانیان بەرەو باشتر ئەڕوا

بەکارهێـنان و بـەردەوام بوونـی ئـەو بـریارە ، جگە لەوەش چاکبوونی پەیوەندی حزبەکان بەرەو رێککەوتن و یەکبونیان بەتایبەتی چەسـپاندنی ئاشـتی نـێوان پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەساڵێ/١٩٩٦ و وەستانی شەڕ و بەرەو پـێش چـوونی ئاشـتی ڕۆژ بـەڕۆژ ئەم هۆکارەش هۆکارێکی زۆر بە گرنگی کاری کردە سەر باری ئابووری ژیانی خەڵکی و هەروەها ، سەرئاسـتی بوارەکـانی دەروونـی خـەڵکی وڵاتەکەوە ، دیسانەوە بوژانەوەی کاروباری تەندروستی وچالاکیەکانی حکومەتی هەرێم ، کـە توانـی کـارو کەرەسـەو خەرجـیەکانی بەخـێرایی بگـۆڕێ بـۆ کاروبـاری دروسـتکردنەوەی ژێـرخانی بـاری ئـابووری وڵات و ئاوەدانکردنەوەی وڵات ،جیهنشین کردن و بوارەکانی خوێندن و رۆشنبیری .... هتد.

دیـارە پـاش رووداوەکـانی سـاڵی ١٩٩٦ , وە یەکلاکـردنەوەی کێشـەی نـاوخۆی هـەرێمی کوردسـتان, پارتی دیموکراتی کوردستان بەزووتـرین کـات , وە بـۆ ئـەوەی هـیچ بۆشـاییەکی ئـیداری درووست نەبێت خۆی سازکرد وە بە هاوکاری سەرجەم پارت و هێزە سیاسـیەکانی تـری هـەرێمی کوردسـتانی عـیراق بـۆ دامـەزرانی کابیـنەیەکی نوێی حکومەتی کوردستان , ئەوەبوو کابینەی (٣)ی دامەزراند لە ساڵی١٩٩٦ دا ، وە بەهۆی بەرێوەبردنێکی چاك

www.kurdistannet.org

( Management ) و پێشکەوتوو و دابینکردنی داهاتێکی بەردەوام لە بڕیاری ٩٨٦ نێودەوڵەتی, چالاکیەکان و پرۆژەی بەسوود بەشێوەیەکی خێراتر پەرەی سەند لەو کاتەوە کابینەی چوارەم لە لایان بەرێز نێچیرڤان بارزانی یەوە لە ساڵی١٩٩٩ دامەزرا .

**ئاماری ناردنە دەرەوە و هێنان لە کوردستانی عیراق بۆ تورکیا :**

خشتەی ژمارە ٥ : هەناردنە دەرەوەی کوردستانی عیراق بۆ تورکیا ١٩٩٧ –١٩٩٨ بەدیناری سویسری عیراقی .

| 1998بەملیۆن دیناری سویسری | 1997بەملیۆن دیناری سویسری | بەرهەم |
|---|---|---|
| 065380 | ---- | خۆراکی خوادەمەنی |
| 000319 | 164 | سەوزە |
| 000954 | 6000 | خورما |
| 006038 | 0026 | ئاسنەوال |
| 000063 | 0121 | لۆکە |
| 029390 | 0839 | دانەوێڵە |
| 284079 | 76717 | پیستە |
| 001149 | --- | بەرهەمی کیمیایی |
| 387272 | 83867 | کۆی گشتی |

سەرچاوەی : وەزارەتی دارایی –حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستەکانی هەناردنە دەرەوەی کوردستانی عیراق بۆ تورکیا لە ساڵانی(١٩٩٧–١٩٩٨ ). دۆلاری ئەمەریکی = ١٨,٥

هەروەك دیمان لەدوای /١٩٩٦ و پیادەکردنی بریاری /٩٨٦ گەشەسەندنی ئاوەدانکردنەوە زۆر خێراتر لە جاران پەرەی سەند لە کوردستانی عیراقدا .(بنۆرە خشتەی ژمارە /٦)

(ح هـ ك )لە /١٩٩٨ بایی نزیکەی (٢٤٨) ملیۆن دیناری سویسری کەرەسە و پێداویستی خانوو کردنی هێناوە بۆ هەرێمی کوردستان.

سەرچاوە ( ١) :

http//:WWW.Krg.org/contactus.asp

خشتەی:–ژمارە /٦ :– هاوردەی کوردستانی عیراق(هێنانی) لەماوەی ساڵانی ١٩٩٣–١٩٩٨ بەدیناری عیراقی:–

| ساڵی ١٩٩٨ بەملیۆن دینار | ساڵی ١٩٩٣ بەملیۆن دیناری | بەرهەم |
|---|---|---|
| 222 | 78,5 | خواردەمەنی خۆراك |
| 049,0 | 02,0 | سەوزەوات |
| 003,0 | --- | گەنم |
| 074,0 | 073,0 | خواردنەوەی (کحولی) |
| 075,0 | 030,0 | خۆراکی تر |

www.kurdistannet.org

| | | |
|---|---|---|
| پێداویستی ناو ماڵ | 003,0 | 012,0 |
| دارو تەختە | ---- | 006,0 |
| پێلاو جلّ وبەرگ | 004,0 | 181,0 |
| ئیلیکترۆنیات | 003,0 | 150,0 |
| شووشە و جام | 0018,0 | 089,0 |
| پارچەی یەدەکی ئوتومبێل | 007,0 | 019,0 |
| توتن | 0073,0 | 442,0 |
| بەرهەمە کیمیاویەکان | 003,0 | 001,0 |
| گۆشت | --- | 280,0 |
| کەرەسەی خانو کردن | --- | --- |
| شیر | 1,0 | --- |
| ڕاخەر(فەرش و مۆکێت وکومبار) | --- | 4,0 |
| کۆی هەموو | 295,5 | 1226,9 |

سەرچاوەی :– (ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە /٤٣٦١ – کوردستان )

ئـەم گەشـە سـەندنەی بازرگـانی هاوردنە بەجۆرێکی بەردەوام وچەسپاو و وا بەگورج و گۆڵ و خێراییە بەهۆی داهاتی بڕیاری /٩٨٦ بـوو ، بـەهۆی باشـی بەڕێوەبـردنی حکومـەتی کوردسـتانی عـیراق هاتۆتـە کایـەوە و بەردەوامـە ، بەتایـبەتی بـەهۆی چـالاکیە بەردەوامەکانی کابینەی (٣ , ٤), کەپاش ساڵی /١٩٩٦وە دەست بەکار بوون .

حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان , داهـاتی هەناردنـە دەرەوەی بۆ ئەوەی خەرجی پارەکانی هاوردنە ناوەوە بدات ، باری ئابووری و کۆمەلایـەتی وا پێویست ئـەکا ، کـە حکومەت وکەرتی تایبەت , هەردوولا پێکەوە هاریکاری وهەماهەنگی و هانی هێنانی کەرەسەو پێداویسـتیەکان پـتر بکـەن ، هـەروەها گەشـە بـەبار و ئاسـتی گەشە سەندنی ئابووری دابین بکەن بەجۆرێکی باشتر و ڕێك و پێکتر پێداویسـتیەکان ، بەتایـبەتی بـۆ باڵەکانی خـانوو کـردن ، نۆژەنکـردنەوە و دروسـتکردنی کارگـە و پـرۆژە جـۆراو جۆرەکـانی تر ، هەرێمەکـە بـری(٨٧٨ , ٣٨٧) تـەنی کـۆی بەرهـەمی هەناردۆتـە دەرەوە لەسـاڵی ١٩٩٨ دا , کـە زۆربـەی پێداویسـتەکانی تـەنی خواردەمەنی و خۆراك بووە . ( بنۆرە – خشتەی ژمارە /٥ ).

چـالاکیەکانی هێـنهان وهەناردنـە دەرەوەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ڕۆڵـێکی زۆر بـاش ئەبیـنی لـەباری دارایـیو ئـابووری هەرێمەکە ، ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە پلە وپایەکی باش وەرگرێ لەپلان و نەخشەکانی و بەنەتەوەیی کردنی پرۆژەکان .

بـە شـێوەیەکی گشتی, زۆربەی بەرهەمەکان ئەنێریتە دەرەوە بۆ وڵاتە دراوسێکان و ئیسلامیەکانی وەکو : ئێران ، تورکیا و سوریا و هەر لەو وڵاتانەشەوە زۆربەی بەرهەمەکان ئەهێنرێنە ناوەوە .

www.kurdistannet.org

بەرهەمـەكانی كوردسـتانی عـیراق , هـەروەها ڕووە و وڵاتـانی ئـەوروپا ئـەڕوات . ئێستا لە كوردستان (١٩) كۆمپانیای توركی هەیە لەهەرێمەكەدا ، هەروەها حكومەتی هەرێمی كوردستان ، یارمەتی پێویست و هاریكاری وهەماهەنگی هەموو حكومەت و – كۆمپانیا ئەوروپیەكان ئەكات كە بەرژەوەندیان لەبازرگانی لەهەرێمدا هەیە .

## 6—3گواستنەوە و ڕێگاو بانی كوردستانی عیراق :-

ڕێگاوبـانی هـەرێمی كوردسـتانی عـیراق ، هۆكـانی گواسـتنەوە لـە سـاڵی ١٩٩٧ وە زۆر بـە چالاكانە پەرەی سەندووە. شارە هەرە گـەورە و گـرنگەكانی :– هەولـێر ، دهـۆك ، سـولیمانی ، ئاكـریێ، زاخـۆ و كویسـنجق ، هەندیێ ڕێگا تازە گەورە كراون ، ژمارەیەكی زۆریـش دروسـتكراون لەسـالێ ڕابوردوودا یاخود ئەم سالێ ، هەندێكیش دەستی پێكراوە و هێشتا تەواو نەبوون ,زۆریش لە نەخشەو پلانـی دوا ڕۆژدان ، ڕێگایـەكی خـێراو دوورو درێـژ و بەرفـراوان هـەر لـە زاخـۆ و شارۆچـكەی ئیـبراهیم خەلـیلەوە تا نزیك سنووری توركیاوە دەستی پیێكردوە .

پـاش ڕاپەریـنی بـەهاری ١٩٩١ و دامـەزراندنی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان ، زۆر ڕێگـای تـازە دروسـت كـرا ، بـەم هۆیەشـەوە گواسـتنەوەی خـەڵك و هـاتوو چـۆیان ، هـەروەها گواسـتنەوەی بەرهەمەكانیان ئاسانكارییەكی زۆری بەخۆوە دی ، بیێ ئەوەی هیچ گیروگرفت و ئاستەنگێكی بەرەنگار بێتەوە بەدرێژایی سالێ.
ئێسـتاكە بەداخـەوە چـوونە كوردسـتانی عـیراق لـەڕێگای ڕاسـتەوخۆوە نیە بەهۆی گەمارۆی نێودەوڵەتی، بەڵكە : لەڕێگای توركیا ،ئـێران و سـوریایەوە. بـەلام لەگـەلێ ئەوەشـدا هەموو كەسێكی ئەوروپی ئەتوانی لەهەر كون و قوژبنێكی جیهانەوە گەشت بكات بۆ ئەسـتەنبۆل و ئەنقەرە لەوێوە گەشتێك بەفڕۆكە بۆناوخۆی توركیا بكات بۆ سەر سنووری توكیا كوردستانی عیراق بەلاٌم پێش كاتی ڕۆیشـتنیان ، راوێـژ بكـەن لەگـەل فـەرمانگاكانی حكومـەتی هەرێمی كوردستان لە وولاتەكانی ئەوروپا, كە ئەو كەسە گەشتی لێوە ئەكات بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و یارمەتی پێویست بۆ گەشتێكی سەركەوتوو ئاسان .

هەندیێ لەناونیشانی نوێنەرایەتیەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەدەرەوە :
نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عیراق لە بریتانیا :

KRG- UK

London SW1V-1QB
UK
Tel: 44 2078288616
Fax :44 2078288526
krguk@aol.comEmail:

نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەولاتانی ئەسكندنافیا:

KRG Represe
Finn boda vagen 2,5th floor
Se 13131 Nacka

www.kurdistannet.org

Sweden

Phone: : 46 – 8 44 20505

Fax : 46 8 44 20905

Email: Krg Nordic@ telia.Com

http://www-krg/contacus.aspSource: Representation office in Nordic countries

ماڵپەرەکانی ئینتەرنێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ,هەموو کات ئامادەیە بۆ یارمەتی دانی هەموو کارێکی بازرگانی، بەتایبەتی کۆمپانیا ئەوروپییەکان، هەروەها هەموو لایەن و کەسایەتیەکان , تکایە سەیری ئەمە بکە: http://www.krg.org.

بەڵام ئێمە بە باشی ئەزانین ئەو لایانانەی کە ئەیانەوێ گەشت بکەن بۆ کوردستان ، پەیوەندی بکەن بە بیرۆی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێمدا, بۆ ئەوەی چی رێنمایی پێویستە بیدەنێ لەگەل پێشکەش کردنی هەموو ئاسانکاری و ئەو پێداویستیانەی , کە بۆ گەشتەکەیان پێویستە وەك ( ڤیزا وچی رێنماییەکی پێویست) زۆربەی زۆری کاری بازرگانی لە سێ شاری حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە ئەوانیش :– هەولێر ، دهۆك و سلێمانی، کە گەشتیش بۆ ئەو شارانە تابلێی ئاسانە.

سەرچاوەی :– (د عەبدولا غەفور, جوگرافیای کوردستان, .لاپەرە ٤٣٧ –کوردستان /٢٠٠٠)

کۆی داهاتی گشتی ترانسێتی(ح ه ك ) لەنێوان هەرێمەکەو تورکیا کە زۆربەی نزیکەی( ١) (٨٤,٨٨٪) داهاتی هەرێمەکەیە ( ٢) ، ئەوەش لەدوای راپەرینی /١٩٩١ وە دەستی پێکرد، کۆی گشتی پارەی ترانسێتی هەرێم لەسالی /١٩٩٨ گەیشتە نزیکەی ١,٩٠٨,٠٠٠,٠٠٠ دیناری عیراقی(سویسری) .

سەرچاوەی : (عزیز ج لاپەرە ١٤١ –کوردستان –تکایە بنۆرە خشتەی حەوتەم ) ١ دولاری ئەمەریکی = ١٨,٥ دیناری عیراقی(سویسری) .

ترانسێت , کەرتی سێهەمی بازرگانی کوردستانی عیراقە بۆ حکومەتی هەرێم ، بەلأم هەموو سامان و دەستکەوتی ئەو هەرێمە پێش راپەرین راستەوخۆ ئەچووە خەزێنەی حکومەتی عیراقەوە, وە ئەویش بە ئارەزووی خۆی خەرجی ئەکرد , بێ ئەوەی پرس و رای کورد وەربگرێ , زۆربەی جاریش ئەدرا بەچەك وبەکار ئەهات بۆ دژایەتی و بۆ تواندنەوەی کوردو لەناو بردنی, وە شایانی شانازیشە بۆ میللەتی کورد لە باشووری ولأتدا , کە بۆ یەکەمین جار داهاتی ولأت و سامانی کوردەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەو بونیاتنانەوەی ولأت بەکار دەهێنرێت, وە کوردەکان دەسەلأتێکی نیشتیمانیان هەیە.

.

دیارە هەرێمی کوردستان ,پاش راپەرینیش بووە تاکە دەلاقەی ترانسێت و بازرگانی بۆ حکومەتی ناوەندی لەدوای راپەرینی ١٩٩١ . بەتایبەتی بۆ خواردەمەنی و دانەوێلە وهەموو چەشنەکانی خۆراك کە زۆر پێویست بوو بۆ بەردەوامی ژیانی مرۆڤ و ئاژەل لەو کاتەدا , کە حکومەتی عیراقی لەهەموو لاوە گەمارۆ درابوو بەپێی بریاری (U N )و هەموو کونێکی لێگیرابوو.( راپۆرتی٩٨٦ UNSR/لاپەرە/٣٣ سالی ١٩٩٨ ) .

خشتەی /٧ :– لەبارەی هاوبەشی داهاتی ترانسێت لەبازرگانی (ح ه ك ) لەسالی ١٩٩٣–١٩٩٨ .

| ڕێژەی ٪ | کۆی داهات بە ملیۆن دیناری عیراقی | کۆی داهات بە ملیۆن دیناری عیراقی | سال |
|---|---|---|---|
| ٥٩,18٪ | ٦٠٠,000 | ١,٣١٠,٨١٢,000 | 1993 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1994 | ١٢٥ر٠٠٠ر000 | ١١٥ر٠٠٠ر000 | 92% |
| 1995 | | | |
| 1996 | ٦٧٥ر٠٠٠ر000 | ٦٠٠ر٠٠٠ر000 | ٪٨٨ر88 |
| 1997 | ١ر٦٣١ر١٥٠ر950 | ١ر٤٩٢ر٠٠٠ر000 | ٪٩١ر46 |
| 1998 | ٢ر٢٤٦ر٧١٥ر000 | ١ر٩٠٨ر٠٠٠ر000 | ٪٨٤ر88 |

سەرچاوەی :– ( ح هـ ك – وەزارەتی دارایی , عزیز .ج , ساڵی /١٩٩٩ – كوردستان )

زۆربـەی ڕێـژەی داهـاتی دارایـی وڵاتەكە ، لە گومرگ وترانسێت دەست ئەكەوێ بڕی پارەی چالاكیەكانی(ح.هـ. ك ) لە ساڵی /١٩٩٨ /ی ترانسێت گەیشتە – , ٢٥٧ ملیۆن دینار لەهەموو بەرهەمەكانی كەرەسەوتەنەكان ، كە وەرگیراوون.(سەرچاوەی :– ( عزیز .ج/ لاپەرە ١٣٦/ساڵی ١٩٩٩ )

ڕێـژەی زۆری ئـەو داهاتـە بەباشـی خـەرج دەكرێ , بەتایبەتی لـەبوارەكانی ئاوەدانكـردنەوە و نۆژەنكردنەوەی وڵاتەكە و پرۆژەی گرنگ و سازكردنەوەی ژێرخانی ئابووری بەپێی پلان ونەخشەیەكی رێك وپێكی ئامادەكراو پێش وەخت .

## 7—3ئاستەنگ و تەنگ و چەڵەمەكان :-

هـەرێمی كوردسـتانی عـێراق , ناوچـەیەكی جوگـرافی گـرنگی هەیـە لـەبواری بازرگـانی و كۆمەلایـەتی وهـەرەوەزی وكاروبـاری گواستنەوە, هەروەها لەبواری پەرەپێدانی بازرگانی ، لەدوای ڕاپەرینی ١٩٩١.

بـەرەی نیشـتمانی پارتـەكانی كوردسـتان ( ح . هـ . ك ) ی دامـەزراند وبەسیسـتەمێكی دیموكراسـیو هەڵبژاردنـێكی دیموكراسـی وئازادی ئەزموونێكی سەردەمی هێنایە كایەوە, كە جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەنەكانی دەرەوەوناوەوە بوو .

جگـە لـە هـەمووی بەڕێوەبردنـێكی باشی هێنایە كایەوە ، بۆ یەكەم جاریش كابینەی ژمارە/١ یەكیان دامەزراند, جگە لەوانەش ئەم كارانـەی كـە ئەنجامیان دا بەئامادە بوونی هەموو نوێنەرانی حكومەتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا و وڵاتانی دۆست ئامادە بوون و سەرنج و پێشـنیارو ڕێـنمایی خۆیـان لەپـێش و لـە كۆتـایی ئەزموونەكـە لەبارەی ئەزموونەكە بەڕاشكاوی دەربڕی زۆربەی زۆریشی پشتگیری تەواویان لێكرد .

بـەم شـێوەیە كوردەكـان بوونـە خـاوەنی حكومەتـێكی دیموكراسـی پەرلـەمانی و دەسـەلاتی بەڕێوەبـردن كـە بـە دەسـتی خۆیـان دایانمەزراند و لەخۆیان هەڵقولابوو, بۆ مەبەست و ئارەزوو ویستی گەلانی خۆیان .

بـەڵام لەگـەڵ ئـەم كارە باشـانە كـە ئەنجامـیاندا لـە ئاوەدانكـردنەوە و نۆژەنیكردنەوە و گەشەسەندنە, وەكو پیشەی هەموو كارو پـرۆژە گـەورەكانی جـیهانی , هێشتاكە ئەو كارانە كارێكی سووك و ئاسان و بێ ئاستەنگ وچەشنەها گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەو بـێ كەم وكوڕی نەبوون بەڕاشكاوی هەندێ كەم وكوڕیو گیروگرفت لەنەخشەو پلانەكانی و پیادەیان كردن و ئەنجامیاندا بەڕوونی و ئاشكرایی ئەبینرا , چونكە حكومەتی عیراقی بۆ چەندەها سالانی ڕابوردوو (٤٥٠٠) ڕیێ وێران كرد بوو چی بەئەنفال و كیمیای باران , كوشـتن وجیـنۆ سـابدو ڕاگواستنی دانیشتوانیان بۆ كۆمەڵگا زۆرە ملێكانی دروستی كرد بوون , بۆ توانەوەی نەتەوەیی كورد زۆر بەشێوەیەكی دڕندانەو دیكتاتۆریانە .

هـەمان پـلان و پرۆژەی بەردەوامی حكومەتی عیراقی لەپاش ڕاپەرینی /١٩٩١ وە و تائیستاش هەر بەردەوامە بەهەمان ڕێڕەوی بێ ویژدانانە ئەیەوێ بەهەموو توانایەك بەرهەڵستی بوونی كورد بكات .



www.kurdistannet.org

سەرچاوەی : ( ناوەندی دیراسات , لاپەرە /١٩٩٩/٢٣/ GBSR لەگەل هەندێ روونکردنەوەی وەرگێڕ)

هەر لەساڵی ١٩٩١ وە پاش دامەزراندنی کابینەکانی ( ح . هـ . ك ) , بەتایبەتی دوای هاتنە سەرکاری کابینەی ((٣)) پرۆگرامی ئێگجار بەئاواتی مەزن و رێکوپێك ئەنجام درا .

بەلام وەکو هەموو دەوڵەتانی جیهان , حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەندێ ئاستەنگ وگیروگرفتێکی تایبەتی خۆی هەبوون ,وبەدەستیانەوە زۆر نالآندی , زۆربەشیان کە زۆر گرنگ بوون هەردوو گەمارۆی عیراق و Unرۆلێکی گرنگیان هەبوو لە گەورە کردن وهەلاوسانی ئەو گیروگرفتانەو بەردەوام بوونیان,بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ .

دیارە بە شێوەیەکی گشتی, حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەست دووچەشنە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەو ئاستەنگدا ئەنالێنی, ئەوانەش رامیاری وئابوورییە کە زۆر کار ئەکاتە سەر ئایندەی کوردستانی عیراق و رەورەوەی پێشکەوتنی .

**گیروگرفتی رامیاری :-**

ئاسۆی نادیاری باری رامیاری کوردستانی لەرزۆك و نەچەسپاو و ئاسۆی ئایندەی کوردو کوردستان بەشێوەیەکی گشتی , ئەمانە هۆکارێکی زۆر گرنگی بۆ دەست نیشان کردنی باری رامیاری ئایندەی (ح.هـ. ك ) بەتایبەتی و گەلانی کوردستان بەگشتی , هەروەها دیاری نەکردنی پێناسەی ولآتەکەو هاوولآتی و هاولاتیەتی. کوردەکان هەر لەمێژەوە و پێش ئیمرۆ ش, بەبەردەوامی زۆر بە پەرۆشیشەوە داوای چارەسەرێکی رامیاری ئەکەن , بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ولآت و حکومەت و سنووری وولآتەکەیان قەوارەی دەسەلآتی حکومەتەکەیان و سنووری جیۆگرافی و شێوەی پەیوەندییان بەحکومەتی ناوەندیو دەور و بەری دراوسێ وحکومەتانی تری جیهان و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێوەیەکی رامیاریو ئاشتیانە ئێستا بەتایبەتی ,کە گۆڕانکاری روو ئەدات لە ناوەندی حکومەتی ناوەندی یەك لەدوای یەك دێنە کایەوە بەتایبەتی لە بواری فەرمانڕەوای تازە لەعیراقدا و لەبواری گەلانی کوردستان, کە ئەیانەوی خۆیان و وولات وحکومەتەکەیان پارێزراوی جێگەی رامیاری مەزندەوە بەرژەوەندی و بروای کرین و فرۆشتن و دێرە بەدەرخۆنەی پەیمانە کۆنەکانی ئینگلیزی (سیفەر – لۆزان )ی سەرەتای چارەکە سەدەی نۆزدەهەمی رابووردو دوبوارە نەبێتەوە, یا وەك حکومەتی مەهاباد, نووشستی نەهێنی , کە لە ساڵی ١٩٤٦ , یا وەك کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٧٥ ی لێ نەیەت , دیسانەوە تووشی شکەستی و هەرەس بێتەوە..

ئەمانەش هەر بەدەستەبەرییەکی نێونەتەوەیی داڕێژراو ئەچەسپێ و بەردەوام ئەبێت نەك هەر بەنووسینی رۆژنامەکان و دەربڕینی چەندەها ووشە و رستی لێپرسراوان , چونکە ئەمانە هەموو کاتێك بەئاسانی خۆی بە بەرژەوەندی ئەیانفرینێ , بێ دابین کردنی ئاشتییەکی راستی رامیاری ناوچەکەو ئاشتی تێدا ناچەسپێت , جا لەبەر ئەوە زۆر پێویستە دۆسیەی کوردو کوردستان بەدەست و بەدلسۆزانە بڕیاری رامیاری نێو نەتەوەیی بۆ یەکلا بکرێتەوە و بەئەنجام بدرێت و کارایانە وچالاکانە پیادەبکرێت بە روون و ئاشکرایی و راشکاوانە بەشێوەیەکی رامیارانە چارەسەر بکرێت ,چونکە ئەو مەترسیو بێ بڕواییەی ئێستا لەبیرو هۆشی هاوولاتیان بەپێی ئەزموونە کۆنەکانی کە باسمان کردن چەسپاوە بێ وەلآمێکی راشکاوانە, کێشەکانی ناوچەکە , هەر بەرەو گەردەلوول وئاژاوەو دروستکردنی ئاستەنگ و کێشەو چەلەمە ئەمینێتەوەو, ئەبێتە کێلگەیەکی باش بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆرەکانی حکومەتی ناوەندی و دوژمن و داگیرکەرەکانی دراوسێکانی کوردو کوردستان بۆهەموو گەلانی هەرێمەکە بێ جیاوازی.

جالەبەر ئەوە ئەبێت پەلە بکرێ لەچارەسەری کێشەی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە دیموکراسییە کە بچەسپێت و گەلآنی ناوچەکە بکەونە ئارامی وخۆشییەکی داسەپاو نا لەرزۆك

سەرچاوەی :– ( دکتور شەفیق قەزاز – وەزیری یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاریکاری(( دکتۆر شەفیق قەزاز – ئەمریکا, وتارێکی ئینگلیزی, لاپەرە ٣ )



www.kurdistannet.org

بەرامبارییەکی چەسپاو و ئارام و هەڵگرتنی سزا نێو دەوڵەتیەکانی ( UN) لەسەر عیراق , ئەو ساکە کوردستانی عیراق پێشکەوتن وپەرە سەندنێکی زۆر خێرا بەخۆیەوە ئەبینیٚ , جگە لەوەش ئەبێتە ناوچەیەکی سەربەست و ئازادی هەموو عیراق وناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست .

ئەم هەرێمە بەم هەموو ئەزموونی دیمۆکراسییە وگیانی لێبوردن و , ئەم هەموو پرۆژە و گۆڕانکاریانە زۆر زۆر گونجاوە و شایانی ئەوەیە , ببێتە ئایندەی رووناك بۆ هەموو عیراق و ناوچەکە لەبواری رامیاریدا ئێمە دڵنیاین کە دەسەلاتی هەرێم بە بەردەوامی داوای پاراستنی گەلانی کوردستانی کرد و , ئەوەش هەرگیزاو هەرگیز لەدژی حکومەتی ناوەندی عیراق یا دەرو دراوسێکان بەکاری نەهێناوە بەهیچ جۆرێك , چونکە کەسێك نیە لەم ولاتە دا بەم شێوەیە بن یا وا بیر بکاتەوە هەتا ئێستا .

ئەو پاراستنە نێو دەوڵەتییەی , کە کورد بەبەردەوامی داوای ئەکاو لەپێناویدا هەموو رێگایەکی ئاشتیانەی گرتۆتە بەر هەوڵ ئەدات تەنیا بۆ دابین کردنی ئەزموونی ئاشتی و دیموکراسی وسەربەستی و ئەم ئازادییە بپارێزیٚ لەهەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەو گەشە سەندنیان بەبەردەوامی بەردەوام بێت .

**<u>گیروگرفتی ئابووری :-</u>**

ئاستەنگەکانی ئابووریش کاریگەرییەکی خراپی هەیە لەسەر ( ح . هـ . ك ) وناوچەکە . بریاری/٩٨٦(نەوت –بەرامبەر خۆراك) , رۆلێکی زۆر باشی هەیە بۆ چارەسەر کردن و تواندنەوەی بەربەست کردن و بەرەنگار بوونەوەی کێشە ئابووریەکانی کوردستانی عیراق .تەنیا بە (١٣٪) داهاتی ئەو پرۆگرامە لەداهاتی نەوت کاروبارێکی زۆر رێك وپێك و بەکەڵك ئەنجام دراوە بەشێوەیەکی گورج و گۆل و خێرایانە , لەوانەش ئاوەدانکردنەوەو , نۆژە نکردنەوە لە هەموو بوارەکانی کاری رۆشنبیری , کۆمەلایەتی , ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی قوتابخانەو خانوو , خەستەخانەو کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکال وبەنداوەکان , ئاوی خواردنەوە , کارەبا ,رێگاوبان وهاتووچۆ هەموو ئەمانە گۆرانکاری پێشوە چوونێکی باشیان بەخۆوە بینیوە .

لەئەستۆی (ح . هـ . ك )ـە کە پێویستە ژێر خانی ئابوری ( هـ . ك ) دروست بکاتەوە زۆر بەرێك وپێکی و بەپەلەو پەیوەندییەکانی زیاتر بەرفراوانتر و بەربلاو بکات لەگەڵ جیهانی دەرەوە و رێکخراوی کۆمەڵەی نێودەولەتیو دەرو دراوسێکانی بەبەردەوامی کۆل نەدات , تا ئەگاتە ئامانج .لەسەری پێویستە هاریکاری و هەماهەنگییەکی زۆر بەگوورو بەتێنتر بکا , لەگەل هەموو لایەنەکانی باسمانکردن لەپێناو دارشتن و ئەنجامدانی چاکردنەوەی ژێر خانی ئابووری هەرێمەکە .

پێویستە , ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت , کە ( ح . هـ . ك ) یاهەر لایەنێکی تر ناتوانی هەتا هەتایە هەر پشت بەهاریکاری وهەما هەنگی و یارمەتی نێودەولەتی و داهاتی (١٣٪) پرۆگرامی سامانی نەوتی عیراقی ببەستیٚ ، کە ئەوەش بەستراوە بەو بریارە نێونەتەوەیەی دژ بە دەوڵەتی عیراق سازکراوە , چونکە ئەم بریارانە کاتین و بەرنامەو سەرچاوەیەکی بەردەوام نین هەتا هەتایە.

جا لە بەرئەوە , ئەبیٚ زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵ بدات کە سیستەمی ئابووری کشتوکاڵی و پیشەسازی و ووزەو گەشتیاری و کۆمەلایەتی و زانستی وا دابنیٚ و پیادە بکات بەبەردەوامی و چەسپاوو , کە ئەو بۆشاییە پرکاتەوە ,کە لە کاتێکا بریاری /٩٨٦ وەستا , بتوانێت کاروباری وولاتەکە لەئێستا باشتر بەرێوە بەرێت بۆ ئەوەی توانایی هەرێمەکە جێگەی دەست و توانای دەر بکەوێت.

سەرچاوە :– (بەرێز مەسرور بارزانی – کوردستان نیوز ( بە زمانی ئینگلیزی ) لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێت , سالی /٢٠٠١ ژمارە /١٢ کوردستان )

دیارە ئاشکرایە کە بریاری نێونەتەوەیی ٩٨٦/ SCRپرۆژەیەکی بەردەوامی هەتا هەتا نیە جالەبەرئەوە , زۆر پێویستە , کە حکومەتی کوردستان , هەر لەئێستاوە خەمی ئەوە بخۆن کە بۆشایی پاش هەڵگرتنی بریاری /٩٨٦ روو ئەدات بەتەواوی پری



www.kurdistannet.org

بکەنـەوە پێویسـتە , چـالاکانە ڕەچـاوی ئـەو خالانەی سەرەوە بکات کە باسمان کردن , هیچ هۆ و بیانۆیەك نابیٚ ببێتە هۆی پشت گویٚ خستنی ئەو خالانەی زۆر بە پەرۆش و زانا و لێهاتوانە جێگاو بۆشایی پڕبکاتەوە .

کوردسـتان ولاتـێکی دەوڵەمـەندە لـەزۆر سەرچـاوەی کانـزایی گـرنگ ,جگـە لەنـەوت وەکو : خەڵوزی بەردین , سەرچاوەکانی ئاو, سەرچاوەی گەشت وگوزار , کەرەسە خاوەکانی زۆر جیا جیای کشتوکاڵی ,پیشەسازی و مەڕمەر و بەرد و دار و ....هتد

لەوانـە گـرنگتریش ئەوەیـە کەدانیشـتوانی ولاتەکـە بەتـێکرایی هەسـت بەتوانایـەکی بـەردەوام و چـالاکیەکی بەهـێز ئەکـەن بـۆ ئاوەدانکـردنەوە و نۆژەنکـردنەوە و دروسـتکردنەوەی ژێرخانی ئـابووری و پاراسـتنی ولاتەکـەیان , بەشێوەیەکی ماندو نەناسانە , کەهەرگـیز لـەو پێناوەدا بیر لەبەسەرهاتە کۆنەکانیان ناکەنەوە بەشێوەیەك ببێتە ئاستەنگ لەو ئاسۆیەدا , جالەبەر ئەو هۆیانەیە , کە ئەتوانن خۆیان تا سەر بەرێوەبەرن و ئەزموونەکەیان سەرکەوتوو دەبێت , هەردەم فراوانتر و بەرەوپێش بەرن لەژێر هەموو بارو دۆخێکدا .

دارشـتنی پـلان و نەخشـەی ئایـندە لـەبوارەکانی ئـابووریش باشـترین تاکـە رێگەیـە بۆ دەستە بەر کردنی تەواوی ئەو مەبەستانەی سەرەوە بۆ دابین کردنی ژیانی باشی ولاتەکە.

حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـاش سـەرکەوتووە , تائێستا لەپیادەکردنی نەخشە و پلانەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی لە بواری دروسـتکردنەوەی ژێـرخانی ئـابووری و هـەروەها بۆ باروودۆخی داهاتوو و پاشەڕۆژی هەرێمی کوردستانی عیراق و پاش بڕیاری نێو دەوڵەتی ژمارە ٩٨٦/ SCRلە کوردستانی عیراقدا نەخشەو پلانێکی زۆر باشی لەبەردەستدایە .

**بە شی چوارەم**

**فەرهەنگی بـازرگـانی کوردستـانی :**

Business Culture in Kurdistan

بـە شـێوەیەکی گشـتی کوردەکـان , ڕەگەز و , زمان , هەڵسوکەوت , داب ونەریت , مێژووی دێرینی زۆر جیاوازە لەگەڵ عەرەب و گـەلانی ولاتانی دەرو دراو سێکان و ولاتانی جیهان , لە بەر ئەوەی لەخێزانی گەلانی هیندو – ئەورووپی هاتوونە ئاراوە و دابەزیون , جـا لەبـەر ئـەو هـەموو جیاوازییە جۆراو جۆرانە ، هەمووی تێکرا کار ئەکاتە پێکهاتەی داب و نەریتی بازرگانی و کاروبارەکانی , کە پابەندە بە ئابووری و پرۆژەی بازرگانی .

کـورد گەلـێکی ڕۆژهـەلاتین , ئـەوان ڕێـڕەو و ڕێبازێکی جـیاوازی خۆیـان هەیـە بـۆ بەرێوەبـەردنی کاروبـاری ئـابووری , بەتایبەتی لەبوارەکانی بازرگانی هەر لەدەسپێکردنەوە تا , بەئەنجام گەیاندنی و پیادەکردنیەوە .

جـا لەبـەر ئـەوە, سـەرنجی ئـەوە ئەدەین بە ئاشکرا و ڕاشکاوی هەندیٚ جیاوازی ئەبینین لەو بوارانەی سەرەوە, کە لەگەڵ کوردێك بازرگـانی دەکـەی , لەگـەڵ یـەکیٚ لەگـەلانی تـر , بەتایـبەتی لەگـەڵ بازرگانـەکانی گـەلانی دەرو دراوسـیٚ, باشـتر وایـە بازرگانـە ئەورپـیەکان ئـەوە بـزانن کـە خـەڵکانی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت ئـەبیٚ فێری ئارام گرتن بن , کوردەکان بەگشتی زۆر بەرزو بەڕیزەوە



www.kurdistannet.org

پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەرامبەریان وەدی دبینن, بەشێوەیەکی گشتی کاروباری بازرگانی هەواڵی کۆبوونەوە و کارە گرنگەکانی پێش وەخت ئاگادار ئەکرێ , بەشێوەیەکی زۆر بە رەو شت و خوویەکی بەرزەوە , زۆربەی کارەکانیش و هەڵسوکەوتی بازرگانی لێك ئەچن وەك هەر وولاتێکی تر جا لەبەر ئەوە رێز و رەوشت و گیانی برایەتی وهەماهەنگی وهاریکاری لەنێوان بازرگانە کوردەکان , وەك هی وولاتانی تر وایە , ئەگەر زۆر باشتر نەبێت, هەروەها لە بواری شارەزایی و رێ پێشاندان پەیوەندی باش بەشێوەیەکی بەرز کۆبوونەوەکان بەرێوە ئەچێت لەلایەن بازرگانە کوردەکان .

لەدوایی راپەرینی ١٩٩١ و بە دیمۆکراسی کردنی کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی عیراقدا , زۆربەی بازرگانە کوردەکان بە گەلێك زمانی بیانی ئەتوانن کاروباری بازرگانی و پەیوەندییەکان و شێوەی کارەکانی ئەتوانێ بەچاکی بەئەنجام بگەیەنێ , بەگشتی کوردەکان وەرگێر (مترجم) بەکار ناهێنن یا زۆر کەم , کاتێ کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کاروبار ئەنجام ئەدەن , چونکە زۆربەیان عەرەبی , فارسی , تورکی و ئینگلیزی ئەدوێن .

لەراستیدا زانیارییەکی کەم هەیە لەبارەی زانیارییەکانی بازرگانی کوردستان , لەبەرئەوەش پشتم بەستووە بە ئەزموون و زانیاری تایبەتی خۆم لەو بارەیەوە.

## 1 – 4کۆبوونەوە بازرگانیەکان

ئەوەی زۆر گرنگە ,کەوا بخرێتە روو , ئەوەش رێز و بەخشندەیی , کە زۆر پێویستە بۆهەردوولایەنی ,بۆ ئەوانەی کە کۆ ئەبنەوە بەمەبەستی پەیوەندی و کاروباری بازرگانی لەلایەن کوردەکان بەئاشکراو لەسەر ئاستێکی بەرز هەموو کاتێك هەیە , هەرچەندە هەموو کارێك بەبێ کەتەلۆگ و رێنماییەك تەواو رێك و پێکەکانی وەدی بهێنرێ , بەڵام لەهەموو کاتێکدا کارو پەیوەندیەکان باش ئەنجام ئەدرێ .

لەکوردستانی عێراق , کۆبوونەوەکان بە بەشێکی گرنگی پەیوەندییەکانی بازرگانی ئەبینرێ , روانگەی تێبینی کوردی بە شێوەیەکی رۆژهەلاتی , لەبەر هۆی پایە و پلەی کوردستانی عیراق , گەمارۆی ئابووری نێودەولەتی و گەمارۆی عیراقی لەسەر هەرێمی کوردستانی عیراق , جگە لەهۆی گەمارۆی نێو نەتەوەیی لەسەر عیراق خۆی .

جا لەبەر ئەوە, کارو پەیوەندییە بازرگانیەکان ئەتوانرێ بێ کۆبوونەوە روو بەرووەکان ئەنجام بدرێت بەپێی بنەماو پرەنسیپەکانی پەیوەندی بازرگانی , تایبەت لەناوچەکەدا وەك پێویست لەسەر ئاستێکی زۆر تەواو وبێ کەم و کوری, لەراستیدا کوردەکان لەهەرێمی کوردستان ,کەوا ژمارەیەکی زۆر پەیوەندی و پەیمانی بازرگانیان هەیە لەگەڵ زۆر ولاتانی دەرو دراوسێی خۆیان و هەندێ ولاتی تری عەرەبی وەك و بەحرەین , ئیماراتی عەرەبی , تورکیا و هەندێ ولاتانی ئەوروپایی رۆژهەلات و روسیا..

ئەم پەیمانە بازرگانیانە هەر هەمووی بێ کۆبوونەوەی روو بەروو بە ئەنجام گەیشتووە . هەموو یاساو رێساکانی بازرگانی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستی بەسەرا گیراوەو بەرێك و پێکی بەرێوە ئەبرێ و رێك ئەخرێ و بە ئەنجامدان و پیادەکردنی بە شێوەیەکی راست و دروست و یاسایی وەدی دێت و دەستەبەرە ئەکرێت .

حکومەتی هەرێم بەتەواوی ئەو رێگەو یاسا و رێساکانی , کە بریاری سزاکانی /٩٨٦ هێناویانە کایەوە پیادەیان ئەکاو بەشێوەیەکی تەواو جێ بەجێیان ئەکات .

بەرێوەبەرایەتی شێوازی (رسمی ) یارمەتییەکی زۆری هەموو کۆمپیانیاکانی کەرتی گشتی و تایبەتی ئەدات .

www.kurdistannet.org

سیستەمی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان, سیستەمێکی تێکەڵاوە (System Mixt) , بەڵام ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتیانی وڵاتەکەیە, وە بە بۆچوونی ئێمە ناکرێت لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانی عیراقدا, ڕێگاو فوورسەتێکی زۆر گەورە بدرێتە کەرتی تایبەت, لەبەرئەوەی هێشتا کوردستان لە قۆناغێکی گونجاو دانیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زۆر گەورە بدرێتە کەرتی تایبەت, دەبێت کەرتی گشتی سەروەر بێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان, دەسەلاتێکی کەمی هەیە لەژیانی ئابووریدا لەکوردستانی عیراقدا , چەندان پشووی شێوازی و ناشێوازی هەیە"ڕۆژەکانی پشووی ڕەسمی" , کە بازرگانەکان پێویستە بەهەندی وەربگرن , کاتێ ئەیانەوێ کۆبوونەوەکانی بازرگانی ئەنجام بدەن , چونکە لەو ڕۆژانەدا لەوانەیە هەموو چالاکیە بازرگانیەکان بووەستێنرێن و دەرگای دام و دەزگاکانیش دا بخرێن بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی و هەندێ ڕۆژان و بۆنەی تر. جگە لەوەش هەندێ داب ونەرێت هەیە , کە پەیوەندی بە ئاهەنگ و ئەوڕۆژانەی یادەوەری و پشوودانەوە هەیە , پێویستە ئەو ڕۆژانە بزانرێت بۆ ئەوەی تووشی هەڵە و گیروگرفت و خراپ تێك گەیشتن نەبن بەزانینی داب ونەریتی بازرگانی چوارچێوەیەکی ڕێزو خۆشەویستیش بۆ خۆت وئایندەی کاروباری بازرگانی پێك ئەهێنێ .

گرینگترین پشووەکان و بۆنەو یادەوەریەکان و ناوی ڕۆژەکانی بیرەوەری و ئاهەنگ و پشوو ڕۆژانی جەژنەکانی نەتەوایەتی و ئاینی , کەزۆر پێویستە بزانرێ لە لایان بازرگانان چونکە بەزانینیان ئاسانکارییەکی زۆر بۆ بازرگانەکان بەرچەستە ئەبێت لە ئایندەدا .

**نەوروز :-**

گرنگترین یادی میللەتی کوردە , مانای ڕۆژی تازەیە ڕۆژێکی نەتەوایەتی زۆر بەنرخ و بەرێزە لای گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان , هەروەها کوردەکان لە هەر کون و قوژبنێکی جیهان بن, یادی ئەوڕۆژە ئەکەنەوە و ئاهەنگی خۆشی و شادی بۆ ئەگێرن لەو ڕۆژانەشدا کاروبار ئەوەستێ و دام و دەزگا حکومییەکان دائەخرێت.

نەوروز گرنگترین ڕۆژی سالانەی کوردە , ئەو ڕۆژە یادەوەری سالانەی لە سەر سالی تازەی کورد , لەیەکەم ڕۆژی بەهار دا کە ئەکەوێتە (٢١) ئاداری هەموو سالێك نەوروز دەست پێ ئەکا بۆ ماوەی (٣) ڕۆژی یەك بەدوای یەکدا . ئێران پەیرەوی ڕێگا و ڕێبازی ئیسلامی ئەکا لەبواری بۆنەو جەژنەکانی ڕۆژانی سالێ .

ئەوجەژنەی نەوروز لەسالی ٦٢٢ پێش زایینی دەست پێ ئەکا سەرچاوەی :( ساریلاینمنین مەلێ , لاپەرە ١٥ سالی ١٩٩٩ )

**ڕۆژەکانی هەینی :**

کوردەکان هەفتەی کارکردنیان (٦) شەش ڕۆژە لە هەفتەیەکدایە , دوا ڕۆژی هەفتە ڕۆژی هەینییە ، هەینیش ڕۆژی پشووی حکومییە . بەلام بۆ کۆبونەوەی بازرگانی و ئەنجامدانی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەو ڕۆژە دا ئەتوانرێ زۆر بە ئاسانی و ڕێك و پێکی وەکو هەموو ڕۆژەکانی ئاسایی چالاکیەکان ئەنجام بدرێ بەرێکەوتنی لایەنەکانی ئەو کارە بەپێی ڕێکەوتنی لایەنەکان .

ئەتوانرێ لەنووسینگەی بازرگانەکان هەموو ئەو کۆبوونەوانەی , کەپێویستە ئەنجام بدرێ .

**ڕۆژی یادەوەری یا بیرەوەری سالانە :-**

کوردەکان چەند ڕۆژێکی بیرەوەری سالانەیان هەیە کە زۆر بەرێزو پەرۆشەوە یادی لێ ئەکەنەوە هەموو سالێك لەهەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا بەدرێژایی مێژوویی ئەو ڕودانە لەو رۆژە مێژوییانەش وەك , یادەوەری شاری هەڵەبجە , کەلەو ڕۆژەدا شاری هەڵەبجە کیمیا باران کرا لەلایەن رژێمی سەدام حسێنەوە لەڕێگای فرۆکەو هالێکۆپتەرو سەربازو سەرکردە عەسەربازەکانی,کە بۆ کوشتنی (٥٠٠٠) پێنج هەزار منداڵ و ژن و گەنج و پیری بێ گوناه هەر لەپێناوو مانەوەی دەسەلاتی دیکتاتۆری خۆی , هەروەها

www.kurdistannet.org

بزرکـردنی( ۸۰۰۰ )هەشـت هـەزار هـاوولاتی بـارزانی کـە هـەتا ئەمـرۆکەش ( ۲۰۰۲ ) بەبێسـەرو شوێن,.جگە لەوەش رۆژی ئەنفال , کەئـەویش جـەرگ برتـر بوو لەو رۆژەدا (۰۰۰ ر۱۸۲) سەدو هەشتا و دوو هەزار کوردی بێگوناه بەپیر و گەنج و منداڵ ونێر و مێیەوە لەناوبـراو لەژێـر گـلا بـە شـۆفل و گـریدەر شـاراییەوە بـەبێ سـەرو شوێن , کەتائیستاش کوردەکان نازانن ئەو کوردانە لە کوێ لەچ ناوچـەیەك ژێرگڵ خـران لەلایـەن سـوپای عیراقـیەوە و حکومـەتی عیراقـیش , هـەتا ئیسـتاش و لەهـەموو گفـتوگۆیەکدا ئـەوەی رەتکـردۆتەوە , کـەوا هـیچ زانـیاریەك لـەو بـارەوە بـدات بـەکوردەکان , بەهـیچ شـێوەیەك , یـا بە هیچ لایەنێکی تر, جگە لەوەش هـەزاران دێی تری وێران کرد,کەنزیکەی (۲۵۰۰) دیێ لەو هێرشەدا وێران کردو نزیکەی دووهەزاریشی لەهێرشەکانی چەند ساڵی لەوە پێشـتریش وێـران کردبوو , بەم ژمارەیەش ژمارەی دێیە وێران کراوەکانی کوردستانی عیراق گەیشتە (٤٥۰۰)چوار هەزارو پێنج سەد دێ , جگـە لـە چـەندان سـەدان ناوچـە و بـاخ و باخات و سەرچاوەکانی ئاو و ئابووری و رەزی وێران کرد و هەروەها دەستی کردبە چـاندنی نـزیکەی (۲۰) ملـیۆن جۆرەهـا مینی جۆرا و جۆر بۆ کوشتنی کورد و ئاژەلی کوردەکانی کوردستانی عیراق چاندوە چەندان هەزاریشـی لێ کوشـتوون بـەمین جگـە لـە وێـرانکاریەکانی مـین .یـادی رۆژی راپەریـنی ئـاداری /۱۹۹۱ زۆر بەخۆشـی هـەموو ساڵێك ئەکەنەوە .

## – 2 – 4داب ونەریت و بنەما و شێوازەکان

### 1 – 2 – 4ناونیشانەکان :

کۆمەڵگـەی کـورد واز لـەداب ونەرێـتی کوردانـەی گرنگی خۆی ناهێنی , بۆ داب و نەرێتی بازرگانی رۆژئاوایی چونکە ئەمانە زۆربەی کارەکانـیان بـێ پلان و نەخشەو راستەوخۆ ئەنجام ئەدەن و زۆربەی پەیوەندی و کۆبونەوەکان و کاروبارەکانی بازرگانی راستەوخۆ لەلایـەن سـەرۆکی یاخـاوەنی , یـا بەرێوەبـەری گشتی پرۆژەکان , کارگە , کۆمپانیاکان نووسینگەکانی , کۆمپانیە بازرگانیەکانەوە بەئەنجام ئەگەیەنرێن .

### 2 – 2 – 4روو شکاندن

ئـەوە زۆر گرنگە , کە هەرگیز رووی هیچ کوردێك لە پێش چاوی خەڵك نەشکێنی و توانج و پلاری تێ نەگری یا گاڵتەی پێ نەکەی , بۆ ریسواکردنی لە بارەی بیرو بۆچوونەکانیەوە , یاخراب تێ گەین .
کـاتێ هەڵەیـەك لـە کوردێـك ئەبیـنێ لـەرووی هـەندێ بابەتـەوە راسـتەوخۆ مـەیدەوە بە چاویدا , بەلأم بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ, ئـەتوانی ئاگاداری بکەیەوە بە ئاماژە کردنی بۆ ئەو بابەتانە و چارەسەرێکی مام ناوەندی بۆ بدۆزەوە کەبێ ئارەق کردن , کێشەکە چارەسـەری بکرێـت , بـۆ وێـنە ئەگـەر هەڵەیـەك رویـدا لەبـەر هـەندێ هـۆ ئـەو لایەنـەی هەستی پێ ئەکا , ئەتوانێ بە ناراستەوخۆ ئامۆژگاریـەکانی دەربـڕێ بـۆ راسـتکردنەوەی کێشـە و بابەتـەکە , بـێ ئـەوەی کـەس شـەرمەزار بکاو ئارەقی پێ بکاتەوە , یا هیچ لایەنـێك هەست بەوە بکات , لایەنەکەی بەرامبەر گاڵتەی پێ ئەکات یا ئەوەی تر سووکی دڵی ئەکات بەتایبەتی لەبەرامبەر خەڵکی تر .

## – 3 – 4رۆڵی ئافرەتی کورد ﴿ پلەو پایەی مێینەی کورد لە کۆمەڵدا ﴾

www.kurdistannet.org

لەپاش ڕاپەڕینی مانگی ئاداری بەهاری ساڵی ١٩٩١ , پاش دانانی یاسایەکی تازە لەلایەن کوردەکان بۆ دەستنیشان کردنی مافەکانی ئافرەتی (مێینەی ) کورد, کارێکی زۆر پێویست بوو بۆ گەشەسەندن و برەو پێدان و پترکردنی ئەو مافانەیان بە بەردەوامی لەناوکۆمەڵگای کوردەواریدا , کە بگونجێ لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا و مافەکانی ئافرەتانی کوردستان گەیشتۆتە قۆناغێکی تازە و بەشێکی زۆری مافەکانی خۆیان و ئازادییان مسۆگەر کردوە , بەدرێژای تەمەنی کابینەکانی حکومەتی کوردستان ژن وەزیر بووە , پلەو پایەی بەرزیان هەبووە ئافرەتی کورد رۆلێکی زۆر گرنگی بینیوە لەپێك هێنان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا , هەروەها شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی , کە لەپێناو ئازادی و سەربەستی کورددا ئەنجام دران ,ئافرەت بە بەردەوامی هاوبەشی کردوە.

ئیمرۆ ئافرەتی کورد (مێینە) کورد ئەبینێ بەچەند داب و نەریەتێکی کۆنی بێ کەڵك کۆیلەکراوە و پێویستە لەسەر (ح . هـ . ك) هەموو ڕێکخراوەکانی ناوخۆی کوردستان , بۆ مەبەستی لەناوبردنی ئەو کۆیلە کۆنانە تێبکۆشن بە بەردەوامی .
ئافرەتی کورد ئەمڕۆ لە کوردستانی عیراقدا ژمارەیەکی زۆر زۆریان ڕۆلێکی گەورە لە بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی (ح . هـ . ك ) وەکو مامۆستای هەموو قۆناغەکانی قوتابخانە و زانکۆ ئەندازیار , پارێزەر , هەروها گەلێ کاری گرنگی تر , ئەوەجگە لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و ئەنترنێت .

بەڕاستی (ح . هـ . ك ) زۆر گرنگی ئەدات بەبواری پەروەردەو , ڕۆشنبیری ئافرەتی کورد و گەشەسەندنی ئەو ڕۆلە و بینینی , هەروەها لەبواری دارایی و کۆمەلایەتی و ڕێکخراوی و بۆ فێربوونی سوود وەرگرتن لەبوارەکانی کۆمەلایەتی و دارایی و چونیەتی خۆرێکخستنی ئافرەتان لەناو کۆمەڵدا بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوی جیا جیای پابەند بە خۆیان و چالاکیەکان , ئێستا لە کوردستاندا زۆر ڕێکخراوی ئافرەتان هەیە کەچەندەها چالاکی جۆراوجۆر هەیە هەر لە ڕۆشنبیری و هونەری و ڕامیاری و کۆمەلایەتی خێرخوازی مافەکانی مرۆڤایەتی بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی , کە پابەندن بە خودی ئافرەتان خۆیان ......هتد.

لە کوردستاندا ئێستا زۆر ئافرەتی کورد ئەندامن لەڕێکخراوە جیهانییە بەرزەکان هاوکاری و هەماهەنگییەکی زۆر پتەو ئەکەن شان بەشانی پیاوانی کورد , ئەوان تێ ئەکۆشن لەپێناو بە ئەنجام دانی کارگوزاری باش بۆ بەرچاو خستنی ڕۆلی ئافرەتی کورد لەهەموو دام و دەزگاکانی ناوخۆ و جیهانیدا و ڕۆلێکی بەرچاویان هەیە لەپەرلەمانی کوردستاندا .
ئێمە ئەگەر بە ویژدانەوە ڕۆلیگرنگی ئافرەتی کورد لە کوردستانی عیراقدا بەراوورد بکەین لەگەڵ دەرو دراوسێکانا وەکو ولاتانی ﴿ عیراق . تورکیا . ئێران ﴾ ئەبینین ئافرەتی کوردی عیراقی زۆر پێش کەوتوو تر و زۆر چالاکترە و بەرهەمی زۆر تر و پوخت تری هەیە.
بە شێوەیەکی گشتی پاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی ( ح . هـ . ك ) ئافرەتی کوردستان بەشێوێکی زۆر بەرچاو و مەزن پێشکەوت وە ئەو پێشکەوتنەش بەردەوام گەشەی سەند, بەلاّم بە شێوەێکی گشتی لەهەموو کوردستاندا ژیانی کۆمەلایەتی بەراورد بکەین لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی پێشکەوتووی جیهانی ئەوا ئەبینین کۆمەڵگای کورد هێشتا زۆر دوا کەوتووە .
هۆی ئەم دواکەوتنەش بەتایبەتی ئەگەڕێتەوە بۆ نەچەسپاندنی ڕامیاری , بێ ئارامی و بێ ئاسایشی ناوچەکە , جگە لەهەندێك هۆی ئاینی ,هەروها چەندین داب و نەرێتی کۆن و بێ کەڵك , دوو گەمارۆی کوشندە , ئەمانە تێکڕا کاریگەرییان هەیە بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە زۆر دەمێکیشەوە داسەپێنراون بەزۆر , جگە لە بوارو ئاستەنگەکانی ئابووری و دارایی هەروەها بیرو باوەرەکانی ئاینی .



www.kurdistannet.org

## 4 – 4 پەیوەندیەکانی بازرگانی لە کوردستاندا :-
Business Communication in Kurdistan

پەیوەندیەکانی بازرگانی کورد وەکو هەموو کاروباری بەشەکانی تری کوردستانی عیراق تازەترین هۆکاری پەیوەندیان هەیە وە گۆرانکاریەکی زۆر گەورە کراوە لەسەرجەم بوارەکانی پێگەیشتن پەیوەندی کردنەوە, هەر لە سەرەتای راپەرینە پیرۆزەکەی سالی ١٩٩١ پاش دامەزراندنی( ح . هـ . ك ) گرنگییەکی زۆری بەم بوارە داوە شۆرشێکی سەردەمانەی لەبواری پەیوەندیەکانی ناوەوە دەرەوە بە ئەنجام گەیاندوە .

### 1 – 4 – 4 نامە ناردن بۆ کوردستان:

ئێستا لە کوردستاندا کار گوزاری نامەناردن لەناوەخۆ بەرێك و پێکی بەرێوە دەچێت , هەروەها رۆژانە کوردستانی عیراق بەستراوە بەرێگای گواستنەوەی تورکیا لەوێشەوە بۆ هەموو ولاتانی جیهان.
بۆ ئەوەی نامەی بازرگانی یان هەر جۆرە نامەیەکت هەبێت بتەوێ بگات بە بازرگانی کورد یان کوردێکی ئاسای زۆر بەئاسانی ئەتوانێت لەم رێگایەوە بیگەیەنێتە هەر بازرگانێکی بیانی لەهەر ولاتێکی تر بێت .
هەروەها بازرگانە بیانیەکان ئەتوانن نامەکانیان رەوانە بکەن بۆ بازرگانە کوردەکان لە هەر شوێنێکی کوردستان بێت لەو رێگەیەی کە باسمان کرد و ناونیشانێکی تایبەتی هەیە لەتورکیا بۆ ئەم مەبەستە .

لەهەموو ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و یان هەر ولاتێکی ترەوە دەتوانێت نامە بنێرێت بۆ کۆمپانیاو بازرگانەکانی کوردستان یان هەر کەسێکی ئاسایی :

KRG-Habur

P.O.Box 4- 33
Sirnak- Silopi
Turkey

پاش ئەو ناونیشانەی سەرەوە , ناونیشانی ئەو کەسەی یان ئەو کۆمپیانیای مەبەستتە بە روونی بە زمانی کوردی یان عەرەبی ئەنووسی، لە کارە گرنگەکانی ( ح . هـ . ك ) لەم بوارەدا ئەوە بوو ,کە پوولی پۆستەی کوردی دروست کرد,جگەلە پوولی دارایی و خستیانە بازارەوە,ئێستا بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردێت لەکوردستاندا ﴿تکایە بروانە هاوپێچەکان ﴾

### 2 – 4 – 4 تەلەفۆن و فاکس :-



www.kurdistannet.org

ئێستا له كوردستانی عیراقدا تەلفۆنیش و فاكسیش به بەردەوامی شەو و ڕۆژ له هەردوو كەرتەكانی گشتی و كۆمپانیا تایبەتیەكاندا كار گوزاری پێشكەش بـه هاوولاّتیانی نـاوەخۆ بیانی ئەكەن, بەشێوەیەكی زۆر ڕێك و پێك لەسەر ئاستێكی سەردەمی تازه و به تازەترین ئامێری تەكنەلۆژیای ڕاگەیاندن و پەیوەندی كردن .
كار گوزاری تەلفۆن وفاكس له كوردستاندا زۆر هەرزان و ئاسانە هەموو دەم دەست دەكەوێت
لەراستیدا زۆربەی پەیوەندییه گرنگەكانی بازرگانی كورد و كۆمپانیاكانی لەنێوان ئەوان و كۆمپانیاو بازرگانیه بیانیەكانەوه لەرێگای تەلێكسەوه ئەنجام دەدرێت .

لـەپاش ڕاپەریـنە پیرۆزەكەی نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ وه ,هەموو پەیوەندییەكی كوردستان لەگەل جیهانی دەرەوه دا و لەگەڵ كۆدی عیراقدا پەیوەندی نیه , بەلاّم ئەتوانین لەرێگەی كۆده جیهانیه گرنگەكانی :– بەریتانیا – سوید – ئەمریكا .... هتد . ئەم كۆدانه لەبواری ئابوریدا زۆر هەرزانترو كەم تری تیّ دەچێت لەبەكارهێنانی كۆدی نێودەوڵەتی عیراقدا .

## 3 – 4 – 4ئەنتەرنێت :

لـه كوردسـتانی عیراقـدا ئەنترنێـت له پڕ و بەخێرایی پەیدابوو گەشەی سەندو بەكارهێنانی بەرەوپێش چوو, هەر چەنده ئەنتەرنێت بـەزمانی ئینگلـیزی بوو , بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا, ئەوه نەبووه ئاستەنگێكی گرنگ لەبەردەمی كورد چەندەها مەڵبەندی ئەنترنێتیان دامـەزراند ڕۆژانـه سـەدان پـەیوەندی وئیمەیل بـەهۆی ئینتەرنێـتەوه ئـەنجام ئەدریّ , زۆربەی بازرگانەكانیش ئینتەرنێتیان هەیه , زۆربەی كوردەكانیش ئینگلیزی ئەزانن . لەكارەكانی ئێنتەرنێتیش كه زۆر بەكاردێت ئیمەیله .
لەكوردسـتاندا گـەلیّ سـەنتەری ئینتەرنێـت هەیـه لـه كـەرتی تایبـەتدا , بـەلاّم سـەنتەری ئینتەرنێـت هێشـتا زۆر گەشەی نەكردووه لەهەرێمدا , بەلاّم كرتی تایبەت و كحومەتی هەرێم خەریكن گەشەی پیّ بدەن لەمەودوا .
لـه ولاّتـێكی وەك كوردسـتان كـه بـەدوو گەمارۆی مەزن دەوره دراوه لەگەڵ چەندان ولاّتی دراوسێی دوژمن , بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئێسـتا ژمـارەی بەكارهێـنەرانی ئینتەرنێت ئەگاته زیاتر (٥٠٠٠) كەس ئەو ئینتەرنێتەش , هێشتا زۆر گران بەهاییه, چونكه لەرێگای مانگه دەستكردو سەتەلایتەوه بەكار دێت , جگه له وەش بەكارهێنانی زۆر له پەرەو گەشەسەندندایه ڕۆژ له دوای ڕۆژ.
سەرچاوه : (كەریم زێباری – كوردستان نیوز ژماره –١٣ لاپەره – ٣ , ساڵی ٢٠٠٠)

چـۆنیش لـێی بكۆلیـتەوه بـاری كاروباری ئەنترنێت له كوردستاندا لەزۆر دەوڵەتانی دراوسیّ ئاسانترو هەرزانتر و بەئاسانیش دەست دەكەوێت وه زیاتریش لەپەرەسەندن و پێش كەوتن دایه.
لەكوردسـتانی عیراقـدا ژمارەیـەكی زۆركـار لەبازرگانی كۆمپیوتەر ئەكەن ئەم بازرگانیه لەپڕ پەیدا بوو زۆر بەخێرای پەرەی سەند و پەرەسەندن وپێش كەوتنیشی بەردەوامه .
گـەلیّ كۆگـای كۆمپـیوتەر لەكوردسـتاندا ئەبینین چەندەها جۆری كۆمپیوتەری تیادا هەیه, ئەوه هەروها چەندها بنكەی فێركردن و بەكارهێـنانی كۆمپـیوتەر بلاو بۆتەوه چەندان بازاڕ و كۆگا هەیه بۆ فرۆشتن و كرینی ئامێرەكانی كۆمپیوتەر و پارچه یەدەگەكانی , كـه زۆربـەی زۆری كـەرتی تایـبەت پـیّی هەڵدەسـتێت , ئـەم بازرگانەش به بەردەوامی له پەرەسەندن و پێشكەوتندایه , ڕوویەكی گەشی پێشكەوتووی داوه به كوردستان.
سەرچاوه : ( سهام مەمند – كوردستانی نویّ ژماره ١١ ساڵی ٢٠٠٠ ).

هـەرێمی کوردسـتانی عـیراق لـەو بـوارە دا ئیسـتا لـە زۆر ولاتـانی دونیا پێش کەوتوو ترە. ( ح . هـ . ك ) زۆر پڕۆژەی لەو بابەتەی لـەبواری ئـابووری دا لەسـەرجەم بوارەکـانی تردا یارمەتی دارایی داوە پشگیری لیٚ کردووە.زۆربەی زانکۆکان دامودەزگا گرنگەکانی( ح . هـ . ك ) ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان پـارت و ڕێکخـراوەکان ,جگـە لە کۆمپانیا و بازاڕو کارگەکان ژمارەیەك کۆمپیوتەری خۆیان هەیە ئەوەش جگە, لە هەندیٚ فەرمانگەی تایبەتی و چەندان دام ودەزگای ڕاگەیاندن.

**بەشی پێنجەم :-**

**1 – 5سەرنج و پێشنیارەکان :**

لـە کوردسـتانی باشـووردا, وە پـاش ڕاپەڕینـەکەی بـەهاری سـاڵی ١٩٩١ی پـیرۆز و دامـەزراندنی ( ح . هـ . ك ) , زۆربـەی ئاڵوگۆڕی بازرگـانی کوردسـتانی عـیراق کەوتـە ڕێگـای ولاّتـە دراوسـێکانی , لەبـەر ئـەوە ئەرکی سەر ئەستۆی ( ح . هـ . ك ) بوو ,کە زۆر بیٚ ووچـان هـەولٚ بدات بۆ دۆزینەوەی بازاری تازە بۆ بازرگانی کوردستان لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا لە ئەوروپا , ئەمەریکا بۆ بازرگانـیکردن و دانـانی کارگـە و پـرۆژەی بەکـەڵك , کـە ڕووی پێشـکەوتوویی ولاّتەکـە زیاتـر گەشـە پـێدەن و ئـەم هەرێمە تازەیە هەلـێکی باشی ڕەخساندووە بۆ ڕێگادان بە ناردنی , بەرهەم و کالاّ و کەرەسە و تەنی باشتر و زۆرتر بنێرنە دەرەوە بۆ ولاّتانی وەك ئـەوروپا , بەتایـبەتی سـکاندناڤیا و , ئەمـەریکا و هـەموو ولاّتـانی جیهانی . پاش لێکۆڵینەوە و تێڕامانێکی تەواوی بواری ئابووری هـەرێمی کوردستان , وە بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەزموونە دیموکراسیەکەمان و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری ولاّت و زیاتر خزمەتکـردنی نیشـتیمانەکەمان, ئـەم پێشـنیارانەی خـوارەوە بخەیـنە بەردەسـتی بەرپرسـانی  کحومـەتی هـەرێمی کوردستان , بەهیوای ئەوەی کە کەڵکی لیٚ وەربگێریٚ :

– پـیادە کـردنی بـڕیاری ٩٨٦ زۆر گـرنگە بـۆ کوردسـتانی عـیراق پێویسـتە بەشـێوەیەکی چەسـپاو بـەردەوام بێـت . ئەنجومەنی ئاسایشـی نـێودەولّەتی , پێویستە زۆر گرنگی بەو خالاٌنە بدات کە پابەندە بە گەلی کورد بەبەردەوامی داوای ئەوە ئەکا و لەپێناویدا بـیٚ ووچـان تـیٚ ئەکۆشـیٚ بـۆ چەسـپاندنی بەشـی تـەواوی کوردسـتان لـەداهاتی نەوت ، هەروەها پێویستە بواری ڕامیاری ئاسایش وئـارامی زۆر بەشـێوازێکی چەسـپاو بـەردەوام بێـت , بـواری دارایـی و ئـابووریش پێویسـتە بـە بەردەوامی چەسپا و بێت دوور بێت لەهـەموو لـەرزین، بەشـێوەیەکی باش دابین بکرێت , لەمانەش هەمووی گرنگتر مسۆگەر کردنی بەردەوام بوونی پیادەکردنی بریاری ٩٨٦ , پێویسـتیە حکومـەتی کوردستانی عیراق ئەو ڕێژەی داهاتی نەوتەی , کە (١٣٪) داهاتی نەوتی هەموو عیراقە بە بەردەوامی هەبێت لـەپاش لابـردنی گـەمارۆی سـەر عـیراق ولابـردنی سزا نێودەولەتیەکان ڕێژەی بەشی داهاتی کوردستان بەجیاوازی بمێنیٚ و



www.kurdistannet.org

تەنیا لەرێگای (UN ) وە یا لەرێگای (ح.هـ.ك) وە لە کوردستانا خەرج بکرێت یاخود بە هەماهەنگی هەردوو لا. ئەوە کارێکی ئاشکرایە , کە بەردەوام بوونی مانەوەی بە تەواوی رێك وپێکی ئەو بەشە داهاتەی کورد ئەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ئاسایش و رامیاری هەرێمەکە , ئەوەش لەخواستە گرنگەکانی گەلانی کوردستانە زۆر بە پەرۆشەوە داوای ئەکەن لەپێناویدا بێ ووچان تێ ئەکۆشن, ئێستا بەتایبەتی لەجیهانی بازرگانیدا و سیستەمی گێتیدا بەرێوەبردنی باش , تاکە هۆکاری کلیلی هەرە گرنگی سەرکەوتن و گەشەسەندنی کاروباری دارایی ئابووری هەموو ولاتانە .

- هەروەها لەکوردستانی عیراقدا بەهەمان شێوە ئێمەش ئێستا پێویستە , هەر کۆمەلێك بەرپرسیارە , کە بریاری کارو باری بەرێوەبردن دا ئەرێژی , پێویستە ئەو خالانە رەچاو بکا , کە سیستەمێکی بەرێوەبردنی( Management ) ی باش بۆ کارو بارەکان مسۆگەر بکات بە بەردەوامی و هەموو دەم لەپێناو گەشەسەندنیدا تێبکۆشێ بۆ هێنانە کایەی پەرەپێدان و گەشەسەندنێکی باشی پرۆژەی ئابووری و کۆمەلایەتی .

- دامەزرانی وەزارەتێکی تایبەت بە دارشتنی نەخشە و پلان و ئامارەکان زۆر پێویست و گرنگە لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا, چونکە ئێمە بێ زانیاری و ئاماری پێش وەخت و دارشتنی نەخشەی رێك وپێك ناتوانین وا لەپرۆژە ئابوریەکانمان و باری ئابوری خۆمان بکەین کە رۆلێکی گرنگ وتەواو رێك و پێك و بەرهەمدار وەدێ بینین .

– هەر لەسەرەتاکانی سالێ ١٩٩١وە هەرێمی کوردستانی عیراق پەیوەندیەکی بازرگانی تازەی بەکارهێناوە لەهەرێمەکەدا لە بازرگانی ناوخۆ , هەروەها لە بازرگانی و ئال و گۆری دەرەوەدا , لەبەر ئەوەی کە کوردستانی عیراقیش, وەك هەموو ولاتێکی تر گیروگرفتی ئابووری هەبوە , لەو گیروگرفتانەش کێشەی پارە بووە, ئەوەش ئێستا ئەوان پارەی دیناری سویسری بۆ ئال و وێری ناوخۆ بەکاردێنن ودۆلاری ئەمریکیش بۆ بازرگانی دەرەوە بەکاردینن ,هۆی گرنگ و بەکەلکیان هەیە بۆ بەکارهێنانی دۆلاری ئەمریکی , چونکە دۆلار پارەیەکی جیهانییە و بنەماو هێزێکی ئابووری بەردەوامی هەیە و هەموو ولاتان ئالوگۆری پێ ئەکەن.

– بریاری ٩٨٦ نێودەولەتی , بریارێکی زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کشتوکالێ کوردستانی عیراق, ئێمە دەتوانین بەهۆی ئەوەوە چارەسەری کێشەکانی هەناردنە دەرەوە بکەین و هەروها گەشەو برەو بەم بوارە بدەین ئەم هێزی پاراستنی نێودەولەتییە, کە ئارامی خستۆتە ناوچەکە , هەروەها ئەم پشگیرییە ئابووریانە بە یەکەوە بۆ نەتەوە هۆکارێکی بە کەلك لەم بوارەدا ئەگەر بۆ ماوەیکی درێژخایەن بزانین و بتوانین بەرێگەیەکی باش بەکاری بهێنن لەو رێگایانەش :– دۆزینەوەی بازاری تازە , ولاتانی تازە بۆ بازرگانی وەك لە ولاتانی ئەوروپا , ئەمەریکا و رۆژئاوا و جگە لە هەموو وولاتانی کە ئێستا بازرگانییان لەگەل ئەکەین .

–ئێستا لە کوردستاندا زیاتر لە( ٩) رێکخراوی شارەزای تایبەتمەند هەن , کە راستەوخۆ سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانن لەژێر چاودێری ئەوان کاردەکەن ئەمانە پرۆژەکان دەست نیشان دەکەن هەموو پشتگیرییێکی ئابووری بۆ دابین دەکەن ئەو رێکخراوانە بە هاوکاری و هەماهەنگی بەرێوەبەرایەتی ( ح . هـ . ك ) کارەکانیان ئەنجام دەدەن بەپێی بەرنامەی بریاری/ ٩٨٦, جا لەبەر ئەوە زۆر پێویستە ئێمەی کورد ئەمرۆکە لە هەرێمی کوردستانی عیراق , کەلك لە زانیاری و ئەزموونەکانیان وەربگرین بۆ ئەوەی ئێمە لە



www.kurdistannet.org

ئاینده دا جێگای بەرنامەکانی بڕیاری/ ٩٨٦ بگرینەوە , کاتێ ئەوان کاریان کۆتای پێ هات و لەدوا ڕۆژدا لەبەر ئەوەی هیچ بۆشاییەك دروست نەبێت (ح . هـ . ك) بە سەرجەم کارەکان هەڵسێت وەکو پێویست بێ گیروگرفت .

– دیارە گرینگیدان بە کەرتی تایبەت مەسەلەیەکی زۆر سوودبەخشە , هەموو ئەزموونەکان ئەم ڕاستیەیان سەلماندووە, بەڵام باروودۆخ و قۆناغی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگای کوردستان ناتوانێت بەرامبەر خواست و دەسەڵاتی کەرتی تایبەتدا مامەڵە بکات, وە دەسەڵاتی دارایی و ئابووری حکوومەتی کوردستان پێویستە زۆر ئاگاداری ئەم لایەنە بکات و هەوڵ بدات کە ئەم کەرتە باڵادەست نەبێت لەبواری ژیانی ئابووریدا ، ئاستی گووزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان پێوویستی بە پشتگیری و هاوکاری کەرتی گشتی ( حکوومی ) هەیە., دەکرێت کەرتی تایبەت دەسەڵاتێکی سنووورداری هەبێت, بەڵام دەسەڵاتی بەهێز هەر دەبێت لە دەست حکوومەتی کوردستان بێت.

- لە دوونیای ئەمڕۆدا مەسەلەی ئامرازەکانی گوواستنەوە و ڕێگاوبان ( Logistics) زۆر گرینگە بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی. وە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ڕەووتی بازرگانی و پێشکەووتنی ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق, دەکرێت پلان بۆ هەندێك پرۆژەی گرینگی لۆجستیکی دابڕێژرێت, واتە درووستکردنی ڕێگاوبان و پردو ئاوەدانکردنەوەی ئەو خاڵە سنووریانەی نێوان هەرێمەکەمان , هەرێمی کوردستانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەرمان: تورکیا و ئێران و سووریا. بۆ نموونە چاککردن و باشکردنی ڕێگاوبانەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیاو سووریا, لە ئاستی سیاسی دەکرێت پێشنیار بکرێت و پردێك درووستبکرێت لەسەر ئاوی فیشخابوور, کە هەرێمی کوردستان ببەستێتەوە بە کۆماری سووریا.

.

## – 2 – 5 پوختە و دەرئە نجامەکان :

هەر لەگەڵ ڕوودانی سەرهەڵدانی پیرۆزی مانگی نەورۆزی ١٩٩١ ئاسۆیەکی تازەی دڵخۆشکەر بەئایندەیەکی ڕووناك دەروازەی کرایەوە بۆ کوردستانی عێراق و گەلەکانی , هەر لە سەرەتاوە پارتەکان هەموو یەککەوتن و بە هەڵبژاردنێکی دیمۆکراسی و یاسایی , یەکەم حکومەتی نەتەوەی کوردییان دامەزراند , و هێنایانە کایەوە لە وولاتەکەدا زۆر بە گورجی, هەروەها نەخشەیان کێشا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان .

گۆڕانکارییەکی زۆر ڕێك وپێکی بەردەوام هەر لەسەرەتاکانی سالی ١٩٩١ وە لەناوچەکەدا دەستی پێکرد لەبوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی بە بەردەوامی گەشەی سەند, لەسالێ ١٩٩٦ ( ح . هـ . ك ) ی ( پ . د . ك ) هەروها هەموو پارتە ڕامیاریەکانی هەرێمەکە هاریکاری و هەماهەنگی باشیان تێکرا پێکەوە ئەنجامدا , سێیەم کابینەی وەزارەتیان دروست کرد بەسەرۆکایەتی بەرێز ( د. ڕۆژ نوری شاویس) .و بڕیاری/ ٩٨٦ یان و دەرئەنجامەکانیان وا گونجاند کە سوود و کەلکی بۆ ناوچەکە هەبێت و لەگەڵ ڕەوشی نێودەوڵەتیدا بگونجێن , لەبەر ئەوە گەشەسەندن و پێشکەوتنی زۆر بەخێرای بە بەردەوامی بە خۆوە بینی لە بوارەکانی کشتوکاڵ , پیشەسازی ، ئاوەدانکردنەوە، خانووکردن بۆ هەموو چینەکانی میللەت , پەروەردە و ڕۆشنبیری ، قوتابخانەکان بەسەرجەم قۆناغەکانەوە , نەخۆشخانە , ڕێگا وبانەکان ، کارەبا وپێداویستاکانی ئاو پاك کردنەوە ( ئاوی خواردنەوە) ئاو ئاوەڕۆ , چاکسازی بواری ژیانی هەزاران کوردی دەرکراو لەلایەن ڕژێمەوە , هەروها ئەوانەش, کە لەئێرانەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان لەم ڕووەوە ئەوە زۆر گرنگە , کە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار توانی حکومەتێکی یاسایی درێژخایەن دروست بکا و کاری هەرێمەکە



www.kurdistannet.org

بگرێـتە بەردەست و گۆڕانكارییەكی مرۆڤایەتی ودیمۆكراسی و ئەزمونێكی پەسندو بەرێز بهێنێتە كاویە , ئەوەش نەك لەكوردستانی عێراقیدا بەڵكە لەهەموو پارچەكانی كوردستانی مەزنی ئەمە یەكەم جاری بوو.

ئـەو حكومەتـە زۆر بـە پەرۆشەوە منداڵەكانی پەروەردەو رۆشنبیر كردوە بە بیرو بۆچونی ئاشتی و ئاشتەوایی لەناو هەموو پارت و كەمایەتییە نەتەوەییەكان , رەگەز و ئاینیەكان تێكرا بەگشتی روە و بواری هەماهەنگی و هاوكاری گیانی برایەتی و پێكەوە ژیان و فـرە پارتـیەتی و بـەردەوامی چاكسـازییەكی باش لەهەموو بوارەكانی ژیاندا دەست پیٚ كردوە زۆر چالاكانە بەئەنجامیان گەیاند , كەهـەموو بوارەكـان لەلایەن حكومەتی ناوەندیەوە وێران كرا بوون لەچەند ساڵێكی لەمەوپێش, جگە لەپێكدادانی ناوخۆ, لەلایەك و لەگەل حكومەتی ناوەندیش لەلایەكی ترەوە .

مەبەسـتی ئـەم لێكۆلینەوەیە ئەوەیە : كەزانیارییە سەرەكیە گرنگەكان لەبارەی كوردستان و (ح . هـ . ك ) و باری ئابووریو ئەركی دەسـەلاتی ئـابووری بگاتـە بەردەسـت , هـەواڵێ تازەشمـان بـۆ بازرگان و كۆمپانیاكانی ولاٚتە ئەورووپیەكانیش ئەوەیە , كە هەرێمی كوردسـتان ولاٚتـێكی رێـك وپـێك و ئاسـایش و ئارامی بەتەواوی باڵی بەسەر راكێشاوە و لاٚتێكی دەوڵەمەندەو كاروباری بازرگانی زۆر بەئاسـانی تێیدا ئـەنجام ئـەدریٚ وقـازانجی باشـیش لـەبازرگانی كـردن لەگەلـیدا وەدەسـت دێـت و هەلـێكی زۆر بـاش و بەرفـراوان رەخسـاوە , بـۆ بازرگانیكردن لەگەلیدا, حكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو دەم ئامادەیە , بۆ هەموو هاریكاری و هەماهەنگییەك , زۆر بەدڵنـیانی, ئـەوەش گرنگە كە كۆمپانیا و بازرگانەكانی بیانی ئەوەش بزانن , كە حكومەتی هەرێم نوێنەری لەهەموو وولاتانی ئـەوروپی و رۆژ ئـاوادا هەیە نوێنەرایەتی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ئەوروپا و هەروەها لەئەمەریكا ئامادەن هەموو زانیاریەك پێش كەش بە بازرگانیەكان و كۆمپانیا و ئەو هاوولاٚتیانە بكەن , كە پێویستییان پیٚ هەیە .
مـیللەتی كـورد لـە كوردسـتانی عـێراق زۆر روو خـۆش و گەشـبینن و زۆر حـەز ئەكەن كە پەیوەندی بە بازرگانە بیانیەكان بكەن و لەگەڵـیان كۆبـبنـەوە و هاریكـاری و هەماهەنگیان لەگـەڵ بكەن و پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ ببەستن زۆربەی پەیوەندییەكانیش لەسەربنەمای پەیوەندی كەسایەتی پێك دێت بەردەوام ئەبێت و لەسەر شێوەی برایەتیو خۆشەویستی بەرێوە ئەچێت .

زۆربـەی بەرهەمـەكانی كوردسـتانی عـێراق ئەنـێردری بـۆ توركیا , ئـێران , عـێراق و سوریا .رێككەوتن و پەیمانە بازرگانیەكانی كە لەنـێوان بازرگانـە بـیانی و كوردەكـان چـەند زوو پـێك بێـت ئـەوەندە زیاتـر هەلی بازرگانی باش و مەزن ئەرەخسێنی بۆ بازارەكانی بازرگانی كوردستانی عیراق .
مەبەسـتێكی تـری گشـتی ئـەم لێكۆلیـنەوەش ئەوەیە كەزانیاری و سەرە هێڵەكانی ریٚ پێشاندان بۆ بازرگانی كردن لەگەڵ هەرێمی كوردسـتانی عـێراق , پـێش كـەش بـە كۆمپانـیا و بازارەكـانی ئـەوروپا و رۆژئـاوا بكـات , تابـتوانن كەرەسـە و كـەل وپـەل و پێداویسـتیەكان بنـێرن و بهێـنن بـۆ ئەم ولاٚتە تازەیە بەپیٚی بەرژەوەندیەكانی ئێستاو ئایندەیان , چونكە بازرگانیكردن لەگەلیاندا ئاسـانەو ( ح . هـ . ك ) هـەموو ئاسـانكارییەك پێشـكەش بەهـەموو ئـەو كەسـانە ئـەكات كـە بەرژەوەندیـیان هەیە بۆ بازرگانیكردن لەگەلیدا و ئەیانەویٚ ووزە و تواناو سەرمایەكەیان با بەشێك لەسەرمایەكەیان لەو ولاٚتە تازەدا بازرگانی پیٚ بكەن .



www.kurdistannet.org

**هاوپێچەکان**

**((ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان))**

**سزا نێو دەوڵەتییەکانی بە پێی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ لە ١٩٩٩/٤/٥**

**بڕیاری ١٩٩١/٦٨٨**

ئەم بڕیارە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە دانیشتنی ژمارە ٢٩٨٢ لە ١٩٩١/٤/٥ ئەنجام درا.

**ئە نجومەنی ئاسایش.**

بۆ ئاگاداری ئەرکەکانی ئەستۆمان و بەرپرسیارییەتیمان کەوا لە پەیمانی ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشان کراوە لە پێناو ئاشتی نێو دەوڵەتی دەوڵەتەکان لەسەری پێکهاتوون.

بە پێی بەندی ژمارە ٢ لە بەشی حەوتەم لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بە دڵگیرییەوە بە هۆی بایەخ دان بەو کارەساتەی کە دانیشتوانی عیراق لە زۆر بەشەکانی ئەم وولاتەدا تووشی هاتوون،لەوانەش هەرە دوایان ناوچەی کوردستانی عیراق بووە، کە بووە بە هۆی کۆچ کردنی بەکۆمەڵی زۆربەی میللەتی کورد ڕووەو سنوورەکان بڕۆن و بەناچاری یاساو ڕێساکانی سنووری نێو دەوڵەتی ببەزێنن کە ئەمەش لە ڕاستیدا ئەبێتە هۆی تێکدان و پێشێل کردنی یاسایی و ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە هەرێمەکەدا هەڕەشەی لێ دەکات ئەمەش بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی دانیشتوانێکی زۆری کورد لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا, وە هەوڵیان دەدات کە ویستویانە بچنە ئەم دەوڵەتانەوە بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان و وڵاتەکەیان بەجێ بڵێن هەروەها بۆ پەیرەوەچوون بە داواکانی نوێنەرانی تورکیاو فەرەنسا کە بەرز کرابوونەوە بۆ ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی لە ١٩٩١/٤/٢ ١٩٩١/٤/٤ یەك لە دوای یەك ئاماژە بە (بڕیاری (٢٢٤٤٢) . هەروەها بۆ بەدەنگە وەهاتنی نامەکان نوێنەری کۆمەڵەی بەردەوامی کۆماری اسلامی ئیران کە بەرز کرابۆوە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرواری ٣-٤-١٩٩١ یەك لە دوای یەك ئاماژەشی کردبوو بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٢٤٣٦) وە ژمارە (٢٢٤٤٧) بۆ جەخت کردنەوە لەسەر پاراستنی سەروەری دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها پاراستنی ڕیزی سنوورەکانی وە سەربەستی و ڕامیاری عیراق هەروەها سەرجەم دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە, هەروەها جگە لەوەش بۆ جێبەجێ کردنی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە بەروا ری ١٩٩١/٣/٢٠ ئاماژە بە (بڕیاری ژمارە (٢٣٣٦٦), نەتەوە یەکگرتووەکان.

١. ئێمە فشار خستنە سەر گەلی عیراق لە هەموو لایەکی عیراقدا بە تایبەتی ناوچەکانی کورد نشین بە تاوان دائەنێین، چونکە دەر ئەنجامی ئەم فشار و هەڕەشە و کوشتنی بە کۆمەڵە بووە هۆی هەڕەشە کردن لە ئاشتی و ئاسایشی هەرێمەکە.

٢. پێویستە لەسەر عیراق هاوکاری هەماهەنگی بکات بۆ بنبڕکردنی سەرجەم هەڕەشەکانی لە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە زۆر بە پەلە و بە گورجی, کۆتایی بهێنێ بەم شەڕو ئاژاوەیە, هەروەها هیوادار بن لە بارەیەوە دەرگای گفتوگۆ بخاتە سەر پشت و لەپێناوی دابین کردن و پاراستنی ڕامیاری سەرجەم هاوڵاتیانی عیراق و ڕێزی تەواویان لێ بگیرێت.

٣. عیراق دان بنێ بەوە کەوا ڕێگا ئەدات و ئاسانکاری پێشکەش ئەکات بە هەموو ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی یارمەتی و فریاکەوتن و کارگوزاری پێشکەش بکەن بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە پێویستییان پێیەتی لەسەرجەم ناوچەکانی عیراق و هەموو ئاسانکارییەکی بەم کارانە بخاتە بەردەست بەبێ گیروگرفت و ئاستەنگ.

٤. داوا بەرز دەکەینەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کەوا بە بەردەوامی بەدوای چەسپاندنی هەوڵە مرۆییەکان لە عیراقدا بچێتەوە. هەروەها ڕاپۆرتی بەردەوام پێشکەش بکات.هەروەها ئەگەر پێویست بوو لەسەر ئەم بنەمایانە



www.kurdistannet.org

نوێنەرانی تر ڕەوانە بکات بۆ ناوچەکە،بەپێی پێویستی هاوولاتیانی شارستانی،دانیشتوانی کورد بەتایبەتی ئەنالێنن بەدەست ئەشکەنجەی ڕژێم و دەسەلاتی عیراقییەوە.

٥. داوا دەکەین لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کەوا هەموو سەرچاوەکانی دەسەلاتی کەوا لەژێر دەستی دایە هەروەها لەژێردەستی ئاژانسەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دایە زۆر بەپەلە و بە پەرۆشەوە یارمەتی پێویست و پێداویستەکانی ئەم پەناهەندەو کۆچبەرانەو دانیشتوانی عیراق دابین بکەن.

٦. بانگەوازێك بکات بۆ سەرجەم دەوڵەتەکانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان و هەموو ڕێکخراوە مرۆییەکانی(شێوازی NGO – ناشێوازی LNGO ) کەوا هاریکاری و هەماهەنگی بکەن لە هاوبەشی کردنی مرۆڤایەتی بۆ ڕزگار کردنی کوردە لێقەوماوەکان.

٧. داوا لە عیراق بکرێت کە هەماهەنگی بکات لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەماهەنگی بکات لەپێناو جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستانە هەتا کۆتایی.

٨. ئەم بڕیارە پێویستە جێ بەجێ بکرێت بە پەلە.

<u>حەڤدەم</u> / جەخت کردنەوە.

چەقت ئەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم بڕیارەی سەرەوەی نێو دەوڵەتی کە باسمان کرد بە هیچ شێوەیەك کار ناکاتە سەر ئەرکەکانی پێویستی سەرشانی دەوڵەتی عیراق.

پێویستە عیراق پابەند بێت بە سەرجەم پەیمان و ڕێککەوتن و کارگوزەرییەکان کەوا لە ئەستۆیەتی.

هەروەها دانەوەی سەر جەم قەرزە بیانیەکان ، ئەم بڕیارە هیچ گۆڕانکارییەکی تیا ڕوو نادات ئەوەش بە پێی تەواوی بڕیارەکانی نێو دەوڵەتی.

ڕێبازی جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە کە باسمان کرد:–

<u>هەژدە:–</u> هەروەها جەخت ئەکەینەوە.

نابێت بە هیچ شێوەیەك ئەم بڕیارە بەوە سەیر بکرێت کە پێشێل کردنی سەروەری سەربەستی سنووری دەسەلاتی عیراقە.

<u>نۆزدەم:–</u> ئەم بڕیارە دەبێت جێ بەجێ بکرێت.

## ))<u>نەتەوە یەکگرتووەکان</u>((

بڕیاری ژمارە (٩٨٦) لەسەر / ١٩٩٥ لە ١٩٩٥/٤/١٤

**ئە نجوومەنی ئاسایش.**

ئەنجومەنی ئاسایش چاو ئەخشێنێتەوە بە سەرجەم بڕیارەکانی پێشووی, کەوا پابەند بە ژیان و خواردەمەنی پێویست و تەندروستی خەڵکانی عیراق و پێشوی ئەو هەڕەشانەی کەوا هاولاتیانی عیراق ئەتۆقێنێ.

لەسەر پلە و پێوەری پێداویستییە هەنووکەییەکان و مرۆییەکانی هاولاتیانی عیراق هەر لە خاڵی سەرەتاوە تا وەکو سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کە پەیوەندیان بەو بابەتە ناو براوە هەیە بە تەواوی جێ بەجێ بکرێت, لەوانەش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەچاوی جێ بەجێ کردنی بڕیاری ٦٨٧ ی ساڵی ١٩٩١ کە لە ١٩٩١/٤/٣ دەرچووە ئەبێت بە تەواوی جێ بەجێ بکرێت, ئەو بڕیارەش دەسەلات دەداتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی کەوا دەست بەکاربێت بەو دەسەلاتانەی کەوا سەرجەم توانای بڕیاردانی پێویستی ئەداتێ بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٦٦١) لەساڵی ١٩٩٠ کە لە بەرواری ١٩٩٠/٨/٦ بەپێی فەرمانڕەوای ئەم هەموو بڕیارانەی سەرەوە:–



www.kurdistannet.org

پێویسته زۆر به ڕەزامەندییەوە سەرجەم دابەش کردنی پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی و فریاگوزاری گشتی هاولاتیانی سەرتاپای عیراق به شێوەیەکی یەکسانی بێت.

جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەوا هەموو ئەو حکومەتانەی ئەندامن لە ڕێکخراوی نێە نەتەوەیی بەچاوی ڕێزەوە تەماشای سەروەری عیراق و ڕێزی سنوورەکەی دەگرن، به پێی فەرمانی بەشی حەوتەمی نێو نەتەوەیی ئەمانەی خوارەوە دەبێ جێ بەجێ بکرێت:—

یەکەم/ سەرجەم دەوڵەتەکان دەسەلاتیان پێ دراوە جگە لە فەرمانە ڕەواکانی بەشی / ژمارە ( ٣ أ ) ، ( ٣ ب ) هەروەها ژمارە ( ٤) لە بڕیاری نێو نەتەوەیی ٦٦١ / سالی ١٩٩٠ ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان پێوە هەیە ئەتوانن لە بەرهەمەکانی نەوتی عیراق بکڕن هەروەها هەموو کارو بارێکی دارایی گواستنەوە کۆگا کردن کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە جێ بەجێ بکەن بەپێی پێویست ، جا لەبەر ئەوە عیراق بۆی هەیە کەوا کۆی نرخی یەك بلیۆن دۆلاری ئەمریکی نەوت بەرهەم بهێنێ لەماوەی ٩٠ ڕۆژدا بەپێی فرمانی ئەم بڕیارە پێویستە پەیرەو بکرێت بۆ بابەت و ئەم بارو دۆخانەی لە خوارەوە دەست نیشان کراوە.

I. ڕەزامەندی لیژنەی بڕیاری جێبەجێ کردنی ژمارە (٦٦١ ) / ١٩٩٠ جێبەجێ بکرێت لە پێناو دابین کردنی شێوازێکی ڕێك و پێکی ڕوون و بێ شك بۆ ئەنجامدان و پێکهێنان و گونجاندنی سەرجەم فەرمانەکانی ئەم بڕیارە پاش ئەوەی کە ئەخرێتە بەردەم ئەو دەوڵەتەی کەوا پابەندە یان پێویستە جێبەجێی بکات ، بەتایبەتی حکومەتی عیراق،بۆ سەرجەم کڕینێك هی هەر جۆرێك(خەرج کردن ) کەوا بەرهەم دێت لە پارەی نەوت و بەرهەمەکانی نەوتی عیراقی.هەروەها وردەواتی ئەو کڕینە بە تێرو تەسەلی بخرێتە بەرچاو لەوانە نرخی سەردەمی بازاڕی نەوتەکە، ڕێگاو تێچوونی گواستنەوە هەناردنە دەرەوەی نامەی ئاگاداری بانك وەرگرتنە کۆی ئەو پارەی کەوا سکرتێری گشتی نێونەتەوەیی ئەیدات بەو خەرجییەی کەوا پێشنیار کراوە بەپێی ئەو بڕیارە.

هەروەها هەرشتێکی تر کە ڕاستەو خۆ پەیوەندی بە دارایی و ئابووری یاخود ناوەڕۆکی ئەم بڕیارەوە هەبێت.

II. شێوەی دانی پارەو هەموو خەرجییەك بۆ هەموو کڕینێکی نەوتی عیراقی و بەرهەمەکانی نەوتی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو کڕیارەوەیە کە لەو دەوڵەتەی کە دەیکڕێوە بڕی پارەکەی لە بانکەکانی ئەو وولاتەدا دابنرێ بەناوی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ئەمەشمان لەبیر نەچێت ئەم حساب و ڕەصیدە بەناوی سکرتێری گشتی ( وە پێش وەخت دەبێت دابمەزرێت).

دووەم: تورکیا دەسەلاتی بدرێتێ جگە لە دەسەلاتەکانی فەرمانی بەشی سێیەمی ( ٣ أ ، ٣ ب ) و ژمارە ( ٤ ) لە بڕیاری (٦٦١ )/ ١٩٩٠ ، هەروەها فەرمانەکانی ، بەشی یەکەم کە لە سەرەوە باسمان کرد،دەتوانێت نەوت و بەرهەمەکانی نەوتی عیراق بکرێت بە پێی پێویست پاش داشکاندنی ڕێژەی لەسەدای کەوا ئاماژەی پێکراوە لە بەشی ٨ /٢ لە خوارەوە بۆ قەرەبووکردنی قوربانییەکانی داگیرکردنی کوێت، ئەو بەشەش کەوا پێویستە بۆ گواستنەوەی نەوتەکە بە هۆی بۆرییەکانەوە،پاش ئەوەی هەڵئەسەنگێنرێ لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی سەربەست کە پێك دەهێنرێ لە شارەزامەندان و پسپۆرانی ئەم بوارە و لە بەشی ٦ ی ئەم بڕیارە باسکراوە لە خوارەوە ئنئەم لیژنەیەش تایبەتمەندە بە گواستنەوەی بەرهەمەکانی نەوت و نەوتی عیراقی لە بۆرییەکانی نەوتی نێوان کەرکوك —یومورتالیك کەوا لە بەشی (١) ی سەرەوەی ئەم بڕیارە تورکیا ڕێگای پێداوە.

.3بڕیار درا کە بەشی (١ ، ٢ )ی ئەم بڕیارە پیادە بکرێ بە پێی شێوازی کاتی پێوەری ڕۆژهەلاتی جیهان لەپاش یەك ڕۆژ لە دوای ئەوەی کەوا سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش ئاگاداری ئەندامەکانی ئەنجومەن ئەکەنەوە کە گوایە ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نێونەتەوەیی پێگەییوە.

٤. .بڕیارەکانی لەوە زیاتر لەگشت ئەنجامی پێداچوونەوەی هەموو ئاسۆکانی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لەماوەی ٩٠ ڕۆژ دا پاش پیادە کردنی بەشی یەکەمی ئەم بڕیارەی کە لەسەرەوە باسمان کرد هەروەها پێش وەخت کۆتایی دەستپێکردنی ١٨٠ ڕۆژی ئایندە، هەر بە گەیشتنی ڕاپۆرتەکانی کە ئاماژە دەکەن بۆ بەشەکانی ١١ —١٢ کە لە خوارەوە

www.kurdistannet.org

باسـی دەکـەین کـە هـەروەها باسـی نـیازو مەبەسـتەکانی ئـەم بەرنامەیـە ئەکا، پێش کۆتایی هاتنی ئەم فەیسەو دەست پـێکردنەوەی مـاوەی ١٨٠ ڕۆژی فەیسـی تازە. بۆ ئەوەی کە تازەکردنەوەی ماوەی پیادەکردنی ئەم بڕیارە بەگەن بکرێ پێویسـتە ئەو ڕپۆرتانە ئاماژە بە فەرمانەکانی ژمارە ١١ — ١٢ ی خوارەوە بکەن وە بە ئاشکراو ڕاشکاوانە بەوە بگەن کە بڕگەکانی ناوبراو بە تەواوی جێ بە جێ کراوە.

٥. .بـڕیارەکانی تـر لـە بـواری بەشـەکانی ئـەم بـڕیارە ئەوانـیش لەکاتـێکدا پـیادە ئەکـرێن لـە ئاینـدەدا()فرۆشتنی نەوت و بەرهەمـەکانی کـەوا لەلایـەن حکومـەتی عیراقـەوە ئەنێردرێـتە دەرەوە بـە هـۆی بۆری نەوتەکانی کەرکوک یا مورتالیك لە عیراقـەوە بـۆ تورکـیا لـە بـەندەری ئەلـبەکرەوە ، کـەوا بەندەرێکـە زیاتـر بـۆ نـەوت ناردنە دەرەوە بەکاردێت بە مەرجی ئـەوەی کـەوا ئـەو کارانـە بـە تێکراییبەردەسـتە بـۆ پشـکنین و سەرپەرشـتی و چـاودێری لەلایـەن ئـەو کاربەدەسـتە شـارەزایانەی کـەوا سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگـرتووەکان دایان ئەمەزرێنێ ، بۆ ئەو مەبەستەی کەوا لیژنەکە ئاگادار بکەنـەوە لـەو بـڕە نەوتـەو بەرهەمـەکانی نەوتی کە عیراق ئەینێرێتە دەرەوە هەر لە ڕۆژی دوای یەکەم ڕۆژی پیادەکردنی بەشـی یەکـەمی ئـەم بـڕیارە ، هـەروەها هەڵدەسـتن بە بەراورد کردنی نرخی کڕینی نەوت و بەرهەمەکانی نەوتەکە لەگەڵ نـرخی بـازاڕ بـۆ ئـەوەی دڵنـیا بـن کـە نـرخی فرۆشـتنەکە نرخـێکی گونجـاوە لەگـەڵ نـرخی ئـەو ڕۆژەی بـازاڕی نـەوت وبەرهەمەکانـیدا. هەروەها دڵنیا بن کەوا هەموو مەبەستەکانی فرۆشتنی نەوتەکە ئەو کارگوزاریانەی لەو پێناوە دا جێ بە جێ کراون کارێکی ئاسایی بوون. هەروەها بە ڕوونی دەست نیشانی ئەوە بکەن کەوا بەشی زۆری نەوتەکەو بەرهەمەکانی لە ڕێگای بۆریە نەوتەکانی کەرکووك یا مۆرتالێك نێر دراوە, ئەوە ماویشە لە ڕێگای بەکرەوو نێردراوەتەوە دەرەوە.

٦. .سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەککگرتووەکان داوا ئەکا کە حسابێك بکەنەوە لە بانقێکی دەست نیشان کراو دا بۆ مەبەستی کـارو بـاری خـەرجی پـارە دانـانی جـێ بـەجێ کردنی ئەم بڕیارە. لەم بوارەشدا ژمێریاری خاوەن بڕوا نامەکانی گشتی و سەربەخۆ کە پابەند نەبێ بە هیچ لایەکەوە.

٧. .هـەروەها بـە هـەمان شـێوە وورد بیـنن و کاربەدەسـتانی تر دادەنرێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانج و مەبەستەکانی ئەم بـڕیارە, نـابێ ئـەوەشمان لـە بـیر بچـێ کـەوا حکومـەتی عـیراق پێویسـتە ئاگادار بکرێـتەوە بـە بـەردەوامی بـە هـەموو زانیارییەکانی کە پێویستە لەگەڵ هەموو بڕیارەکانی لایەنەکانی کار کردن لەم بوارەدا.

٨. .ئـەو بڕیارانەش ئەدرێت کەوا پێویست ئەکات --- کە بەکار دێت بۆ خەرجی پێداویستە مرۆییەکانی دانیشتوانی عیراق هـەروەها پێداویسـتیەکانی تـر و کـارگوزاری هەمـە چەشـنەی تـر. هـەروەها داوا ئەکـرێ لـە سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگـرتووەکان کـە ئـەم داهـاتی نەوتـەی کۆدەبێـتەوە --- خـەرجی بکـات. لـە پێـناو مەبەسـتەکانی ئـەم بـڕیارە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

أ// خـەرجی هـەموو ئـەو کـەل و پـەل و کەرەسـەو تەنانـە کـە لـە لایـەن عـێراقەوە ئەهێنرێـتە وولاتـەوە بـە پـێی مەبەسـتەکان و مەرجـەکانی ئـەو لـێژنەیەی کـە دامـەزراوە بـە بـڕیاری ژمـارە ٦٦١/١٩٩١ بـە تایبـەتی داودەرمـان, پێداویسـتیەکانی تەندروسـتی, کەرەسـەی خواردەمـەنی. کـەل و پەلـەکانی کـە پێویسـتن بۆ پێداویستیەکانی هاولاتیان هەروەك ئاماژەی پێ نەکراوە لە بەشی ٢٠ بڕیاری ژمارە ٦٨٧/١٩٩١ کەوا ئەڵێ:-

١. هەموو ئەو کەل و پەلانەی ئەهێنرێتە عێراقەوە ئەبێ بە پێی داواکانی حکومەتی عێراق بن.
٢. عـێراق بە تەواوی دەستە بەرەی ئەوە ئەکات کەوا هەموو ئەو کەل و پەلانەی کە ئەهێنرێتە عێراقەوە بە یەکسانی دابەش ئەکـرێن لەسـەر بـناماکانی نەخشـەیەکی داڕێـژراو بـە ڕەزامـەندی سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگـرتووەکان, ئـەوەش ئەگرێـتەوە کـە ئەبێت لیسـتی ڕوونکـردنەوەی ئـەو کـەل و پـەل و خواردەمەنـیانەی کـراون هاوپـێچ بێـت لەگـەڵ هەموو ڕەزامەندییەکانی سکرتێری گشتی.

٣.  سـكرتێری گشـتی نەتەوە یەكگرتووەكان بە تەواوی ئاگادار ئەكرێنەوە كەوا هەموو ئەو كەل و پەل و پێداویستیانەی كەوا كڕاون و نێردراون بۆ عیراق تێكڕا گەیشتوونەتە عیراق.

ب// بۆ جـێ بـەجێ كـردنی تـەواوی, پشـكنین و پێداچـوونەوەی لـە كـاتی بـارو دۆخـە نـا ئاساییەكانە و بە باشی ئەزانین لەو سێ پارێـزگایانەی كـە لـە خـوارەوە باسـی ئەكـەین, دابەشكردنی كەل و پەل و كەرەسە و پێداویستیەكان لە لایەن حكومەتی عیراقەوە بـێ. بـۆ هـەموو ئـەو كـەل و پەلانـەی كـەوا بـە پـێی ئـەم بـڕیارە كـەوا ئەهێنرێن و ئەگرێن, ئەوەش بۆ مەبەستی ئەوەی كەوا ئەو پێداویسـتیە مـرۆیانەی دانیشـتوانی عیراق ئەكرێن ئەهێنرێن بە شێوەیەكی یەكسانی لە هەموو ناوچەكانی عێراقدا دابەش بكرێن. بۆ هـەموو وولاٌتەكـە بـە تـێكرایی ١٣٠ – ١٥٠ ملـیۆن دولاری ئەمـریكی هەموو ٩٠ ڕۆژێك پرۆگرامێكی مرۆیانە لەلایەن داموو دەزگاكانی نەتەوە یەكگرتووەكان ئەنجام ئەدرێ,

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كەوا سەروەری سنوری عێراق لە سێ پارێزگاكەی سەروی عێراق كە بریتین:–

دهۆك, هەولێر, سلێمانی .

ئـەوەش جگـە لـە وەی كـە ئەگـەر داهاتی نەوت و بەرهەمەكانی لەو ماوەی ٩٠ ڕۆژەدا كە ئەفرۆشرێ كەمتر نەبن لەلاەین ١,٠٠٠,٠٠٠ مـیلۆن دۆلاری ئەمـریكی لەو كاتانەدا سكرتێری گشتی بۆی هەیە ڕێژەیەكی كەمتر لەوەی كە دیاری كراوە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بكات.

ج// سـكرتێری گشـتی بـۆی هەیـە كـەوا بـڕی پـارەی قـەربوو بـە پـێی ڕێـژەی دەسـت نیشان كراو داشكێنێ لە حساباتی ئەو بڕە پارەیـەی كـەوا بڕیار درابوو لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایش نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەشی دووەمی بڕیاری ژمارە ٧٠٥ / ١٩٩١ لەم بەرواری ١٩٩١/٨/١٥.

د// بـۆ ئـەوەی پـارەی تـێ چـوونی كـار و بـاری پشـكنینی سەر بەخۆی نەتەوە یەكگرتووەكان و داموو دەزگاكان و فەرمانبەران و هەموو ئەو خەرجیانەی كە پەیوەندیان بە ئەنجام گەیاندنی كاروباری پێداویستی ئەم بڕیارەوە هەیە.

ی// ئـەو خەرجـیانەی كە پێویستە بۆ جێ بەجێ كردنی كارو بارەكانی كەوا لە ڕێگای كەسانێك ئەكرێ بە عموولەیەكی تایبەت جێ بـە جـێ ئەكرێ هەروەها ئەو كارو بارانەی كەوا بە پێی بڕگەی ( ج ) لەم بڕیارە خراوەتە ئەستۆی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ ئەنجام دانی بڕیاری ژمارە ( ٦٨٧ / ١٩٩١ ) .

ف // بـۆ ئـەوەی هـەموو خەرجـیە شیاوەكان بدرێت لەكاتی خۆیدا جگە لە خەرجییەكانی كەوا لە عیراقدا ئەدرێن . ئەوانەش وەك ئـەو خەرجـیانەی كـەوا لـێژنەی كـاری سەرپەرشـتی بە شیاوی دەزانێت بۆ مەبەستی ئەنجامدانی كارەكانی بڕیاری ژمارە ( ٦٦١ / ١٩٩٠ ) ئـەو خەرجـیـانە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەستراوون بە ناردنە دەرەوەی بەرهەمی نەوت و بەرهەمی نەوتی عیراقی بە پێی بەشـی یەكـەمی بـڕیاری ناوبـراو مۆڵـەتی پـێدراوە كـە عیراق ئەنجامی بدات ، هەروەها ئەو چالاكیانەی كەوا ڕاستەخۆ پێویستن بۆ ئـەنجامدانی ئەو مەبەستە ، ئەو پارچە یەدەگانەی ئامێر و ئەو ئامێرانەی كەوا مۆڵەت دراوون بە پێی بەشی نوێ ی ئەو بڕیارەی لە خوارەوە باس كراوە.

س // نـزیكەی دە ملـیۆن دۆلاری ئەمـریكی هەموو ڕۆژێك لە ژمێریاری داهاتی نەوتی خاو دا ئەشكێنرێت بۆ ئەنجامدانی ئەوكارانەی لە بەشی شەشەمی بڕیاری ژمارە ٧٧٨ / ١٩٩٢ كە لە ١٩٩٢/١٠/٢ دەركراوە .

9//هەموو دەولەتەكانی كە ئەندامن لەناو نەتەوەیەكگرتووەكاندا دەسەلاتییان پێ دراوە جگە لەو دەسەلاتانەی كە لەمەو پێش بە پێی بڕگەكانی بەشی (٣ – ج ) لەم بڕیارەی ژمارە ٦٦١ / ١٩٩٠ پێیان دراوە ئەو دەسەلاتانەش ئەمانەی خوارەوەن :_

I.  هـەناردنی هـەموو ئامـێرو پارچـەی یـەدەگی ئـەو ئامـێرانەی كە زۆر پێویستن بۆ كاروباری ئەنجامدانی تەواو ڕێك و پێكی سیسـتەمی بـۆڕی نەوتـەكانی كـەركوك مۆرتالـیك بـۆ نـاردنی ئـەو كەرەسـانە بـۆ عـیراق لـە لایـەن هـەموو ئەندامـەكانی نێودەولەتیـیەوە ئـەبێ گرنگیـیەكی پێشـەنگی پێـبدرێ . پێویسـتە هـەموو هەناردنـێك ڕەزامـەندی لـێژنەی چـاودێری و

سەرپەرشتی لەگەڵدا هاوپێچ بێ ، مەبەستمان لەو لیژنەی ناوبراوە لێژنەی بریاری ٦٦١ /١٩٩٠ لەگەڵ هەموو گرێ بەندی هەناردن دا بێ .

II. هەمو چالاکییە پێویستە ڕاستەخۆکان کە پێویستن بۆ هەناردنی کەرەسەی کەل و پەل ئەوانە سەرجەم بە برگەی لاوەکی(ا) سەرەوە مۆڵەت دراوون و دەسەلاتی پێ بەخشراوە لەوانەش گواستنەوەی پوول و دراو کە پابەندن بەو خەرجییانەی کە پێوستن بۆ ئەو مەبەستە .

/10بریار درا کە لەبەر ئەوەی خەرجی تێچوونی هەناردنە دەرەوەو چالاکییەکان بە پێی ئەو دەسەلاتەی کە لە بەشی نوێ ی سەرەوە هەروەها لە برگەی چواری ئەم بریارەی ٦٦١ / ١٩٩٠ جگە لە برگەی ( ١١ ) بریاری ٧٧٨ /١١٩١ ئەمانە هەمووی لە پارەی دەست بەسەرگیراوی پارەی عیراق دەبێ کەوا بە پێی فەرمانەکانی ئەو بریارە ناوبراوانەی پێشوو دابین کراوە ، خەرجی هەناردنە دەرەوەو ئەو چالاکییانە کە لە هەمان کاتیشدا ئەتوانرێ کاتێك بدرێ کەوا داهاتی نەوت و بەرهەمەکانی نەوتی عیراقی کۆ ئەبێتەوە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەو بریارە. ئەمەش لە دوای پرامەندی لێژنەی بریاری ٦٦١ / ١٩٩٠ لەسەر هەموو دانەکارێك وەردەگیرێ جگە لە نامەکانی ئاگادار کردنەوەی برِی پارەی بانك کەوا را ئەکێشرێ لە برِی پارەی داهاتی فرۆشتنی نەوت و بەرهەمەکانی کە ئەو داهاتەش ئەبێ لە بانکێك دا کە دەستنیشان کراوە بەتایبەتی بۆ وەرگرتن و مامەڵە کردنی ئەو داهاتە .

/11داوا لە سکرتێری ئەکرێت کەوا راپۆرتێك پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە دوای (٩٠) رۆژ بەسەر رابردنی یەکەم رۆژی بەرواری پێداکردنی بریاری ناوبراو (بەشی یەکەم بریارەکە) کەوا کارو چالاکیەکان هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بەرون و ئاشکرا پیشان بدات پێویستە کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی تەواوی ئەو کار و چالاکیانە بکەن کە لە هەموو (١٨٠) رۆژێکدا بە ئەنجام ئەگەیەنێت, لە رێگای دەزگای تایبەتی خۆی لەناو عێراقدا. بە هاریکاری راوێژکاری لەگەڵ خودی حکومەتی عراقدا بۆ ئەوەی تەواو دڵنیا بن حکومەتی عراقە بە شێوەیەکی یەکسانی هەموو کەل و پەل و کەرستەو تەنەکانی دابەش کردووە بەسەر ملەتدا بە شێوەیەکی راست و دوست و یەکسانی لەو کەرسانەش بە تایبەتی داو و دەرمانی تەندروستی پێداویستیەکانی تەندروستی , خۆراك و خواردەمەنی کەل و پەلی پر کەرەستەی پێداویستی ژیان لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانی سەرەکی و مرۆی و هاولآتیان کەوا بە پارەی داهاتی نەوت و بەرهەمەکانی نەوت کراوە بە پێ ی برگەی (٨) کە لەسەرەوە باسمان کرد هەروەها ئەو راپۆرتانە پێویستە ئاماژە بە سەرنجەکانی هەموو کەم و کورِی و رووی گەشی پیادە کردنی ئەم بریارە پیشان بدات هەروەها دەبێت ئاماژەش بەوە بکات کە ئایا پێداویستە مرۆیەکانی عیراق تا چ پلەیەك بە ئەنجام گەیشتون وە ئایا توانای عراق لە چ پلەیەك دایە لە بواری هەناردنە دەرەوەی برە نەوت و بەرهەمەکانی هەروەها بواری بەرهەم هێنانی نەوت برِی ئەو نەوتە کە لە چ ئاستێك دایە بەو شێوەیە کەوا لە برگەی یەکەم لەم بریارە ئاماژەی بۆ کراوە, داوا لە لێژنەی بریاری (٦٦١)/١٩٩٠) ئەکرێت کەوا زۆر لە نزیکەوە هاریکاری و هەوا هەنگی بکات لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی شێوازی رێبازی پێویست و چالاك بۆ جێ بەجێ کردنی سەرجەم ئەرکەکانی کەوا لە برگەکانی ٩,٨,٦,٢,١ لەگەڵ برگەی (١٠) یانە پرۆژەی ئەنجام دانی ئەم بریارە پێویستە راپۆرتێك بەرزبکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێو نەتەوەیی لە ماوەی (٩) رۆژدا لە دوای بەسەر چوونی رۆژی یەکەمی پیادە کردنی برگەی ژمارە(١) کەوا لەسەرەوە باسمان کرد هەتاوەکو بە تەواوی ئەگاتەوە رۆژی سەرەتای دەست پێ کردنەوەی ماوەی (١٨٠) رۆژی تازە لەو راپۆرتەدا بەروونی و ئاشکرا باسی بواری ئاشتی و چۆنیەتی بەرێوەبردن, جێ بەجێ کردنی کارەکان و رێکخستن و پێشەوە چونیان دەست نیشان دەکات لەگەڵ دیاری کردنی سەرجەم کەم و کوریەکان و بیرو بۆ چوونەکان.

//13داوا دەکرێت لە سکرتێری گشتی سەرجەم ئەم کارانە ئەنجام دەدات کە پێویستە بۆ دابین کردنی میکانزمێکی (رێبان)ێکی چالاك و توند و تۆڵ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بریارە, دەسەڵاتی پێ دراوە کە سەرجەم کاروبارەکان رێك بخات وە هەموو کردارێك کار بکات کە پێویستی دەزانن لەم پێناوەدا. هەروەها رێکەوتنامە پەیمان ئەنجام بدات هەروەها لە هەر کاتێدا بە پێویستی زانی

www.kurdistannet.org

دەتوانێت راپۆرت بەرزبکاتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دەربرینی بیر و باوەڕەکانی خۆی لەم بارەوە ئەوە جگە لەم راپۆرتانەی کە لەمەو پێش ئاماژەمان پێ کردبوو.

//14ئەبێت نەوت و بەرهەمەکانی کە بە پێی ئەم بڕیارە بەرهەم دێت لە عێراقدا بە ناوی نەوتی عراقیەوە بە شێوەیەکی یاسایەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان :

### سەرچاوەکانی /کەبەزمانی ئینگلیزی چاپکراون :-


سیامند بەنا , ساڵی ۲۰۰۱, ناوچە پارێزراوەکە . بەریتانیا.

چالیات جیرارد ,۱۹۷۸, گەلی بێ نیشتمان, زید ( ZED – لەندەن – بەریتانیا )

غەریب , ئەدمۆند ,۱۹۸۱ , کێشەی کورد لەعێراقدا . سیداکۆس پرێس و نیویۆرای – ئەمریکا .

دکتور قاسملو عبدالرحمن ,۱۹٦٥, کوردو کوردستان / کۆلێتس – لندن – بەریتانیا .

ئیزادی میهرداد /۱۹۹۲ – رەگ درەسەنایەتی کوردەکان/ تابلۆر – واشنتن – ئەمریکا .

کرینبرۆك فلیپ ج – ۱۹۹۲ / پێداچونەوەیەکی گشتی کورد/ رۆتلێخ – بەریتانیا .

ماکدونالد دەیڤید/۱۹۹۲ / کوردەکان ئەوگەلەی هەولی سڕانەوەی دراوە , – MRG لندن – بەریتانیا .

دکتور – شفیق قەزاز – ۲۰۰۱ / پێشبینی بۆ هاو جەشنی سەدام حسین لەعیراقدا – لەدێمانەیەکی رۆژنامە نوسیدا – واشنتن – ئەمریکا .

پرۆفیسۆر – لێری کارۆڵ /۲۰۰۱/بۆ وولاتی دژەفرین – بەلێ کوردستان هەرێمی دیموکراسی – رۆژنامەی واشنتن بۆست/ بەرواری / ۲۰۰۱/۷/۱٥/ واشنتن/ ئەمریکا .

سارالینین مەلێ – /۱۹۹٦ – کوردستان – فنلەندە/ وەزارەتی دەرەوەی فنلەندە ٤ – V1 هێلسنکی .

یاسین برهان الدین – – 1955 – A خەیاڵ , پاراستی زانکۆی ( (LUND چاپخانەی زانکۆ – لەند (. Lund)

(GBSR)مەکتەبی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ توێژینەوەو لێکۆلینەوە (ساڵی /۱۹۹۸ / لەپەرتوکی/ کورتە باسێکی ئابوری ودارایی / جیوگرافی ومێژووی کوردستانی هەولێر – کوردستانی عیراق).

بابەتەکانی کۆنفرانسی (پ. د . ك) لە ۱۷–۲۰۰۰/٤/۱۸

لێکۆلینەوەی پێناسەی کورد – نیویۆرك.

کوردستان نیوس / رۆژنامەیەکی مانگانەیە / کردستان .

کوردستان تودەلی / ( ح . ه . ك ) ستوکهۆلم – سوید .


...................................................

### ئەو سەرچاوانەی /بەزمانی کوردی چاپکراون

– سەرچاوەکان ( کتێب و گۆڤارەکان ) بە زمانی کوردی :


۱– جەزا تۆفیق تالیب, ۱۹۹۹, بایەخی جیوپۆلیتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عیراق, سولەیمانی , بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی, کوردستان.




www.kurdistannet.org

٢– دکتۆر عەبدولا غەفوور, ٢٠٠٠, جوگرافیای کوردستان,دەزگای موکریان, هەولێر, کوردستان.
٣= دەزگای سەنتەری برایەتی,١٩٩٩ , جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق, هەولێر , کوردستان.
٤– ئەنجوومەنی وەزیرانی حوکمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق, ٢٠٠١, ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ساڵێکدا, چالاکیەکانی کابینەی چوارەم لە ساڵی ٢٠٠٠ داو پلانەکانی بۆ داهاتوو, دەزگای ئاراس, هەولێر , کوردستان.
٥– مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق, ١٩٩٧, نەوتی کوردستانی عێراق, بەشی یەکەم و دووهەم, ژمارە ٣١ وە ٣٢, هەولێر ,کوردستان.
٦– گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی , ١٩٩٩, ژمارە ١ وە ٢ , سولەیمانی , کوردستان.

– سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:
١– رسالە الماجستیر: کولدران عبدالرحیم , ١٩٩٩, واقع النشاگ التجاری فی اقلیم کوردستان– العراق, جامعە صلاح الدین, کلیە الادارە والاقتصاد, اربیل, کوردستان.
٢– رسالە ماجستیر: نوزاد محمد حسن, ١٩٩٢, واقع وافاق التنمیە الصناعیە فی منگقە کردستان للحکم الزاتی, جامعە صلاح لدین ,اربیل, کوردستان.

سەنتەری برایەتی – پەرتوکی ژمارە /٣/جیوگرافی هەرێمی کوردستانی عیراق/ هەولێر/کوردستان/١٩٩٩.
غەفور عبداللە – جیۆگرافی کوردستان – دەزگای موکریانی
(ح . هـ . ك ) هەولێر – کوردستان /٢٠٠٠.
ئاودانکردنەوەی کوردستان / چالاکیەکان و نەخشەوپلانەکانی ئایندەی کوردستان لەلایەن ( ح . هـ . ك) سەنتەری رۆشنبیری ئاراس , هەولێر – کوردستان .
جەزا توفیق غالب ,١٩٩٥ گرنگی شوێنی جیوگرافی هەرێمی کوردستانی عیراق / سولەیمانی/ کوردستان .
( (GBSR نەوتی کوردستانی عیراق – هەولێر – کوردستان .
سەنتەری لێکۆلێنەوەی دورخایەن/ژمارە/٢٤ , ٢٦ , ١٩٩٩/٣٣ سولەیمانی / کوردستان .
.......................................................

**سەرچاوەکانی کە بەزمانی عەرەبی چاپکراون**
گوڵدێران عەزیز , نامەی ماجستێر لە زانکۆی سەلاحەدین , کۆلیژی ئابووری, ١٩٩٨ ,
چالاکی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عیراق (١٩٩٣ – ١٩٩٨)
زانکۆی سەلاحالدین – هەولێر – کوردستان ( بۆ مەسەلەی هەندێك ئامارو چالاکی بازرگانی هەرێمی کوردستان هەندێك سوودم لێوەرگرتووە.)
.
.........................................



www.kurdistannet.org

**سەرچاوە چاپ نەکراوەکان ( سەرچاوەکانی ئینتەرنێت ):**

**کەم وزۆر سوودم لەو سەرچاوانە وەرگرتووە بۆ بە ئە نجامدانی ئەم کتێبەم.**

www.kdp.pp.se
www.krg.org
www.kurdish.com
www.kurdistan.Ws/education
www.un.org
www.kdp.ankara.kurdland
www.fas.org/news/iraq
www.krds.net
www.kurdistan–ParLament.org
www.members.aol.Com/krg site

**ناونیشانی نووسەر لە فینلەندا:**
Writer’s Address:
Khasro Pirbal
Vuoksenk 6 –B-15
15100 Lahti
Finland
Tel:: 00 35850 3204815
Telefax : 00358 3 7807 672
Pirbal@hotmail.com

## هاوپێچەکان

هاوپێچی ژمارە ١ نەخشەکانی بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستانی عیراق .

هاوپێچی ژمارە ٢ کیلگە وبۆریە نەوتەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق .

هاوپێچی ژمارە ٣ بیرو بۆریە نەوتەکانی کوردستانی عیراق .

هاوپێچی ژمارە ٤ بریاری نێو دەوڵەتی ژمارە /٩٨٦ ((UNSCR-986)).

هاوپێچی ژمارە ٥ نەخشەکانی بەرێوەبردنی عیراق – بەپێ راپۆرتەکانی نێودەولەتی (UN ).



www.kurdistannet.org

هاوپێچی ژماره ٦ ئەلف وبای زمانی کوردی .

هاوپێچی ژماره ٧ دانیشتوانی کوردستان .

هاوپێچی ژماره ٨ رامیاری تواندنەوەی کوردوبەعەرەب کردنی کورد لەکوردستانی عیراقدا .

هاوپێچی ژماره ٩ نەخشەی هەرێمی کوردستانی عیڕاق.

هاوپێچی ژماره ١٠ حکومەتی هەرێمی کورد لە ساڵی/٢٠٠١ .

هاوپێچی ژماره ١١ بریاری سزاکانی نیودەولەتی ( (UNلەسەر عیراق (بریاری / ٩٨٦).

www.kurdistannet.org